
FILTER WATCH



# بەرنامەکانی خامۆشی

www.irandarkhamooshi.net

ایران در خاموشی

فیلتر سان


ایران در خاموشی

# پێشەکی

دوایین نوێکردنەوە:: ۱۴۰۱/۰۷/۲۵

بەخێر بێن بۆ "ئێران لە خامۆشی دا"،
پلان ئەوەیە ماڵپەڕی 'ئێران لە خامۆشی دا' هاوکاریی ئێوە بکات تاوەکو پێش ئەوەی درەنگ بێت خۆتان بۆ بڕینی ئینتەرنێت، یان کێشە چاوەڕوانکراوەکان لە ئینتەرنێت دا ئامادە بکەن.
ماوەیەکی زۆرە لێکۆڵەرەوان هۆشداری دەدەن لەبارەی توانایی دەوڵەتی ئێران بۆ سنوردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت. ئێران بە بەرەوپێشبردنی پرۆژەیەک بە ناوی پارێزگاریکردن لە فەزای مەجازی (تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکان) و لە ڕێگەی دانانی ناوەڕۆک و خزمەتگوزاریی سەرەکی لەسەر تۆڕی نیشتمانیی زانیاری (یان هەمان ئینتەرنێتی نیشتمانی)، سەرقاڵی دروستکردنی ژێرخانی پێویستە بۆ بڕینی پەیوەندیی بەکارهێنەران لەگەڵ تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت دا.
گەلاڕێزانی ۱۳۹۸ (نۆڤەمبەری ۲۰۱۷) دەوڵەتی ئێران بۆ یەکەمینجار ئەو توانایی خۆی لەو ئاستەدا نیشان دا، لە کاردانەوە بەرامبەر بە شەپۆلی نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە وڵات دا، بە نزیکەیی ئێران ڕوبەڕوی بڕینی ئینتەرنێتی تەواوەتی بوویەوە، کە سوڕی زانیاری لە دەرەوە بۆ ناو وڵات و لە وڵاتەوە بۆ دەرەوە زۆر بە چڕی سنووردار کرا.
لە ۲۵ - ۲٤ی گەلاڕێزان دا دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی بە شێوەیەکی بەرفراوان پچڕێنرا. ئەو بڕینە تەواوەتییەی ئینتەرنێت بۆ ماوەی یەک هەفتە درێژەی هەبوو، لە ۲ - ای سەرماوەز بە دوا، بەشێکی کەم و سنووردار لە پەیوەندیی ئینتەرنێت لە زۆربەی پارێزگاکان دا و (نەک هەموویان) دەستپێکردەوە.
لە کاتی بڕانی ئینتەرنێت دا بە نزیکەیی تەواوەوە، پەیوەندی لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنە باوەکانی گواستنەوەی پەیام و زانیاری، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە ڕێگەی ئینتەرنێتی جیهانی، یان بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک و زانیاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا ئەستەم بوو.
ئەو بڕین و پچڕانەی ئینتەرنێت، مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی پێشێل کرد، ژیانی خەڵکی پەکخست و زیانێکی زۆری بە ئابووریی دیجیتاڵی گەیاند.
لەو کاتەوە، بە گواستنەوەی سێرڤەری فەرمانگەکانی حکومەت، بانکەکان و کار و کەسابەتی دیجیتاڵ بۆ سەر سێرڤەری ناوخۆیی، پشتیوانی و بەهێزکردنی ئەپڵیکەیشنەکان و ئەپەکانی گواستنەوەی پەیام و زانیاریی بەرهەمهاتووی ناوخۆیی و بەخشین و دیاریکردنی پاکێج و بەستەی هاندان بۆ بەکارهێنەران لەسەر پانیی هێڵی ناوخۆ بە مەبەستی ئاراستەکردنی ڕەفتاری بەکارهێنەران، توانایی دەسەڵاتی لە بڕینی ئینتەرنێت دا زیاتر کرد و بڕینی ئینتەرنێتی جیهانیشی کەم تێچووتر و ئاسانتر کرد.
هاوکات لەگەڵ بەرفراوانبوونی نارەزایەتییە مەدەنی و بژێوییەکان، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ئێران بەلانیکەمەوە حەوت جاری تر و بۆ ماوە و کاتی جیاواز ڕووبەڕووی بڕینی ئینتەرنێت کرانەوە:
لە بەفرانباری ساڵی ۱۳۹۸ (ژانڤیەی ۲۰۲۰) بۆ ماوەی ۱۵ خولەک و بە شێوەی سەرتاسەری، پوشپەڕی ساڵی ۱۳۹۹ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە شاری بەهبەهان، ڕەشەمەی ۱۳۹۹ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان، جۆزەردانی ساڵی ۱۴۰۰ بۆ ماوەی ۱ ڕۆژ لە یاسوج، پوشپەڕی ۱۴۰۰ بۆ ماوەی ٦ ررۆژ لە پارێزگای خوزستان، گەلاڕێزانی ۱۴۰۰ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە شاری ئەهواز و گەلاڕێزانی ۱۴۰۰ بۆ ماوەی ۱ ڕۆژ لە ئیسفەهان.
هەروەها لە خاکەلێوەی ۱۴۰۱ دا و لە کاتی نارەزایەتییەکانی خوزستان دا ئینتەرنێت لە سەرتاسەری ئەو پارێزگایەدا تووشی کێشەی بەرفراوان بوویەوە، کە بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێتیشی تێکەوت.
ئەگەری ئەوە هەیە بە ئاسانی ئەو ڕووداوانە دووبارە ببنەوە. بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران لە ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک ئامادەی دووبارە بڕینی ئینتەرنێتن لە ئێران دا، کەواتە گرنگە ئێوە بۆ ئەو ڕووداو و پێشهاتە ئامادە بن. بێگومان ئامادەگیی زیاتری خەڵک کاریگەریی ئەو ڕووداوە کەمتر دەکاتەوە.

ایران در خاموشی




# ناساندنی بەرنامەکان بۆ کاتی بڕینی ئینتەرنێت


"ئێران لە خامۆشی دا" چوار پاکێج و بەرنامەی بۆ کاتی بڕینی ئینتەرنێت ئامادە کردووە، کە دەتوانن لە شوێنێکی پارێزراودا دانلۆدی بکەن و لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا بەکاری بهێنن.
زۆربەی ئەم بەرنامانە لەو تەکنەلۆژیایانە سوود وەردەگرن، کە هێشتا نویێ و نا ئاشنان و لە دۆخی ڕاستەقینە و واقع دا تاقی نەکراونەتەوە. بەو هۆیەوە ناتوانرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و ڕوون پێشنیازی ئەوە بکرێت، لە دۆخێکدا، کە پەیوەندیی ئینتەرنێتی سنووردار دەکرێت، یان بە تەواوەتی دەبڕدرێت، کام یەک لەو بەرنامانە بە باشی کار دەکات.
ئێمە هەوڵ دەدەین لەم بەشەدا خاڵی بەهێز و توانایی ئەو بەرنامانە بناسێنن و لە هەمان کاتدا مەترسییە ئەمنی و نەناسراوەکانی بەشێک لەو بەرنامانە دیاری بکەین.
ئەو چوار بەرنامەیە بریتین لە بەرنامەکانی ڕۆژانە، بەرنامەی کێشە لە ئینتەرنێت دا، بەرنامەی بڕینی ئینتەرنێت و بەرنامەی خامۆشیی تەواو. لە ڕێگەی ئەم چوار بەرنامەیەوە دەتوانن سوود لەو بەرنامانە وەربگرن، کە لە ئێستادا بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی ڕۆژانە، لە کاتی بڕینی بەشێک لە ئینتەرنێت، یان بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت دا بەکاری بهێنن.



پاکێجی بەرنامەی ڕۆژانە بەرنامەی ڕۆژانە بریتییە لەو بەرنامانە، کە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەیە و ئێوە دەتوانن بۆ پارێزراوبوونی نامەکان و پەیوەندییەکانی خۆتان، یان شکاندن و تێپەڕاندنی فلیتەرە باوەکان، هەروەها بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ناوی خۆتان لە دونیای ئۆنلاین دا بەکاریان بهێنن، بەڵام دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، کە زۆرێک لە بەرنامەکانی ئەم پاکێجە (بەستە) لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا کاریگەر نین.



پاکێجی کێشە لە ئینتەرنێت دا دەتوانن پاکێجی بەرنامەکانی کێشە لە ئینتەرنێت دا لە کاتی دروستبوونی کێشە لە پەیوەندیی ئینتەرنێتیی خۆتان دا بەکار بهێنن. بەرنامەکانی ئەم پاکێجە بە جۆرێک دروستکراون، کە ڕێگە بە ئێوە دەدەن تاوەکو بتوانیت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاک بیت و هەر لەگەڵ کۆنێکت بوون بە ئینتەرنێتەوە زانیاری و هەواڵەکان بە بەردەنگەکان و هاوڕێکانتان بگەیەنن.



پاکێجی بڕینی ئینتەرنێت پاکێجی بڕینی ئینتەرنێت ئەو بەرنامانەی تیادایە، کە لە کاتی بڕینی درێژخایەنی ئینتەرنێت دا وەک ئەوەی لە گەڵاڕێزانی ١٣٩٨دا ڕوویدا، بەکاری بهێنن. لەم بوارەدا و بە تایبەت کاتێک دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی سنوردار دەکرێت، ئینتەرنێتی نیشتمانی لە بەردەستدایە. بەرنامەکانی ئەم پاکێجە ڕێگا بە ئێوە دەدات تاوەکو لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا لە پەیوەندیدا بمێننەوە و دەستتان بە زانیارییەکان بگات.




پاکێجی خامۆشی ئینتەرنێت پاکێجی خامۆشیی تەواوەتی بەرنامەیەکە، کە ئەگەر و توانایی ئەوە هەیە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا و کاتێکیش، کە تەنانەت تۆڕی ئینتەرنێتی نیشتمانی سنووردار کراوە، ئێوە دەتوانن بەکاری بهێنن.


ئەگەری ئەوە هەیە شێوازی کارکردن بە بەشێک لەم بەرنامانە ئاسان نەبێت و ئێوە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی پارێزراو و کاریگەر سوودی لێوەربگرن، پێویستیتان بە رێنمانیی و ڕوونکردنەوە دەبێت. بۆ ئەوەش ئێمە ئەو ڕێنمایی و ڕونکردنەوانەی، کە لە ئێستادا لە بەردەستدان، بۆ ئێوەمان کۆکردووەتەوە.

"ئێران لە خامۆشی دا" لە چەند مانگی داهاتودا ڕێنمایی زیاتر بۆ ئامادەبوون لە بەرامبەر بڕینی ئینتەرنێت دا بڵاودەکاتەوە.

جەخت دەکەینەوە، ئەو بەرنامانەی لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە ئەو بەرنامانەن، کە لێکۆڵەرەوانمان بە باشترین و کاریگەرترین شێوازەکانی دەزانن بۆ دروستکردنی پەیوەندی و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا.

تکایە سەرنجتان لەسەر ئەوە بێت، کە لەوانەیە هەموو ئەم برنامانە لە بواری پاراستنی ئاسایشی دیجیتاڵ، نەناسراوبوونتان و پارێزگاریکردن لە سنووری تایبەتی ئێوە بە باشی کار نەکەن. ئێمە ئەو بەرنامانەمان دیاری کردووە، کە مەترسیی نەپارێزراوبوون و پارێزگاری نەکردن لە ئاسایشی سنووری تایبەتی ئێوەیان تیادایە. رێنمایشمان ئەوەیە، لە کاتی قەیران دا بە خۆپارێزیی زۆرەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بەکاریان بهێنن. ئەگەر ئێوە ئەم بەرنامانەتان بەکارهێناوە، یان ئەگەر خۆتان لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە دەکەن، بە پەرۆشییەوە خۆشحاڵ دەبین، کە بۆچوونی ئێوە لەبارەی ئاسایش و کارامەبوونی ئەو بەرنامانە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ببیستین. دەتوانن بۆچوونەکانی خۆتان لە بەشی ئەزمونەکانی ئێوەدا لەگەڵ ئێمە هاوبەشی پێ بکەن.





# لەبارەی ئێمەوە

## "ئێران لە خامۆشی دا" چییە؟

ئەگەر دەتەوێت لە کاتی بڕانی ئینتەرنێت دا پەیوەندیی خۆت لەگەڵ بەردەنگەکان، هاوڕێیان و دونیای دەرەوەدا هەبێت، زۆر گرنگە پێشوەختە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت.
کاتێک پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ ئینتەرنێتی جیهانیدا پچڕاوە، بژارەکانی بەردەستتان زۆر سنووردارتر دەبن. ئیدی ناکرێت بەرنامەیەک یان ئەپڵیکەیشنێک دانلۆد بکەیت، یان لەسەر ئینتەرنێت بە دوای ڕێنماییەکانی پێویست بۆ پەیوەندی دروستکردن بگەڕێیت.
ئەگەر دەتەوێت پەیوەندیی خۆتان بپارێزن دەبێت لە ئێستاوە دەست بە پلاندانان بکەن.
گروپی "ئێران لە خامۆشی دا" هەوڵی داوە تاوەکو ئەو بەرنامانە بدۆزێتەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لە کاتی پچڕان، یان کێشە لە ئینتەرنێت دا بەردەوام و بەرقەرارن. ئێمە ئەم بەرنامانەمان لە چوارچێوەی چوار پاکێج و بەستەدا بە مەبەستی بەکارهێنان لە چوار پێگەی جیاوازادا پێشکەش دەکەین.
هەڵبەت لە ئاکامدا تێکڕای ئەو بەرنامانە بە شێوەی کامڵ کاریگەری و کاراییان نابێت، هەموویان بۆ بەکارهێنان لە کاتی بڕانی ئینتەرنێت دا لە ئێران گونجاو نابن و ئێمە لە مەترسییەکان و نیگەرانییەکانی پەیوەندیدار بەم بەرنامانەوە – لە هەر شوێنێکدا ئەو مەترسیانەمان بۆ بناسرێتەوە – دەستنیشانیان دەکەین.
بۆ ئەمەش ماڵپەڕی ئێران لە خامۆشی دا شێوەی کارو ڕێنماییە ئاسان و سادەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو بەرنامانە کۆکردووەتەوە و لە مانگەکانی داهاتودا ڕێنمایی زیاتر بۆ خۆ ئامادەکردن لە بەرامبەر بڕانی ئینتەرنێت دا بڵاو دەکاتەوە. هەروەها هەندێکجار ئەم پاکێج و بەستانە نوێ و ئابدەیت دەکرێنەوە تاوەکو نوێترین ڤێرژن لە بەرنامە پێشنیازکراوەکان پێشکەش بکات، یان بەرنامەی نوێیان پێ زیاد بکات. هەروەها ئێمە هەموو پاکێجەکانی ماڵپەڕەکە لە یەک شوێن دا لە پاکێجی بەرنامەی ئۆفلاین دا بۆ سەر زمانی گەلانی تری دانیشتوی ئێران لەوانە بەلوچی، تورکی، کوردی و عەرەبی وەردەگێڕین تاوەکو ئەم بەرنامانە لە هەموو شوێنێکی ئێران دا لە بەردەستی بەکارهێنەران دا بێت.
ئەگەر پێتانخۆش بێت و ئامادە بن لەبارەی هەر یەک لەو بەرنامانە، کە "ئێران لە خامۆشی دا" پێشکەشیان دەکات، کاردانەوە و بۆچوونی خۆتان بە ئێمە ڕابگەیەنن، زۆر سوپاسی هاکارییەکەی ئێوە دەکەین. ئێوە دەتوانن بۆچوونەکانی خۆتان بە بەشی ئەزموونەکانی ئێوە زیاد بکەن.


هەروەها ئێمە کتێبخانەیەک لە سەرچاوەکان لە بەشی ناوەندیی زانیارییەکان دەخەینە بەردەستتان، کە لە بواری رێگاکانی بەرنامەدانان بۆ کاتی بەرلە کێشە و کەمبوونەوەی کاریگەریی برین و کێشەی ئینتەرنێت هاوکاریتان بکات. ناوەندی سەرچاوەکان، دەرەنجامی کاری ژمارەیەک لە پسپۆڕان و دامەزراوە ئاسایشیەکانی دیجیتاڵە، کە لە یەک شوێن دا کۆکراونەتەوە تاوەکو رێنمایی گرنگ لەبارەی ئەوەی، کە چۆن ئاسایشی خۆتان بپارێزن و لە هەمان کاتدا لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا چۆن دەستتان بە زانیارییەکان و کەسەکان بگات، پێشکەشی ئێوەی دەکات.
هەروەها لەم بەشەدا بۆ هەر بەرنامەیەک، کە لە پاکێجی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ماڵپەڕەکەدا دەناسێنرێنەوە، رێنماییەک بۆ راهێنان و فێرکردنی سادەی دابەزاندن و بەکارهێنان ڕەچاو کراوە تاوەکو لەو رێگەیەوە هەموو کەسێک بە هەر ئاستێکەوە لە زانیاری و ئاگایی لەسەر دیجیتاڵ، بتوانێت کاتی خامۆشی و کوژانەوەی ئینتەرنێت دا سوودیان لێوەربگرێت و بەکاریان بهێنێت.

## بۆچی بڕینی ئینتەرنێت مەترسیدارە؟

پچڕاندنی ئینتەرنێت و دروستکردنی کێشە تیایدا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی و ڕیشەیی مافەکانی مرۆڤ لە دونیای ئۆنلاین و هەم لە دونیای ڕاستەقینەدا پێشێل دەکات.
جگە لەوەش بڕینی ئینتەرنێت پەردەیەکی تاریک بۆ سنووردارکردنی مافە بنەڕەتییەکانی ئازادیی ڕادەربڕینی هاووڵاتییان دروست دەکات، کە لەو دیو ئەوەوە، سەرکوت، دەستگیرکردن و توندوتیژیی دەوڵەتی، کە لە دونیای ڕاستەقینەدا ڕوو دەدەن، دەشاردرێتەوە.
ئەمجۆرە لە پەلاماردان و سەرپێچی لە پشت ئەو پەردە تاریکەوە ڕوودەدەن، بەبێ ئەوەی هاووڵاتییان بتوانن ئەوانە بسەلمێنن، یان لە دونیای ئۆنلاین دا بڵاویان بکەنەوە و یان ئەوانە وەک بەڵگەیەک بەکاربهێنن تاوەکو بەرپرسان ناچار بە وەڵامدانەوە بکرێن.

## پرۆژەی "ئێران لە خامۆشی دا" لەلایەن چ کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێت؟

ئێران لە خامۆشی پرۆژەیەکە، رێکخراوی میان گروپ بەڕێوەی دەبات. ئەم ماڵپەڕە بۆ یەکەمجار لەلایەن رێکخراوی Small Media (میدیای بچووک) دامەزراوە.
ئەم پرۆژەیە ئەستەم بوو بەبێ پشتیوانی و هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانی ئەم بوارە بەدیبهاتایە و ئێمە سوپاسی هاوکارانمان لە "پس کوچە"، "توشە" و "فمینیست اسپکتروم" لەگەڵ ژماریەکی زۆر کەسی تردا دەکەین، کە بەشدارییان لەوم پرۆژەیەدا کردووە.



# پاکێجی ڕۆژانە

نابێت ئێوە تەنها لە کاتە هەستیار و قەیراناوییەکاندا نیگەرانی ئاسایشی دیجیتاڵ و سنووری تایبەتی خۆتان ببن. لە پاکێجی ڕۆژانەی ئێمەدا ڕێنمایی لەبارەی چۆنیەتیی کارکردن بە چەند بەرنامەیەک هەیە، کە دەتوانن بۆ هەمیشە و نە تەنها لە کاتی دروستبوونی کێشە لە ئینتەرنێتدا، بەڵکو بۆ کاروباری ڕۆژانەتان سوودی لێوەربگرن.
ئەو بەرنامانە بریتین لە ئەپڵیکەیشنەکانی گەیاندن و ناردنی پەیامەکان، کە بۆ پارێزگاری لە گفتوگۆکانی ئێوە لە بەرامبەر بە دەزگاکانی گوێلێگرتنی دەوڵەت و کۆمپانیا ئەهلییەکان دا دروستکراون؛ هەروەها ڤی پی ئێن (VPN) و پرۆکسیەکان دەتوانن لە پاراستنی ئاسایشی ئێوەدا لە دونیای ئۆنلاینو تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەرەکانی دەوڵەت دا سوودیان هەبێت.
هەمیشە ئەوەتان لە یاد بێت، کە بەکارهێنانی ئەو بەرنامانە لە کاتێکدا، کە بەرپرسانی حکومەت ئەوانە لەسەر مۆبایل و ئامێرەکانی تری ئێوەدا بدۆزنەوە، دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی گومان و ئێوە بخاتە مەترسییەوە، کەواتە دەبێت بە خۆپارێزی و وریاییەوە بەکاریان بهێنن.
ئێمە ڕێنمایی گرنگمان لەبارەی لێکدانەوە و دیاریکردنی مەترسییەکانی دونیای ئۆنلاین هەیە، کە هاوکاریی ئێوە دەکات تاوەکو ڕێوشوێنی ئەمنی و ئاسایشیی گونجاو بۆ خۆتان هەڵبژێرن. زۆر جەخت لەوە دەکەینەوە، کە ئەم ڕێبەرە پێش درێژەدان بەم بابەتە بخوێننەوە.

## ئەپڵیکەیشنەکانی گەیاندن و ناردنی پەیام - بە شێوەیەکی پارێزراو گفتوگۆ و نامە گۆڕینەوە بکەن!

چەند بابەتێکی ڕیشەیی و سەرەکی هەیە، کە دەبێت هەموومان بۆ پارێزگاری لە خۆمان، دۆستان و بنەماڵەکانمان ڕەچاویان بکەین. گرنگترین (و سادەترین) کار، کە ئێوە دەتوانن هەر ئەمڕۆ ئەنجامی بدەن تاوەکو خۆتان و هەموو ئەو کەسانەی لە پەیوەندیدان لەگەڵیاندا بیانپارێزن، ئەوەیە کە ئەپڵکەیشنێکی گەیاندن و ناردنی پەیامی جێگە متمانە، کە توانایی دانانی کۆد و ڕەمزی سەرتاسەری هەبێت دانلۆد بکەن.
بکارهێنانی ئەو جۆرە ئەپڵیکەیشنانە بۆ ناردنی پەیام و نامەکان باشترین ڕێگایە بۆ زۆرترین کەمکردنەوەی مەترسییەکان، کە کەسی سییەم بیەوێت چاودێریی پەیوەندیەکانی ئێوە بکات، یان ڕێگری لە ناردنی ڤیدیۆ و پەیامەکانتان بکات بۆ کەسانی تر.
باشترین بژارەکان بۆ ئێوە...
"سینگاڵ" برواپێکراوترین بژارەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی پەیوەندییەکنی ئێوە و ئێمە زۆر جەخت لەوە دەکەینەوە، کە ئەم ئەپڵیکەیشنە دابەزێنن و بۆ گەیاندن و ناردنی پەیامە ڕۆژانەکانتان بەکاری بهێنن. کارکردن بەم ئەپڵیکەیشنە زۆر سادە و ئاسانە، زۆربەی پسپۆڕانی ئاسایشی دیجیتاڵ پشتڕاستیان کردووەتەوە و هەروەها ئەپڵیکەیشنی هەڵبژێردراوی ئێدوارد سنۆدن لەقاودەر و پەردە لە ڕوو هەڵماڵی ئەمریکییە.
بۆ زانینی وردەکاریی زیاتر لە بارەی ئەو ئەپڵیکەیشنەوە و شێوەی دابەزاندن و دانلۆکردنی کلیک لەسەر لینکی خوارەوە بکەن.

# Signal

Android | iOS | Windows | Linux

"سیگناڵ" ئەپڵیکەیشنێکی گەیاندن و ناردنی پەیامە، کە توانایی دانانی کۆدی سەرتاریی E2EE هەیە، کە لە سیستەمانی iOS ، ئەندرۆید، ویندۆز و لینۆکس دا کار دەکات. ئەو ئەپڵیکەشینە خۆڕایی و بێبەرامبەرە و وەک یەکێک لە پارێزراوترین ئەپڵیکەیشنەکانی گەیاندن و ناردنی پەیام لەلایەن دامەزراوەکانی وەک Electronic Frontier Foundation و Access Now پێشنیاز دەکرێت.
ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕێگا بە بەکارهێنەرەکانی دەدات تاوەکو پەیامی ڤیدیۆیی، دەنگ، نووسین و وێنە بە شێوەی گروپی و کۆدکراو بۆ یەکتر بنێرن. هەروەها دەرفەتی پەیوەندییە تەلەفونییەکان بە توانایی کۆدکردنی سەرتاسەرییەوە بۆ بەکارهێنەرانی "سیگناڵ" هەیە.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئێوە دەتوانن "سگناڵ لەسەر سیستمی ئەندرۆید و iOS و بە سوودوەرگرتن لەو لینکانەی سەرەوە بە خێرایی دانلۆد بکەن. کارکردن بەم ئەپڵیەیشنە زۆر سادە و ئاسانە. کاتێک ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە داوا لە ئێوە دەکرێت تاوەکو ژمارە تەلەفونی خۆتان لە ڕێگەی کۆدێکی شەش ژمارەییەوە پشتڕاست بکەنەوە، کە ئەو کۆدە بە نامەی ئێس ئێم ئێس بۆ ئێوە دێت.
کاتێک ئەو کارەتان ئەنجامدا، دەستبەجێ دەتونن پەیام و نامە گۆڕینەوەکانتان لەگەڵ هەر یەک لە کانتێکت (هاوبەش)ەکانی خۆت دەستپێبکەیت – بەڵام بەو مەرجە هاوبەشەکەت و بەرەدەنگەکەت ئەپڵیکەیشنی سیگناڵی دانلۆد کردبێت -.
لە خاکەلێوەی ١٤٠١دا توانایییەکی نوێ بە سینگاڵ زیاد کرا، کە لە ئەگەری گۆڕینی سیم کارت دا پێویست بە دووبارە دابەزاندنەوەی بەرنامەکە نییە و ئەپڵیکەیشنەکە بە هەمان ئەو زانیارییانەی پێشترەوە بە ژمارە تازەکە بەکار دەهێنرێتەوە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکانی

سیستمی کۆدکراوی "سینگاڵ" زۆر دڵنیاکەرەوە و جێگای متمانەیە، ئەو ئەپڵیکەیشنە هەڵبژاردەی ئێدوارد سنۆدنە.
سیگناڵ تەنها پەیامەکانی ئێوە ناکات بە کۆد، بەڵکو مێتاداتاکانیشتان (زانیارییە وردەکان) دەشارێتەوە تاوەکو دڵنیابنەوە، کە هیچ کەسێک و تەنانەت خودی سینگاڵیش، یان هەر کەسێکی تر، کە هەوڵ بدات تاوەکو ڕێگری لە ناردن و گەیاندنی پەیامەکانی ئێوە بکات، نەتوانێت نێرەر و وەرگری پەیامەکان بناسێت.
هەروەها سیگناڵ ئەپڵیکەیشنێکی دەق کراوەیە، واتە کۆدەکەی بۆ بینینی هەموان و ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بیشکێنن لە بەردەستدایە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ هەرگیز پرۆتۆکۆڵی کۆدکراوی سیگناڵ نەشێکنراوە. سینگاڵ داتا و زانیارییەکانی ئێوە و هیچ کەسێکی دیکە کۆناکاتەوە و هاوبەشییان لەگەڵ کەس و شوێنی تردا پێ ناکات.
هەروەها ئەم ئەپڵیکەیشنە لە پووشپەڕی ١٤٠٠ بە داوە لەلایەن پرۆکسیەکانی تایبەت بە خۆیەوە پاڵپشتی دەکرێت. بۆ دەستڕاگەیشتن بە پرۆکسیەکان دەتوانن لە تویتەردا بە دوای هاشتاگی #IRanASignalProxy بگەڕێن. .

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

"سیگناڵ" ژمارە تەلەفونەکەی ئێوە بۆ تۆمارکردن و هەروەها بۆ ناسینەوە و کۆددانان بۆ ناسینەوەی خۆتان بەکار دەهێنێت. لەبەر ئەوەش دەبێت ئاگادار بن، کە ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها بۆ پەیوەندیی لەگەڵ کانتێکتە (بەردەنگ و هاوبەش)ە برواپێکراو و جێ متمانەکانی خۆتان بەکار بهێنن.
ئەگەر بڕیارتان دا "سیگناڵ" وەک ئەپڵیکەیشنێکی گریمانەکراو بۆ نامە ناردن و پەیام گۆڕینەوە بەکار بهێنن، دەبێت ئەوەتان لە بیر بێت، پەیامەکانی ئێوە لە کاتێکدا کۆدیان بۆ دادەنرێت، کە وەرگریش ئەپڵیکەیشنی سیگناڵی لەسەر موبایلەکەی خۆی دابەزاندبێت. نمونەیەکی دیکە ئەوەیە، کە "سیگناڵ" تەنها لە کاتی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت بەکار دەهێنرێت. هەر چەند بەرنامەیەکی زۆر باش و بەرزە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە، بەڵام لە ئەگەری پچڕانی ئینتەرنێت دا کارایییەکی زۆری نابێت.

**دانلۆد و دابەزاندنی ئەم ئەپڵیکەیشنە
بۆ بەکارهێنان لە داهاتودا لە بەرچاو بگرن.**

دوو ئەپڵیکەیشنی "برایر" و "جەیمی" بۆ ناردن و گەیاندنی پەیام و نامەن و پاڵپشتن بە سیستمی کۆدکراوی سەرتاسەرییەوە و پشتبەستوو بە تەکنەلۆژیای هاوتا بۆ هاوتا (peer-to-peer) دروستکراوە و ئەگەر پێشبینی دەکەن، کە ئەگەری ئەوە هەیە کێشەی وەک کۆنێکت بە ئینتەرنێت (لە پچڕانی ئینتەرنێتەوە تاوەکو بۆ نمونە وافای لاواز لە کۆنفرانسێکی قەرەباڵغ دا) بۆ ئێوە دروست دەبێت، ئەوانە بژارەی باشن.
هەڵبەت ئەگەری ئەوە زیاترە، کە کارکردن بە "سیگناڵ" بۆ بەکارهێنانی رۆژانە و پەیوەندی لەگەڵ دۆستان و بنەماڵە ئاسانتر بێت. دەتوانیت لەبارەی ئەم ئەپڵیکەیشنانەوە لەم لینکەی خوارەوەدا زیاتر بخوێنیتەوە.



# Jami

Android | iOS | Windows | Linux

"جەیمی" پلاتفۆرمێکی خۆڕاییە بۆ پەیوەندی و پەیام گۆڕینەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات ناسنامە و شوناس و سنووری تایبەتیی بەکارهێنەرەکانی دەپارێزێت. "جەیمی" سیستمی کۆدانانی سەرتاسەریی هەیە و بە شێوەی هاوتا بۆ هاوتا کار دەکات، کەواتە پێویستی بە سێرڤەرێکی ناوەندی بۆ گواستنەوەی زانیاری و پەیام لە نێوان بەکارهێنەردا نییە.
لەبەر ئەوەش ئەو بەکارهێنەرانە، کە لەسەر تۆڕی لۆکاڵ و خۆجێی دان (بۆ نمونە، تۆڕێکی وای فای گشتی بە بێ دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت)، دەبێت بتوانن لە ڕێگەی "جەیمی"یەوە پەیوەندی لەگەڵ یەک دا ببەستن، تەنانەت ئەگەر بە ئینتەرنێتیشەوە کۆنێکت نەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئەم ئەپڵیکەیشنە لە ئەندرۆید دا لە گۆگڵ پلەی، و بۆ iOS لە ئەپڵ ستۆردا دانلۆد دەکرێت. دەشتوانن ڤێرژنی تایبەت بە دیسکتۆپیش (ماک، ویندۆز و لینۆکس) لە خودی ماڵپەڕی "جەیمی" دا دانلۆد بکەن. بۆ دروستکردنی ئەژمار و ئەکاونتی جەیمی پێویستی بە نووسینی هیچ یەک لە زانیاری و تایبەتمەندییە کەسیەکانتان، یان ژمارەی تەلەفونەکەتان نییە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

جگە لە دروستکردنی پەیوەندیی پارێزراو، "جەیمی" پەیوەندیی ڤیدیۆیی و کۆنفرانس بە کوالیتیی ئێچ دی پێشکەش دەکات، بەڵام کوالیتیی ئەو پەیوەندییانە پەیوەندییان بە کوالیتیی ئەو ئینتەرنێتەوە هەیە، کە ئێوە بەکاری دەهێنن.
بەهۆی توانایی ناردنی پەیام لە ڕێگەی تۆڕەکانی وای فای-یەوە دەتوانن لە کاتی بڕینی کاتیی ئینتەرنێت (و تەنانەت بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت) دا بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کانتێکتدانەدا (بەردەنگ و هاوبەش)ەکانتان، کە لە نزیک ئێوەدان، کاریگەر و کارا کار بکات. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە "جەیمی" بتوانێت لە کاتی سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی دا بە شێوەیەکی دڵنیاکەرەوە کار بکات، بەڵام تەنها بەو مەرجەی ئینتەرنێتی نیشتمانی لە بەردەست و لە کاردا بێت.
دەبێت لەوە ئاگادار بن، کە توێژەرەوەکانی ئێمە ناتوانن بە شێوەی سەربەخۆ ئەو زانیارییانە پشتڕاست بکەنەوە، کەواتە ناتوانن لەبارەی توانایی و کارایی ئەو ئەپڵیکەیشنەوە لەو بارودۆخانەدا بە شێوەی دڵنیاکەرەوە بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو. تاقیکردنەوەکان و بینینی نمونەی زیاتر بۆ ئەم کارە پێویستە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

بە پێچەوانەی بەشێک لە ئەپڵیکەیشنەکان، کە لەسەر بنەمای تۆڕی ڕایەڵەیی **meshnet-based** بەرنامەڕێژییان بۆ کراوە، "جەیمی" توانایی بەکارهێنانی بلوتوسی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی تردا نییە. دروستکردنی پەیوەندیی ئۆفلاین لەگەڵ کانتێکتەکاندا، پێویستیی بە کۆنێکتی هەر دوو لایەنەوە هەیە بە تۆڕێکی ئینتەرنێتی هاوبەشی لۆکاڵی و خۆجێیەوە.
هەروەها ئەندازیارانی ئەو ئەپڵیکەیشنە ڕێگایەکیان بۆ داوای لە ناوبردنی تەواوەتیی زانیارییەکان لە بەرچاو نەگرتووە.

# Briar

Android | F-Droid app

"برایر" ئەپڵیکەیشنێکە بۆ ناردن و گەیاندنی پەیامەکان، کە بۆ بەکارهێنانی چالاکوانان، ڕۆژنامەنووسان و هەموو کەسێکی دیکە، کە پێویستییان بە دروستکردنی پەیوەندی لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا هەبێت، بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە. بە پێچەوانەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی باو، "برایر" پشتبەستووە نییە بە سێرڤەرێکی ناوەندییەوە، پەیامەکان بە سوودوەرگرتن لە تۆڕێکی ڕایەڵەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئامێرەکانی بەکارهێنەران دا هاوکات کراو، یان هەمان synchronized دەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەکارهێنەران دەتوانن "برایر" بۆ ئەندرۆید لە پلەی ستۆر گۆگڵ، F-Droid یان، لە ماڵپەڕی برایر-ەوە دانلۆد بکەن.

## باشی و تایبەتمەندییەکانی

"برایر" دەتوانێت بە شێوەیەکی دڵنیابەخش کار بکات بۆ هاوبەشیکردنی پەیامە گرنگەکان لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە متمانەت پێیان هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ڕێگاتان پێ دەدات تاوەکو هاوبەشی بە داتا و زانیارییەکانت لەگەڵ لیستی بەردەنگەکان (کانتێکت)تەکانتدا بە شێوەیەکی پارێزراوبکەیت. هەڵبەت پێویستتان بەوە دەبێت، کە کەسی وەرگر لە سنووری بلوتوس، یان لەسەر تۆڕی وای فای هاوبەش دا بێت.

جگە لە تواناکانی گفتوگۆکردنی سەرتاسەری، تایبەتی و گروپی، "برایر" ئەو توانایی و دەرفەتەش بە ئێوە دەدات، تاوەکوژووری گفتوگۆ و بلاگ دروست بکەن، کە دروستکردنی پەیوەندیتان لەگەڵ چەندین گروپی جۆراوجۆر و جیاوازدا بۆ مەیسەر دەکات، تەنات لە کاتی بڕینی ئینتەرنێتیشدا توانایی هاوبەشیکردن و نوێکردنەوە و ئابدەیتی هەیە.

ژوورەکانی گفتوگۆ، گفتوگۆی تایبەت نین، بە پێچەوانەی گروپە تایبەتەکانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەشدارییان تیادا بکات و دەتوانێت بەردەنگەکانی خۆی بانگهێشتی ژوورەکە بکات. هاوکات بلاگەکان دەرفەتی پۆستکردن و هاوبەشیکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئابدەیتەکان بۆ هەموو بەردەنگەکانت فەراهەم دەکەن.

"برایر" هەروەها بە ئەپڵیکەیشنی "دوگمەی هۆشدار" Ripple تەیار کراوە، کە دەتوانێت برایر بشارێتەوە، یان لە کاتێکدا، کە نیگەرانی ئەوە بیت، کە ئەژمارەکەت لە ژێر چاودێریدایە، کە ئەژمارەکەت لە ژێر چاودێریدایە، یان دەستی بەسەردا گیراوە، دەتوانێت خۆی بە شێوەیەک پۆلێنبەندی بکات، کە ئەژمارەکە و مێژووی پەیامەکان بسڕێتەوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەڵبەت ئەم ئەپڵیکەیشنە هەندێک کێشەشی هەیە. هەندێک ڕاپۆرت لەبارەی کێشەی دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی بلوتوسەوە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا بە دەستمان گەیشتوە، بەڵام گروپی "برایر" سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەن.

لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا، ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت کارایی هەبێت، کە بەکارهێنەرانی لە سنووری بلوتوس و وای فای یەکتردا بن.

کێشەیەکی دیکەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەوەیە، کە تاوەکو ژمارەیەکی زۆر لە کەسکان دەست بە بەکارهێنانی "برایر" نەکەن، ناتوانێت لە کاتی بڕینی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دا هەموو تواناییەکانی خۆی بخاتەکار و کاریگەر بێت. بۆ ئەوەی "برایر" بتوانێت ببێت بە ئەپڵیکەیشنێکی ناردن و گەیاندنی بەهێزی پەیامەکان و بکرێتە شوێنگرەوەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی پەیام، دەبێت ژمارەیەکی بەرفراوان لە بەکارهێنەران کاری پێ بکەن.

## بەرنامەی تێپەڕاندن

هەر کەسێک بیەوێت دەستی بە ماڵپەڕە فلیتەرکراوەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی دا بگات، ئەو پرسیارەی بۆ هاتووەتە پێش، کە دەبێت کام ڤی پی ئێن هەڵبژێرێت. ئەمانە ئەو بەرنامانەن، کە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ناوەرۆکی فیلتەرکراوەکان سوودی بۆ ئێوە دەبێت و هەروەها پەیوەندی و کۆنێکتبوونی ئێوە دەکات بە کۆد تاوەکو بەرامبەر بە چاودێرانی دەرەکی پارێزراو بن.
هاوڕێکانمان لە "پس کوچە" دا لیستێکی زۆر باشیان لە بەرنامەکانی تێپەڕاندنی فیلتەرەکان لەگەڵ خستنەڕووی زانیاریی ورد و تەواو لەبارەی باشی و خراپییەکانی ئەو بەرنامانەوە کۆکردووەتەوە. ئەوەی ئێوە بە دوایدا دەگەڕێن، ئەگەر لە لیستەکەی ئێمەدا نەتاندۆزییەوە، دەتوانن لە "پس کوچە" دا زانیاریی زۆرتر لەبارەی بەرنامەکانی تێپەڕاندنەوە بەدەست بهێنن.
تیمەکەی ئێمە ئەوەی بە باش زانیوە، کە نمونەکانی خوارەوە کاریگەرترین و بڕواپێکراوترین بەرنامەکانن بۆ تێپەڕاندنی سانسۆری باو و ڕۆژانە. هەموو ئەو نمونانەی کە لێرەدا کۆمان کردوونەتەوە وەک بەرنامەی پارێزگاری لە ناسنامەی ئێوە و سنووری تایبەتی ئێوە بەرنامەڕێژییان بۆ نەکراوە، کەواتە دەتوانن ڕوونکردنەوەکان لەبارەی هەر یەک لەو بەرنامانەوە بخوێننەوە بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان ئەم بەرنامانەتان بۆ ڕوون بێتەوە تاوەکو بتوانن ئاسایشی ئۆنلاینی خۆتان بپارێزن.



Psiphon

Android | iOS | Windows | Android direct source

"سایفۆن" بەرنامەیەکە بۆ تێپەڕاندنی فلیتەر، کە لە تەکنەلۆژیای ڤی پی ئێن، ئێس ئێس ئێچ و ئێچ تی تی پی سوودی وەرگرتووە تاوەکو دەستڕاگەیشتنی بەبێ سانسۆر بە ناوەرۆکی ئینتەرنێت بۆ ئێوە دەستەبەر بکات. ئەم ئەپڵیکەیشنە بە شێوەی ئۆتۆماتیک خاڵ و شوێنی دەستڕاگەیشتنی نوێ دەدۆزێتەوە تاوەکو توانایی تێپەڕاندنی فلیتەرەکان بۆ ئێوە زیاتر بکات.

## بەکارهێنانی ئاسان

کارکردن بە "سایفۆن" زۆر ئاسانە. تەنها پێویست دەکات، بەرنامەکە لە ڕێگەی یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە لە ئامێرەکەی خۆت دا دانلۆد و دواتریش بەرنامەکە بخەیتە کار. دوای خستنەکاری بەرنامەکە، ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە و لە "connect" دەدەیت تاوەکو "سایفۆن" لەسەر ئامێرەکەتان چالاک بێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"سایفۆن" پێشینەیەکی درێژی لە تێپەڕاندنی سانسۆری ئینتەرنێت لە ئێران دا هەیە و هەر لەو پێناوەدا توانا و کارایی خۆی بۆ تێپەڕاندنی فلیتەر پاراستوە.

هەر چەند لە کاتی ڕوودانی کێشە لە ئینتەرنێت دا، یان لە کاتی بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت دا لە توانایەکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام بەشێکی کەم لە بەرکاهێنەرانی "سایفۆن" ڕاپۆرتیان داوە، کە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت لە گەڵاڕێزانی ١٣٩٨ دا دەستیان بە ناوەرۆکی ئینتەرنێتی جیهانی گەیشتووە. بەپێی توێژینەوە وردەکانی خودی "سایفۆن"یش زانیاریی ئەو ڕاپۆرتانە پشتڕاستکراونەتەوە.

لە ڤێرژنی ٥٠ و بەرەوژوورتری ئەندرۆید بەرنامەی تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەر لەلایەن سایفۆنەوە، بژاردەی ناچالاککردنی ئەو بەرنامانەی بۆ فەراهەم کردوون، کە نەتانەوێت بە تونێلی سایفۆن دا تێپەڕن.

بەمشێوەیە دەتوانن ئەم فیلتەر شکێنە هۆشمەندانەتر و دیاریکراوانەتر بەکاربهێنن و ڕێگریش لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتی زیادە بکەن و بەوەش دەست بە ئینتەرنێتەکەتانەوە بگرن.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئەگەر دەتانەوێت دەستتان بە زانیاریی هەستیار بگات و بڵاویان بکەنەوە، نابێت تەنها پشت بەم ئەپڵیکەیشنە ببەستن.

هەر چەند بەبەکارهێنانی "سایفۆن"، ISP ی ئێوە توانایی بینینی ئەو ناوەرۆکەی نابێت، کە ئاڵۆگۆڕی پێدەکرێت، بەڵام ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕێگری لەوە ناکات، کە مێژووی براوزەر و کوکییەکان لەسەر ئامێرەکەی ئێوە نەمێنن.

دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، "سایفۆن" بەشێک لە زانیارییەکان لە پەیوەند بە ناوچە، وڵات و چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەسەر براوزەرەکەی ئێوە و کات و مێژووەکەیان تۆمار دەکات. بەرنامەدانەرانی "سایفۆن" ئەو داتایانە کۆدەکەنەوە و شیکاریان دەکەن و دواتر دەیانسڕنەوە. شێوازی کاری "سایفۆن" لە پەیوەند لەگەڵ پاراستنی سنووری تایبەتی ئێوە بە زمانی فارسی لێرەدا لە بەردەستە، کە لەبارەی کۆکردنەوەی داتاکان و شێوەی هاوبەشپێکردنیان لەگەڵ لایەنی سێیەم دا زانیاری و ڕوونکردنەوەی تیادا خراوەتەڕوو.

# Lantern

Android | iOS | Windows | GitHub

"لێنتێرن" ئەپڵیکەیشنێکە بۆ تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەر، کە چەندین شێوازی جۆراوجۆر بۆ تێپەڕاندنی فیلتەر و سانسۆر بەکار دەهێنێت و ئەوەش پەیوەندیی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە، کە سانسۆرچی لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکە ئەنجامیان دەدات. ئەم بەرنامەیە هەست بە فیلتەرکراوبوون، یان فیلتەرنەکراوبوونی ماڵپەڕێک دەکات و تەنها لەکاتێکدا ماڵپەڕەکە لەبەردەستدا نەبێت دەست بە کارکردن بە شێوازەکانی خۆی دەکات بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکە. ئەوە بەو واتایەیە، کە دەتوانێت خێراتر خۆی بە ماڵپەڕە فیلتەر نەکراوەکانەوە کۆنێکت بکات.
هەرچەند زۆرجار خێراییەکی زۆر پێشکەش دەکات و ئاڵوگۆڕی داتاکانی ئێوە لە ماڵپەڕە فیلتەرکراوەکاندا دەکات بە کۆد، بەڵام بانگەشەی ئەوە ناکات، کە ناسنامەی بەکارهێنەرانی دەپارێزێت و ئەو توانایەی نییە، کە بەکارهێنەرەکانی لە بەرامبەر چاودێریکردن و گوێگرتن دا بپارێزێت، یان بۆ نموونە وەک ئەپڵیکەیشنەکانی تری وەک "تۆر" Tor بتانپارێزێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

کار بە "لێنتێرن" تا ڕادەیەکی زۆر سادە و ئاسانە. تەنها پێویست دەکات بە بەکارهێنانی یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە بەرنامەکە لە ئامێرەکەی خۆتدا دانلۆد بکەیت و بیخەیتە کار. دوای خستنەکار، ئەپڵیکەیشنەکە بکەرەوە و لە connect بدە تاوەکو چالاک بێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

تایبەتمەندیی سەرەکیی "لێنتێرن" ئەوەیە، کە دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕە فیلتەرکراوەکان بە خێرایی زۆرەوە فەراهەم دەکات. ئەو ئەپڵیکەیشنە لە دۆخی ئێران دا زۆربەی کاتەکان سەلماندویەتی، کە لە تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەرەکانی حکومەتەدا بە شێوەیەکی کاریگەرانە کاریکردووە.
لەبەر ئەوەش بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی ئاسایی و تێپەڕاندنی فیلتەرەکانی دەوڵەتی ئێران، گونجاوترین بەرنامەیە، بەڵام بۆ بەکارهێنان لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانەوە، کە ئاشکرانەبوونی ناسنامە و شوناسیان دەبێت لە پلەی یەکەم دا بێت، بەرنامەیەکی گونجاو نییە. ئەگەر پاراستنی تەواوەتیی سنووری تایبەتی و ناسنامە، بۆ ئێوە بابەتێکی گرنگە، دەبێت بە دوای ڤی پی ئێن دا بگەڕێن، کە بە تایبەتی بۆ ئەو کارە و پاراستنی شوناس و ناسنامەی ئێوە دروستکراوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

لە گەڵاڕێزانی ١٣٩٨ دا، کە ئینتەرنێت لە ئێران بڕابوو، "لێنتێرن" وەک ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرا، کاریگەرانە کاری نەکرد و هیچ ڕاپۆرتێکی بڕواپێکراو لەسەر ئەوە بە دەست نەگەیشتووە، کە بەکارهێنەرانی "لێنتێرن" لە دوای بڕینی ئینتەرنێت توانیبێتیان خۆیان بە ئینتەرنێتی جیهانییەوە کۆنێکت بکەن. لەبەر ئەوەش ئێمە کارکردن بەم ئەپڵیکەیشنە تەنها بۆ دۆخی "ئاسایی" پێشنیاز دەکەین.
هەر وەک ئەوەی باسکرا، "لێنتێرن" هیچ بانگەشەیەکی بۆ ئەوە نەکردووە، کە ناسنامەی ئێوە دەپارێزێت. هەر جۆرە پەیوەندییەک، کە لە ڕێگەی "لێنتێرن"ەوە دروستکرابێت، دەکرێت بە کۆد، بەڵام ئەم بەرنامەیە ناتوانێت هیچ کارێک لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەکارهێنەرانی لە بەرامبەر ئەو ماڵپەڕانەدا بکات، کە بەکارهێنەرەکانی خۆیان چاودێریی دەکەن، یان لە بەرامبەر چاودێری و گوێگرتنی حکومەتەدا بەکارهێنەرەکانی بپارێزێت.
"لێنتێرن" زانیارییە تایبەتەکانی پەیوەندیدار بە ناوچە، وڵات و چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەسەر براوزەرەکەی ئێوەدا و کات و مێژووەکەیان تۆمار دەکات. ئەو داتایانە پێش ئەوەی لەلایەن بەرنامەداڕێژانی ئەو بەرنامەیەوە شیکاری بکرێت، بە شێوەی aggregate کۆدەکرێنەوە و تەنها لە کاتێکدا لەگەڵ لایەنی سێیەم هاوبەشیی پێدەکرێت، کە بە تەواوەتی aggregate زانیاریی کەسی و شوێن و کات و مێژووەکەی ونکرابێت. زانیاریی زیاتر لە بەشی "شێوازێک لەبواری سنووری تایبەتی دا" لە لێنتێرن لێرەدا بە زمانی ئینگلیزی لەبەردەستدایە.

# Proton VPN

Android | iOS | Windows | Linux

"پرۆتۆن ڤی پیَ ئیَن" بەرنامەیەکی خزمەتگوزاریی ناردن و گەیاندنە لە ناو دونیای ئینتەرنێتدا، کە بە پاڵپشتیی دارایی بەکۆمەڵ پشتیوانیی لێدەکرێت، لەلایەن دامەزرێنەرانییەوە خزمەتگوزاریی ئاسایشیی ئیمەیڵی "پرۆتۆن مایڵ" پێشکەش دەکات. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا پارێزگاری لە ئاسایش و سنووری تایبەتی بەکارهێنەرانی دەستەبەر کردووە.
خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە، کە "پرۆتۆن ڤی پی ئیَن" ڤێرژنی خۆڕایی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بە بێ هیچ سنووردارکردن و لەمپەرێک لە ترافیکی داتاکاندا بۆ بەکارهێنەرانی خۆی پێشکەش و دابین کردووە.
ئەو ڤی پی ئینە ١٧٠٠ سێرڤەری لە ٦٠ وڵاتی جیهاندا هەیە و بە ئاستی توانایی گواستنەوەی ٦٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا خێراییەکی زۆر باشی هەیە، بەڵام ناکرێت دڵنیایی لەوە بدرێت، کە ڤێرژنی خۆڕاییش هەمان ئەو خێراییەی هەبێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

ڕەوتی خۆ تۆمارکردن کارێکی ئاسانە. ئەگەر ڤی پی ئیَن-ێکی دیکە بەکار دەهێنێت، برۆ بۆ ماڵپەڕی "پرۆتۆن ڤی پی ئیَن" و بە ئیمەیڵەکەی خۆت ئەژمارێک (ئەکاونتێک) بۆ خۆت دروست بکە. پاشان ناوی بەکارهێنان و پاسوەردەکەتان هەڵبژێرن. دوای ئەوە ئیدی دەتوانن ڤێرژنی گونجاو بۆ ئامێرەکەی خۆتان دانلۆد بکەن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

شێوازی کاری "پرۆتۆن ڤی پی ئیَن" بەرمەبنای ئەوەیە، کە هیچ داتایەک تۆمار ناکات، ڕێبازێکی نووسراوی زۆر ورد و ڕوونی هەیە، کە دەتوانیت لێرەدا بە زمانی ئینگلیزی بیخوێنیتەوە. ئەم ئەپڵیکەیشنە بە جۆرێک دروستکراوە، کە تونێلێکی ڕەمز و کۆدکراو لە نێوان ئێوە و سێرڤەرەکەی خۆتاندا دروست دەکات و بەو کارەش ئێوە لە چاودێری و گوێگرتنی دوژمنان دەپارێزێت و مێژووی کار و چالاکیەکانی ئێوە لە ئای ئیس پی دا دەشارێتەوە.
ئەپڵیکەیشنەکانی "پرۆتۆنی ڤی پی ئیَن" لەسەر هەموو پلاتفۆرمەکاندا بە تەواوی دەق کراوەن و ئاسایشی ئەوان بە شێوەی سەربەخۆ بە وردی وردبینیی بۆ کراوە. ئەم ڤی پی ئیَن-ە توانایی پچڕانی لە ناکاو (kill switch) هەیە، کە لە ئەگەری بڕینی ڤی پی ئیَن دا ڕێگری لە ترافیکی ئینتەرنێت لەسەر ئامێرەکەی ئێوە دەکات. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە بە ڕێککەوتیش ئێوە بەبێ پارێزگاری نەمێننەوە.
سێرڤەرەکانی "پرۆتۆن ڤی پی ئین" لە وڵاتی سویسرا دایە، لە وڵاتێکدایە، کە یاسای توند و سەختی لە بواری پارێزگاری لە سنووری تایبەتی کەسەکان هەیە و بەپێی پێشینە و ئەوەی لە ڕابردوو هەبووە، بەشداری لە بەرنامەکانی هاوبەشیپێکردنی زانیاری و سیخوڕیی نێونەتەوەیی دا ناکات.
لەسەر بنەمای ئەو یاسا و تایبەتمەندییە، دەکرێت بوترێت، کە "پرۆتۆنی ڤی پی ئیَن" کارنامەیەکی بەهێزی لە بواری سنوری تایبەتیی کەسەکان، ئاسایش و بە کۆدکردندا هەیە و ئەگەر بە دوای دەستکەوتنی ڤی پی ئێنێکی خۆڕاییەوەن، دەکرێت ئەمە هەڵبژاردنێکی باش بێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

بۆ سوودوەرگرتن لە "پرۆتۆن ڤی پی ئیَن" پێویستە خۆت لە بەرنامەکەیدا تۆمار بکەیت، ڕەنگە ئەوەش هەندێک گرفت لە کاتی دروستبوونی کێشە لە ئینتەرنێت، یان کاتێک ماڵپەڕ، یان ئەپڵیکەیشنەکە فیلتەر کراوە، دروست بکات. ڕێنمایمان ئەوەیە، کە بۆ خۆ تۆمارکردن ئیمەیڵێک جگە لە ئیمەیڵە هەمیشەییەکەی خۆتان بەکاربهێنن.
هەر وەک ڤی پی ئیَن-ە بازرگانییەکانی تر، بە ئەگەری زۆر پاکێجی خۆڕایی "پرۆتۆن ڤی پی ئیَن" بە بەراورد لەگەڵ ڤێرژنی کڕدراوادا، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر خێرایی ئینتەرنێتەکەتان دەبێت. هەر چەند ئەم ئەپڵیکەیشنە بەرنامەیەکی زۆر گرنگ و کارامەیە بۆ پاراستنی ناسنامە و شوناسی ئێوە و تێپەڕاندنی فیلتەرەکان، بەڵام ئەم بابەتە بە بەهای خاوبوونەوەی خێرایی ئینتەرنێتەکەتان تەواو دەبێت.

# TunnelBear

Android | iOS | Windows

"تونێل بێر" خزمەتگوزارییەکی ڤی پی ئێنە، کە دەتوانیت بۆ گەڕان و سێرچکردن لە ئینتەرنێتدا بە شێوەیەکی نهێنی و پارێزراو بەکاری بهێنێت. ڤی پی ئێنی دڵنیابەخشی "تونێل بێر" سنووری تایبەتی ئۆنلاینی ئێوە دەپارێزێت و لە ڕێگەی بکارهێنانی تۆڕێکی تایبەتی ئۆنلاینی (Virtual Private Network – VPN)) شوێن و لۆکەیشنی ئێوە دەشارێتەوە. لەم شێوازەدا داتا و زانیارییەکان بە شیوەی کۆدکراو بۆ سێرڤەری ڤی پی ئێن دەگوێزرێنەوە و لەوێیەوە دەگاتە ئەو ماڵپەڕە، کە بەکارهێنەرەکە دەیەوێت. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە، کە "تونێل بێر" پاکێجێکی خۆڕایی بۆ بەکارهێنەرانی ئێرانی هەیە. ئەم پاکێجە بریتییە لە ١٠ گیگابایت خزمەتگوزاریی خۆڕایی لە مانگێکدا بۆ بەکارهێنەران لە ناوخۆی ئێران. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە چەند تاقیکردنەوەیەکی ئاسایشیی سەربەخۆدا سەربەرزانە دەرچووە، کەواتە دەبێت بتوانێت لە پاراستنی ئاسایش و سنووری تایبەتی ئێوەدا لە دونیای ئۆنلاین دا کاریگەر بێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

دەتوانیت ئەپڵیکەیشنی "تونێل بێر" بە سوودوەرگردن لە یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە، کە بە گونجاوی دەزانیت بۆ ئامێرەکەت دانلۆد بکەیت.

دوای ئەوەی ئەپڵیکەیشنەکەت کردەوە، پێویستە بە ئیمەیڵەکەی خۆت ئەژمارێک دروست بکەیت (ڕێنمایی ئێمە ئەوەیە، کە ئیمەیڵە هەمیشەیەکەی خۆت بەکار نەهێنێت)، دوای ئەوە دەتوانیت بە ڤی پی ئێن-ەکەوە کۆنکێت بیت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"تونێل بێر" لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتە کار دەکات، کە هیچ داتا و زانیارییەک تۆمار نەکرێت، واتە داتا و زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە ناونیشانی IP ەکەی ئێوە، یان ئەو ماڵپەڕانەی، کە سەردانیان دەکەیت، تۆمار ناکات. دەتوانن ڕێبازی پەیوەندیدار بە سنووری تایبەتی ئەم ئەپڵیکەیشنە لێرەدا بە زمانی ئینگلیزی بخوێننەوە، کە وردەکاریی تەواوی لەبارەی شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بە شێوەیەکی سنووردار و بەبێ ئاشکراکردنی ناسنامەی کەسەکانی تیادا خراوەتەڕوو.

هەر وەک ئاماژەی پێکرا، ئەم ئەپڵیکەیشنە لە چەندین تاقیکردنەوەی ئاسایشیی سەربەرزانە دەرچووە و لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین، بەرنامەیەکی متمانەپێکراوە و تواناییەکانی لە بواری پاراستنی ناسنامە و سنووری تایبەتی و هەروەها تێپەڕاندنی فیلتەرەکاندا سەلماندووە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

"تونێل بێر" لە ئێستادا پاکێجی خۆڕایی خۆی تاوەکو ٥٠٠ میگابایت لە مانگدا سنووردار کردووە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە نابێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆکی قورسی وەک ژمارەیەکی زۆر وێنە و فیلم پشت بەم ئەپڵیکەیشنە ببەستن.

هەروەها ئەم خزمەتگوزارییە داوا لە ئێوە دەکات تاوەکو بە ئیمەیڵەکەی خۆتان، خۆتان تۆمار بکەن، کە ئەوەش دەتوانێت لە کاتی کێشە و بڕین لە ئینتەرنێت یان فیلتەرکردندا کێشە دروست بکات. جگە لەوەش ڕێنماییمان بۆ ئێوە ئەوەیە، کە ئیمەیڵە هەمیشەیەکەی خۆتان بۆ خۆ تۆمارکردن بەکارنەهێنن.

# Windscribe VPN

Android | iOS | Windows | Linux

"ویندسکرایب" خزمەتگوزارییەکی بازرگانیی ڤی پی ئێن-ە، کە دەتوانیت بۆ گەڕان و سێرچی ئازادانە و پارێزراو لە ئینتەنرێتدا سوودی لێوەربگریت. ئەویش لە سنووری تایبەتی ئێوە پارێزگاری دەکات و هاوکاریتان دەکات، تاوەکو فیلتەرەکانی سەر ئینتەرنێت تێپەڕنن.

پاکێجی خۆڕایی "ویندسکرایب" لە هەموو مانگێکدا ١٠ گێگابت ترافیکی داتا و زانیاری پێشکەش دەکات، کە ئەوەش زۆر دەست و دڵکراوانەیە. هەروەها فایروالّی "ویندسکرایب" لەسەر ئەو پاکێجەدا هەیە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو پەیوەندییەکان لە دەرەوەی تونێلەکەی خۆی دادەخات تاوەکو هیچ داتا و زانیارییەک لە پەیوەندییەکەی ئێوەدا دزە نەکاتە دەرەوە.

## سهولت استفاده

ئەم ئەپڵیکەیشنە لە یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە دانلۆد بکەن. کاتێک بۆ یەکەمجار ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە، داواتان لێدەکات تاوەکو ئەژمارێک دروست بکەن. بۆ ئەوەش دەبێت ئیمەیڵێک و پاسوەردێک هەڵبژێرێت (تا ئەو شوێنەی دەکرێت ئیمەیڵی سەرەکیی خۆتان بەکار نەهێنن)، ئێستا ئەو دەرفەتتان هەیە تا ١٠ گێگابایت ترافیکی مانگانەی خۆڕایی داوا بکەن.

دوای ئەوەی ئەم کارەتان ئەنجامدا، دەتوانیت ڤی پی ئێن-ەکە لەسەر ئامێرەکەی خۆت چالاک بکەیت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

هەر چەند ئەگەری ئەوە هەیە خێرایی ئەم ئەپڵیکەیشنە هەموو کات بە باشیی ڤی پی ئێن-ەکانی تر نەبێت، بەڵام ئەوەی سەلماندووە، لە دروستکردنی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەرانی ئێرانی بە ناوەڕۆک و زانیارییە فیلتەرکراوەکان زۆر کاریگەرانە کاریکردووە.

فایروالّی ناو ئەم ئەپڵیکەیشنە دیوارێکی پارێزگاریی تر بە سنووری تایبەتی ئێوە زیاد دەکات تاوەکو رێگری لە مەترسیی دزەکردنی زانیاری لە تونێلی ڤی پی ئێن-ەکەی ئێوەدا بکات.

ئەم ئەپڵیکەیشنە توانایی دابەشکردنی تونێلی هەیە، کە ئەوەش ئەو دەرفەتە بە ئێوە دەدات، کە بە شێوەیەکی تایبەت ئەوە هەڵبژێرن، کە کام بەرنامەیە لە ڤی پی ئێن-ەکەدا بەکار بهێنیت. ئەوەش بە مانای دەستپێوەگرتنە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتەکەتاندا.

یەکێکی دیکە لە باشییەکانی ئەم ڤی پی ئێن-ە توانایی هەڵبژاردنە لە نێوان چوار پرۆتۆکۆڵی OpenVPN UDP/TCP, IKEv2, Stealth دا، کە ئەوەش هاوکاریتان دەکات لە خێرایی و گەڕان و سێرچەکانتان دا.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەر وەک ڤی پی ئێن-ە بازرگانییەکانی تر، ئەگەری زۆر ئەوەیە، کە "ویندسکرایب"یش لە کاتی بڕینی بەردەوامی ئینتەرنێتدا، یان کێشە لە ئێنتەرنێتدا، یان کەمکردنەوەی خێرایی ئینتەرنێت دا، زۆر باش کار نەکات.

هەر چەند بەرنامەیەکی زۆر باشە بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکان، بەڵام دەبێت سەرنجتان لەسەر ئەوە بێت، کە بەئەندازەی بەرنامەکانی تێپەڕاندنی وەرگیراو لە Tor ، لە پاراستنی ناسنامەی ئێوەدا کاریگەرانە کار ناکات.

# 1.1.1.1 + WARP

Android | iOS | Windows | LINUX

ئەپڵکەیشتنی ١.١.١.١ ی کۆمپانیای Cloudflareبۆ تێپەڕاندنی دی ئێن ئێس-ە، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ڤی پی ئێن کار دەکات. ترافیکی ئینتەرنێتی ئێوە بە تونێلێکی دڵنیابەخشەوە تێدەپەڕێنێت، کۆدی بۆ دادەنێت و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە داتا و زانیارییەکانی براوزەرەکەی ئێوە بە لایەنی سێیەم نیشان نادات.

هەر چەند ئەگەری ئەوە هەیە ڕێگری لە چاودێریکردنی ISP لەسەر ئێوە بکات، کە چ ماڵپەڕێک دەکەنەوە، بەڵام نابێتە هۆی ئەوە پەیوەندیی ئێوە بە ماڵپەڕەکانەوە بەبێ ئاشکراکردنی ناسنامەی ئێوە ڕوودات، هەروەها توانایی ئەوەی نییە، کە سانسۆرەکان بە باشیی ڤی پی ئێن تێپەڕێنێت. هەڵبەتە دەتوانێت لە ئاستی سەرەتایی دا ئاسایشی ئۆنلاینی ئێوە دەستەبەر بکات و لە هەمان کاتدا خێراییەکی باشی هەبێت، بەڵام ئەم ئەپڵیکەیشنە بە ئەندازەی ڤی پی ئێن-ەکان، کە تایبەتن بە ئاسایشی سنووری تایبەتی، کاریگەر نابێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئێوە دەتوانن 1.1.1.1 + WARP لە گۆگڵ پلەی و ئاپ ستۆر، یان پس کوچە دا دانلۆد بکەن. کاتێک ئەم ئەپڵیکەیشنەتان دابەزاند و کردتانەوە، هەنگاو بە هەنگاو ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن و دوگمەی سلایدەر بۆ پەیوەندی و کۆنێکتکردن دابگیرسێنن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

ئەم ئەپڵیکەیشنە خۆڕاییە و کارکردن پێی زۆر سادەیە، ڤێرژنی پارەشی هەیە، کە خێرایی پەیوەندی و کۆنێکت بە ڕێژەی ٣٠% بەرز دەکاتەوە.

ئەم ئەپڵیکەیشنە لەلایەن کۆمپانیای Cloudflare دروستکراوە، ناوێکی متمانەپێکراوە لە بواری ئاسایشی ماڵپەڕ و ئەپڵیکەیشن دا، کە پێشینە و کارنامەیەکی درەوشاوەی لە پاراستنی ئاسایشی داتا و زانیاریی بەکارهێنەرەکانیدا هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە سیاسەتی شێوازی "تۆمار نەکردنی داتا و زانیارییەکان"ی هەیە و هیچجۆرە زانیارییەکی کەسی، کە توانایی ناسینەوەی پەیوەندیدار بە کەسی بەکارهێنەرەوە هەبێت لەم ئەپڵیکەیشنەدا کۆناکرێتەوە و هەڵناگیرێت.

هەروەها بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە دەبێتە هۆی ئەوە سێرڤسی دابینکەری ئینتەرنێتەکەتان نەتوانێت داتا و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە شێوەی چالاکی و کاری ئێوە لە ئینتەرنێتدا بۆ فرۆشتن بەوانەی ڕیکلام دەکەن، کۆبکاتەوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئەم ئەپڵیکەیشنە وەک بەرنامەیەک بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکان دروستنەکراوە، کەواتە نابێت چاوەڕوانی بکرێت، لە هەموو بارودۆخێکدا دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕە سانسۆکراوەکان فەراهەم بکات. بەشێک لەبەکارهێنەران ڕاپۆرتی ئەوەیان داوە، کە بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ کردنەوەی بەشێک لە ماڵپەڕەکان و ئەپڵیکەیشنەکانی وەک یوتیوب و گۆگڵ پلەی ستۆر کێشە و گرفتی هەیە.

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها ئاستێکی سنووردار لە ئاسایشی سنووری تایبەتی دەستەبەر دەکات. هەر چەند چالاکییەکانی ئێوە لە ISP دەشارێتەوە، بەڵام IPای ئێوە لەو ماڵپەڕانە ناشارێتەوە، کە ئێوە سەردانیان دەکەن.

# Outline

Android| iOS| Windows| Linux

ئۆتلاین پرۆسەی دروستکردنی ڤی پی ئێنی (VPN)ی ئاسانتر و کەم تێچووتر دەکات و ڕێگا بە ئێوە دەدات، کە خۆتان بەڕێوەی ببەن و بەکارهێنەران بە سێرڤەرەکەی خۆتان زیاد بکەن. ئێوە دەتوانن سێرڤەر لەسەر ئامازۆن، گۆگڵ، یان هەر کۆمپانیایەکی پێشکەشکەری خزمەتگوازیی هەوریی تر (ئای کلۆد) دابنێن. یەکێک لەو ڕێگایانە، کە حکومەتەکان سێرڤەرەکانی ڤی پی ئێن دادەخەن، لە ڕێگەی هەستکردن و دەستنیشانکردنی قەبارەیەکی زۆرە لە بەکارهێنانیان.
کەواتە بەپشتبەستن بەوەی، کە ئێوە لە ڕێگەی ئۆتلاین-ەوە تەنها ڤی پی ئێنێکی تایبەت بۆ خۆتان و گروپێکی سنووردار بەکار بهێنن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە، کە ناسینەوەی ڤی پی ئێنەکە زۆر سەخت و دژوار بێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەرنامەی ئۆتلاین مەنیجەڕی گونجاو بۆ ئامێرەکەتان دابمەزێنن و لایەنی دابینکەری خزمەتگوزاریی سێرڤسی هەوریی (ئای کلۆد) خۆتان هەڵبژێرن. لە دوای هەڵبژاردنی، ئاشنا دەبن بە ڕەوتە تایبەتەکەیان بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکە بۆ خستنەکار. ئێوە دەتوانن سێرڤەرەکەتان لە ڕێگەی ئۆتلاین مەنیجەڕەکەتانەوە بەڕێوەببەن.
لە دوای ڕێکخستنی سێرڤەرەکەتان و ئامادەکردنی، دەتوانیت کلیدی دەستڕاگەیشتنی یەکدانەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەرنامەی دیسکتۆپ مەنیجەڕدا دروست بکەیت. مەنیجەڕ ئەو توانایە بە ئێوە دەدات تاوەکو بانگهێشتنامە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی پەیوەندیی دڵخوازتانەوە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ سێرڤەرەکەتان بنێرن. کلید و دوگمەکانی دەستڕاگەیشتن، واتە چۆناچۆن و بە چ شێوەیەک ئامێرەکەتان بە ئۆتلاین مەنیجەڕەوە ببەستنەوە و بە بەکارهێنانی سێرڤەرەکەتان پارێزگارییان لێ بکەن. هەر دوگمەیەکی دەستڕاگەیشتن تایبەت و تاقانەیە و دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەسەر سێرڤەرەکە ڕێکبخرێت، یان بسڕێتەوە. سنووردارکردنی داتا و زانیارییەکان ئەو توانایە بە ئێوە دەدات تاوەکو ئاستی پانیی باندی ڕێگەپێدرا بۆ هەر یەک لە دوگمەکان کۆنترۆڵ بکەیت.
دوای ئەوە، ئەپی ئۆتلاین کلاینت دانلۆد بکەن و بە بەکارهێنانی دوگمەی دەستڕاگەیشتنی تایبەت بە خۆتان، خۆتان کۆنێکت بکەن. ئەپی کلاینت ڤێرژنی بۆ دیسکتۆپ و ئامێرەکانی وەک مۆبایل و ئایپاد و... هتد هەیە، کەواتە دەتوانیت لە هەموو شوێنێکدا لە ڕێگەی هەموو ئامێرەکانتانەوە دەستتان بە ئینتەرنێتی ئازاد بگات و بە شێوەی تایبەت لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی دروست بکەن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

بەهۆی ئەوەی، ئەو ڤی پی ئێن-ە، کە ئێوە لەسەر سێرڤەرەکەتان دایدەمەزێنن تەنها لە ڕێگەی ئێوە و گروپێکی دیاریکراوەوە بەکار دەهێنرێت، دۆزینەوەی زۆر دژوارتر دەبێت و دەشبێت کارکردنیش پێی زۆر هەرزانتر بێت. هەروەها ئۆتلاین دەڵێت، لە یەک "پرۆتۆکۆڵی بێ دەستدانەوە، کە هاوشێوەی هیچ شتێک نییە و دۆزینەوەی قورس بێت" کەڵکی وەرگرتووە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کاری پیاوەکانی حکومەت لە دەستنیشانکردن و داخستنیدا قورستر بێت.
ئەگەر کاتێک سێرڤەرەکەی ئێوە دابخرێت، دەبێت بە ئاسانی بتوانیت سێرڤەرێکی تر بە کەڵک وەرگرتن لە هەمان ئەم شێوەیە، سەرلەنوێ دروست بکەیت و کاری پێ بکەیت.
ئەم بەرنامەیە زانیاریی کەسی بەکارهێنەران و زانیاریی ئەو ماڵپەڕانە، کە بەکارهێنەرەکە سەردانی کردوون و پەیوەندیی لەگەڵ بەستوون، کۆناکاتەوە. زانیارییەک، کە ئەم بەرنامەیە کۆی دەکاتەوە دەتوانیت لێرەدا بە تێروتەسەلی بیخوێنیتەوە. ئۆتلاین دەق کراوەیە و لە دوو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی ئاسایشی سەربەخۆدا دەرچووە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەر ڤی پی ئێن-ێکی پارێزراو بۆ دەستڕاگەیشتن بە سێرڤەرە نێونەتەوەییەکان پشتبەستووە بە خزمەتگوزارییە هەورییەکان (ئای کلۆد)ەکان، کەواتە لە ئەگەری پچڕانی تەواوەتیی ئینتەرنێت دا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڤی پی ئێنی تایبەتی ئێوە کەم تا فرەیەک لە کار دەکەوێت، ڕێک وەک هەر ڤی پی ئێنێکی دیکەی بازرگانی کە لە بازاڕدایە.

## بە شێوەی نادیار ئینتەرنێت بەکاربهێنن.

بەشێکی زۆر لە ڤی پی ئێنەکان لە توانایاندایە تا ئاستێکی بەرز سنووری تایبەتی بۆ ئێوە دەستەبەر بکەن، بەڵام دەبێت ئەم خاڵەتان لە بەرچاو بێت، کە ئەم بەرنامەیە ناتوانێت نادیاربوونی ئێوە بە شێوەی تەواو گارەنتی و مسۆگەر بکات، چونکا پیاوانی دەوڵەت شێوازگەلێکیان بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ناونیشانی IP ئێوە لە کاتی بەکارهێنانی ڤی پی ئێن دا لە بەردەستدایە.
بەڵام بژارەیەکی تر هەیە و ئەویش پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوەیە لەرێگەی Torەوە، کە دەتوانێت ئاستێکی بەرزتر لە نادیاربوونی ئێوە بە بەراورد لەگەڵ ڤی پی ئێنەکانی تردا دەستبەبەر بکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، Tor لە شێوای دۆزینەوەی پیازی ‘onion routing’ کەڵک وەردەگرێت، ئەوە شێوازێکە، کە پەیوەندیی ئێوە پێش گەیشتن بە ماڵپەڕ، یان شوێنی دیاریکراوەوە، بە چەندین پرۆکسی (یان ئاڕاستەکردنی بە رێگای پیازی)دا تێپەڕێنێت.
ئەم پرۆکسیانە تەنها دەتوانن یەک قۆناغ لە هەر لایەکدا لەم زنجیرەیەدا ببینن، کەواتە هیچ کەس ناتوانێت هەم خاڵی دەستپێکردنی ترافیک (واتە ئێوە) و هەم خاڵی کۆتایی (واتە ئەو ماڵپەڕەی کە دەیکەنەوە)، ببینێت.
ئاگاتان لەوە بێت، کە ISP ی ئێوە دەزانێت، کە ئێوە Tor بەکار دەهێنن، بەڵام هیچ شتێکی دیکە لەبارەی کار و چالاکییە ئۆنلاینەکانی ئێوەیان دەستناکەوێت. هەموو بەکارهێنەرانی Tor لە چاوی چاودێرێکەوە هاوشێوەی یەکن و لە دیدی ئەو هەمویان یەک شتن.
خودی ئەو بابەتە، کە ئێوە Tor بەکار دەهێنن دەتوانێت ببێتە هۆی گومان، بەڵام بڕوای زۆربەی هەرەزۆری پسپۆڕانی ئاسایشی دیجیتاڵ ئەوەیە، ئەو نادیاریە، کە Tor دروستی دەکات یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی رۆژانە، تەنانەت ئەگەر خێرایی پەیوندیی ئێوە زیاتر لە ڤی پی ئێنەکان کەم بکاتەوە.
ئەگەر دەتەوێت Tor بۆ گەڕان و سێرچ لە ئینتەرنێت دا بەکار بهێنیت، دەتوانیت براوزەری Tor دانلۆد بکەیت و ئەگەر دەتەوێت بەشەکانی تری ئەپڵیکەیشنەکان لەسەر موبایلەکەشتان و لە رێگەی تۆڕی Tor ەوە پرۆکسی بکرێت، ئەوا Orbot دابەزێنن.

# Tor Browser

Android | MacOS | Windows | LINUX

براوزەری "تۆر" براوزەرێکی دەق کراوەیە، کە بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە سنووری تایبەتی ئێوە لە دونیای ئۆنلاین و هەروەها تێپەڕاندنی فلیتەرەکان دروستکراوە. شێوازی کارەکەی بەو شێوەیەیە، کە ترافیکی ئێوە پێش گەیشتن بە شوێنی دیاریکراو، بەلانیکەمەوە لە نێوان سێ گرێی پەیوەندیدا (سێرڤەرە خۆبەخشەکان)دا دەسوڕێنێت و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکات.

## بەکارهێنانی ئاسان

براوزەری "تۆر" لەسەر سیستەمەکانی ویندۆز و MacOS و هەروەها موبایلەکانی ئەندرۆیدا هەیە، بەڵام هێشتا لەسەر ئامێرەکانی iOS دا نییە. لە ڕێگەی لینکەکانی سەرەوە دەتوانیت دانلۆدی بکەیت.

دابەزاندنی براوزەری "تۆر" تاوەکو ڕادەیەک لەو ئامێرانەی تر ئاڵۆزترن، کە لێرەدا ناساندومان. ماڵپەڕی پس کوچە شێوازی دابەزاندن و کارکردن بەم ئەپڵیکەیشنە بە شێوەی ورد و بە وردەکارییەکانەوە ئامادە کردووە، کە هاوکاریی ئێوە دەکات تاوەکو دۆخی ئاسایشی و ئەو تۆرە ڕێکبخەیت، کە خۆت لە ئێران بەکاری دەهێنێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"تۆر" ئێوە نادیار ڕادەگرێت و دڵنیایی دەدات، کە داتا و زانیارییەکانی ئێوە لە چاوی دەزگاکانی کەرتی تایبەت و دەوڵەت، کە بیانەوێت چاودێری بکەن، بە شێوەی شاراوە و نادیار ڕادەگرێت. "تۆر" تەکنەلۆژیایەکە، کە لە تاقیکردنەوە و خۆسەلماندندا لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە و هەروەها لە بواری تێپەڕاندنی فیلتەرەکاندا کاریگەرانە کاری کردووە.

هەروەها بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیەیشنە دەبێتە هۆی ئەوە، کە لایەنی دابینکەری سێرڤس و خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەی ئێوە نەتوانێت داتا و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە شێوەی چالاکی و کارەکانی ئێوە لە ئینتەرنێت دا بۆ فرۆشتن بەوانەی، کە کاری ریکلام دەکەن، کۆ بکاتەوە.

لە ڤێرژنی 11.5 بە دواوە، لەم ئەپڵیکەیشنەدا ڕێوشوێنی گونجاوتر و ئاسانتر بۆ تێپەڕاندنی فیلتەر و سانسۆر ڕەچاو کراوە. ئەم ڤێرژنە بە شێوەی ئۆتۆماتیک و بەرمەبنای پێگە و دۆخی لۆکاڵیی ئێوە، گونجاوترین پرد بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکان هەڵدەبژێرێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئێران هەوڵێکی زۆری بۆ فیلتەرکردنی "تۆر" داوە و بووەتە هۆی ئەوە، کە بەستنەوە و کۆنێکتکردنی بە ئینتەرنێتەوە لە ئێران، بەراورد بە وڵاتانی دیکە کێشە و گرفتی زۆرتری هەبێت. هەروەها دەبێت سەرنجتان لەسەر ئەوە بێت، کە لە کاتی بەکارهێنانی "تۆر" ڕووبەڕووی دابەزینی خێرایی ئینتەرنێت دەبنەوە. گەرچی ئەم ئەپڵیکەیشنە لە پاراستنی ئاسایشی ئێوەدا بێ هاوتایە، بەڵام ئەمەش بە بەهای خاوبونەوەی خێرایی ئێوە تەواو دەبێت.

ناوەڕۆکی ترافیکی ئێوە لە ڕێگەی "تۆر"ەوە پارێزگاریی لێدەکرێت، بەڵام ئەوە بۆ پیاوەکانی حکومەت زۆر قورس نییە، کە بزانن ئێوە "تۆر" بەکار دەهێنن. دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، کە ئەم بابەتە بۆ خۆی دەتوانێت گومان لەسەر کار و چالاکییەکانی ئێوە دروست بکات.

# OrBot

Android | iOS | F-Droid

"ئۆربات" ئەپڵیکەیشنێکی پرۆکسیی خۆڕاییە، کە هاوکاریتان دەکات ئەپڵیکەیشنەکانی تر بە شێوەی پارێزراوتر لە ئینتەرنێتدا بەکاربهێنن. "ئۆربات" کەڵک لە "تۆر" وەردەگرێت تاوەکو ترافیکی ئینتەرنێتی ئێوە بکات بە کۆد و دواتر ڕەوانەی بکات بۆ چەندین کۆمپیوتەری جۆراجۆر لە سەرتاسەری جیهان و لەو ڕێگەیەوە داتا و زانیارییەکانی ترافیکی ئێوە نادیار و پارێزراو دەبێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

دەتوانیت ڤێرژنی ئەندرۆیدی ئەم ئەپڵیکەیشنە لە لینکەکانی سەرەوەدا دانلۆد بکەیت. بۆ بەشێک لە مۆبایلەکانی گالاکسیی سامسۆنگ، چەند قۆناغی زیاتر هەیە، کە دەبێت ئەنجامی بدەت تاوەکو ئەم ئەپڵیکەیشنە چالاک ببێت. ئەم قۆناغانە لەم ڤیدیۆیەدا ڕوونکراونەتەوە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

بەکارهێنانی "تۆر" دەتوانێت ئێوە لە بەرامبەر چاودێری و گۆێلێگرتنی ڕۆژانەدا بپارێزێت، کاتێک "ئۆربات" بەکاردەهێنن، ترافیکی ئێوە هاکات لەگەڵ تێپەڕاندن لە ڕایەڵەی "تۆر" بە سێ قۆناغ بەبەهێزی پشتیوانیی لێدەکرێت و کۆدی بۆ دادەنرێت و لەم ڕێگەیەوە یەکێک لە بەهێزترین شێوازەکانی گونجاو و بەردەست بۆ پارێزگاریکردن و نادیارهێشتنەوەی ئێوە لە دونیای ئۆنلاین دا فەراهەم دەکات.

تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە، کە ئێوە دەتوانن لە ناو ئەم ئەپڵیکەیشنەدا، ئەو ئەپڵیکەیشنانە هەڵبژێرێن، کە لەلایەن "تۆر"ەوە پارێزگاری و پشتیوانییان لێدەکرێت. ئەم کارە بەو مانایە دێت، کە خێرایی ئەپڵیکەیشنەکان و چالاکیی نا هەستیار، بەبێ هۆی دانابەزێت، چونکا هەر خۆی خاوبوونەوەی یەکێک لەو کێشە لاوەکیانەیە، کە لەکاتی کارکردن بە "تۆر" دروست دەبێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، پێویستە لە بەشێک لە مۆدێلەکانی مۆبایل دا چالاککردنی ئەو ئەپڵیکەیشنە بە چەند بەربەستێکی تەکنیکیی زیادە دا تێپەڕن. هەر وەک ئەو بەرنامانەی، کە ڕێگەی "تۆر"ەوە پارێزگارییان لێدەکرێت، ئەم ئەپڵیکەیشنەش خێرایی پەیوەندیی ئێوە کەم دەکاتەوە.

ناوەرۆکی ترافیکی ئێوە لە ڕێگەی "تۆر"ەوە پارێزگاریی لێدەکرێت، بەڵام ئەوە بۆ پیاوەکانی ئاسایش کارێکی ئەوەندە قورس نییە، کە بەوە بزانن ئێوە "تۆر" بەکار دەهێنن. دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، هەر خودی ئەم بابەتە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوە گومان لەسەر کار و چالاکییەکانی ئێوە دروست بکرێت.



# پاکێجی بەرنامەکانی دروستکردنی کێشە ئینتەرنێت دا

هەرگیز هەستتان بەوە کردووە، کە گەڕاونەتەوە بۆکاتێک، کە بە میدیۆمەکانی ٥٦ کەی (کیلۆبایت) بە ئینتەرنێتەوە کۆنێکت دەبوون؟ ئایا لە بینینی پەیامی "لە کاتی ڕۆیشتن و ئاتاجبوون دا" ماندو بویت؟ ئایا گیانتان دەگاتە کونە لوتتان تاوەکو پەیامەکانتان دەنێردرێن؟ بە تەواوەتی تێدەگەم چ هەستێکتان هەیە.
کەمبوونەوەی خێرایی ئینتەرنێت بابەتێکی ئاسایی نییە. هەندێکجار بە هۆی ژێرخانەکانی تۆڕێکی لاواز، هەندێکجاریش بەهۆی چاککردنەوە و ئابدەیتکردن و هەندێکجاریش بەهۆی ئەوەی، کە بەرپرسان بە ئەنقەست پانتایی باندەکە دادەخەن تاوەو دەستڕاگەیشتنی خەلک بە زانیارییەکان بپچڕێنن.
ڕوودانی ئەو کێشانە ڕوویان لە زیادبوون کردووە. بەم تازەیانە لە چەندین ناوچەی جیاجیای ئێران دا، خێرایی ئینتەرنێت بۆ چەندینجار لە ڕۆژێکدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە، یان تەنانەت بۆ چەندین کاتژمێر بە تەواوەتی دەبڕدرێت.
ناکرێت کارێکی ئەوتۆ بۆ پێشگرتن لەو ڕووداوانە ئەنجام بدرێت، بەڵام دەکرێت هەندێک بەرنامەتان لە گیرفاندا بێت تاوەکو لە کاتێکدا، کە خێرایی ئینتەرنێت (و یان تۆڕیی نیشتمانیی زانیاری) کەم بووەتەوە، بتوانیت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵە، دۆستان و و کانتێکتە گرنگەکانتدا سوود لەم بەرنامەیە وەربگرن و یان دەستتان بە زانیارییە پێویستەکان بگات.
پاکێجی بەرنامەکانی دروستکردنی گرفت لەلای ئێمە بریتییە ڕێنماییەکان لەبارەی بەشێک لەم بەرنامانەوە، کە دەتوانن لەکاتی گرفت و کێشەی بەردەوام لە پەیوەندیکردن بە ئینتەرنێتەوە هاوکاریی ئێوە بکات. ئەم بەرنامانە ڕێگا بە ئێوە دەدەن تاوەکو زانیاریی بەبێ دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی گونجاو بڵاوبکەنەوە، یان لەسەر تۆڕی لۆکاڵی و ناوچەیی بە شێوەی بە کۆدکراو، پەیوەندی دروست بکەن و فایلەکانتان بڵاوبکەنەوە.

## ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندن – خێرایی لە گەیاندنی پەیامەکان بۆ ئێوە چەند گرنگ و پێویستن؟

تەنانەت ئەگەر خێرایی ئینتەرنێتەکەی ئێوە زۆر لە خوارەوە بێت، ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندنی بە کۆدکراو هەر بەردەوام دەبن لە کاری خۆیان، هەڵبەتە ڕەنگە لە ناردن و وەرگرتنی پەیامەکاندا دواکەوتنی زۆر درێژخایەنتان ڕووبەڕوو ببێتەوە.

هەڵبژاردنی ئەپڵیکەیشنی گونجاو لەم کات و دۆخەدا پەیوەندیی بەو پرسیارەوە هەیە، کە دەبێت چەند بە خێرایی ئەو پەیامە بنێریت. ئایا دواکەوتن لە ناردنی پەیام، یان فایلەکاندا بابەتێکی گرنگ و پێویست نییە، یان دەبێت فایلەکانتان بە خێرایی و بەبێ هیچ دواکەوتنێک بنێردرێن؟
پێویست و گرنگ نییە، دەتوانی پەلە نەکەیت.
ئەپڵیکەیشنی "سیگناڵ" تا ئێستا سادەترین بژارەیە بۆ بەکارهێنان لە کاتی ڕوودانی کێشە لە ئینتەرنێت دا. ئەم ئەپڵیکەیشنە دڵنیا و پارێزراوە، گەرچی ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووی دواکەوتن و خاوی ببێتەوە، بەڵام دروستکردنی پەیوەندی بە ئەنجام دەگەیەنێت.

# Signal

Android | iOS | Windows | Linux

"سیگناڵ" ئەپڵیکەیشنێکی گەیاندن و ناردنی پەیامە، کە توانایی دانانی کۆدی سەرتاریی E2EE هەیە، کە لە سیستەمانی iOS ، ئەندرۆید، ویندۆز و لینۆکس دا کار دەکات. ئەو ئەپڵیکەشینە خێرایی و بێبەرامبەرە و وەک یەکێک لە پارێزراوترین ئەپڵیکەیشنەکانی گەیاندن و ناردنی پەیام لەلایەن دامەزراوەکانی وەک Electronic Frontier Foundation و Access Now پێشنیاز دەکرێت.
ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕێگا بە بەکارهێنەرەکانی دەدات تاوەکو پەیامی ڤیدیۆیی، دەنگ، نووسین و وێنە بە شێوەی گروپی و کۆدکراو بۆ یەکتر بنێرن. هەروەها دەرفەتی پەیوەندییە تەلەفوونییەکان بە توانایی کۆدکردنی سەرتاسەرییەوە بۆ بەکارهێنەرانی "سیگناڵ" هەیە.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئێوە دەتوانن "سگناڵ لەسەر سیستمی ئەندرۆید و iOS و بە سوودوەرگرتن لەو لینکانەی سەرەوە بە خێرایی دانلۆد بکەن. کارکردن بەم ئەپڵیەیشنە زۆر سادە و ئاسانە. کاتێک ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە داوا لە ئێوە دەکرێت تاوەکو ژمارە تەلەفونی خۆتان لە ڕێگەی کۆدێکی شەش ژمارەییەوە پشتڕاست بکەنەوە، کە ئەو کۆدە بە نامەی ئێس ئێم ئێس بۆ ئێوە دێت.
کاتێک ئەو کارەتان ئەنجامدا، دەستبەجێ دەتونن پەیام و نامە گۆڕینەوەکانتان لەگەڵ هەر یەک لە کانتێکت (هاوبەش)ەکانی خۆت دەستپێبکەیت – بەڵام بەو مەرجە هاوبەشەکەت و بەردەنگەکەت ئەپڵیکەیشنی سیگناڵی دانلۆد کردبێت -.
لە خاکەلێوەی ١٤٠١دا تواناییەکی نوێ بە سینگاڵ زیاد کرا، کە لە ئەگەری گۆڕینی سیم کارت دا پێویست بە دووبارە دابەزاندنەوەی بەرنامەکە نییە و ئەپڵیکەیشنەکە بە هەمان ئەو زانیارییانەی پێشترەوە بە ژمارە تازەکە بەکار دەهێنرێتەوە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکانی

سیستمی کۆدکراوی "سینگاڵ" زۆر دڵنیاکەرەوە و جێگای متمانەیە، ئەو ئەپڵیکەیشنە هەڵبژاردەی ئێدوارد سنۆدنە.
سیگناڵ تەنها پەیامەکانی ئێوە ناکات بە کۆد، بەڵکو مێتاداتاکانیشتان (زانیارییە وردەکان) دەشارێتەوە تاوەکو دڵنیابنەوە، کە هیچ کەسێک و تەنانەت خودی سینگاڵیش، یان هەر کەسێکی تر، کە هەوڵ بدات تاوەکو ڕێگری لە ناردن و گەیاندنی پەیامەکانی ئێوە بکات، نەتوانێت نێرەر و وەرگری پەیامەکان بناسێت.
هەروەها سیگناڵ ئەپڵیکەیشنێکی دەق کراوەیە، واتە کۆدەکەی بۆ بینینی هەموان و ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن بیشکێنن لە بەردەستدایە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ هەرگیز پرۆتۆکۆڵی کۆدکراوی سیگناڵ نەشێکنراوە. سینگاڵ داتا و زانیارییەکانی ئێوە و هیچ کەسێکی دیکە کۆناکاتەوە و هاوبەشییان لەگەڵ کەس و شوێنی تردا پێ ناکات.
هەروەها ئەم ئەپڵیکەیشنە لە پووشپەڕی ١٤٠٠ بە داوە لەلایەن پرۆکسیەکانی تایبەت بە خۆیەوە پاڵپشتی دەکرێت. بۆ دەستڕاگەیشتن بە پرۆکسیەکان دەتوانن لە تویتەردا بە دوای هاشتاگی #IRanASignalProxy بگەڕێن. .

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

"سیگناڵ" ژمارە تەلەفونەکەی ئێوە بۆ تۆمارکردن و هەروەها بۆ ناسینەوە و کۆددانان بۆ ناسینەوەی خۆتان بەکار دەهێنێت. لەبەر ئەوەش دەبێت ئاگادار بن، کە ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها بۆ پەیوەندیی لەگەڵ کانتێکتە (بەردەنگ و هاوبەش)ە بڕواپێکراو و جێ متمانەکانی خۆتان بەکار بهێنن.
ئەگەر بڕیارتان دا "سیگناڵ" وەک ئەپڵیکەیشنێکی گریمانەکراو بۆ نامە ناردن و پەیام گۆڕینەوە بەکار بهێنن، دەبێت ئەوەتان لە بیر بێت، پەیامەکانی ئێوە لە کاتێکدا کۆدیان بۆ دادەنرێت، کە وەرگریش ئەپڵیکەیشنی سیگناڵی لەسەر موبایلەکەی خۆی دابەزاندبێت.
نمونەیەکی دیکە ئەوەیە، کە "سیگناڵ" تەنها لە کاتی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت بەکار دەهێنرێت. هەر چەند بەرنامەیەکی زۆر باش و بەرزە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە، بەڵام لە ئەگەری پچڕانی ئینتەرنێت دا کارایی‌یەکی زۆری نابێت.

# Jami

Android | iOS | Windows | Linux

"جەیمی" پلاتفۆرمێکی خۆڕاییە بۆ پەیوەندی و پەیام گۆڕینەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات ناسنامە و شوناس و سنووری تایبەتیی بەکارهێنەرەکانی دەپارێزێت. "جەیمی" سیستمی کۆدانانی سەرتاسەریی هەیە و بە شێوەی هاوتا بۆ هاوتا کار دەکات، کەواتە پێویستی بە سێرڤەرێکی ناوەندی بۆ گواستنەوەی زانیاری و پەیام لە نێوان بەکارهێنەردا نییە.
لەبەر ئەوەش ئەو بەکارهێنەرانە، کە لەسەر تۆڕی لۆکاڵ و خۆجێی دان (بۆ نمونە، تۆڕێکی وای فای گشتی بە بێ دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت)، دەبێت بتوانن لە ڕێگەی "جەیمی"یەوە پەیوەندی لەگەڵ یەک دا ببەستن، تەنانەت ئەگەر بە ئینتەرنێتیشەوە کۆنێکت نەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئەم ئەپڵیکەیشنە لە ئەندرۆید دا لە گۆگڵ پلەی، و بۆ iOS لە ئەپڵ ستۆردا دانلۆد دەکرێت. دەشتوانن ڤێرژنی تایبەت بە دیسکتۆپیش (ماک، ویندۆز و لینۆکس) لە خودی ماڵپەڕی "جەیمی" دا دانلۆد بکەن. بۆ دروستکردنی ئەژمار و ئەکاونتی جەیمی پێویستی بە نووسینی هیچ یەک لە زانیاری و تایبەتمەندییە کەسیەکانتان، یان ژمارەی تەلەفونەکەتان نییە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

جگە لە دروستکردنی پەیوەندیی پارێزراو، "جەیمی" پەیوەندیی ڤیدیۆیی و کۆنفرانس بە کوالیتیی ئێچ دی پێشکەش دەکات، بەڵام کوالیتیی ئەو پەیوەندییانە پەیوەندییان بە کوالیتیی ئەو ئینتەرنێتەوە هەیە، کە ئێوە بەکاری دەهێنن.
بەهۆی توانایی ناردنی پەیام لە ڕێگەی تۆڕەکانی وای فای-یەوە دەتوانن لە کاتی بڕینی کاتیی ئینتەرنێت (و تەنانەت بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت) دا بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کانتێکتدانەدا (بەردەنگ و هاوبەش)ەکانتان، کە لە نزیک ئێوەدان، کاریگەر و کارا کار بکات. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە "جەیمی" بتوانێت لە کاتی سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی دا بە شێوەیەکی دڵنیاکەرەوە کار بکات، بەڵام تەنها بەو مەرجەی ئینتەرنێتی نیشتمانی لە بەردەست و لە کاردا بێت.
دەبێت لەوە ئاگادار بن، کە توێژەرەوەکانی ئێمە ناتوانن بە شێوەی سەربەخۆ ئەو زانیارییانە پشتڕاست بکەنەوە، کەواتە ناتوانن لەبارەی توانایی و کارایی ئەو ئەپڵیکەیشنەوە لەو بارودۆخانەدا بە شێوەی دڵنیاکەرەوە بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو. تاقیکردنەوەکان و بینینی نمونەی زیاتر بۆ ئەم کارە پێویستە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

بە پێچەوانەی بەشێک لە ئەپڵیکەیشنەکان، کە لەسەر بنەمای تۆڕی ڕایەڵەیی **meshnet-based** بەرنامەڕێژییان بۆ کراوە، "جەیمی" توانایی بەکارهێنانی بلوتوسی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی تردا نییە. دروستکردنی پەیوەندیی ئۆفلاین لەگەڵ کانتێکتەکاندا، پێویستیی بە کۆنێکتی هەر دوو لایەنەوە هەیە بە تۆڕێکی ئینتەرنێتی هاوبەشی لۆکاڵی و خۆجێیەوە.
هەروەها ئەندازیارانی ئەو ئەپڵیکەیشنە ڕێگایەکیان بۆ داوای لە ناوبردنی تەواوەتیی زانیارییەکان لە بەرچاو نەگرتووە.

# Briar

Android | F-Droid app

"برایر" ئەپڵیکەیشنێکە بۆ ناردن و گەیاندنی پەیامەکان، کە بۆ بەکارهێنانی چالاکوانان، رۆژنامەنووسان و هەموو کەسێکی دیکە، کە پێویستییان بە دروستکردنی پەیوەندی لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا هەبێت، بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە. بە پێچەوانەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی باو، "برایر" پشتبەستووە نییە بە سێرڤەرێکی ناوەندییەوە، پەیامەکان بە سوودوەرگرتن لە تۆڕێکی ڕایەڵەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئامێرەکانی بەکارهێنەران دا هاوکات کراو، یان هەمان synchronized دەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەکارهێنەران دەتوانن "برایر" بۆ ئەندرۆید لە پلەی ستۆر گۆگڵ، F-Droid یان، لە ماڵپەڕی برایر-ەوە دانلۆد بکەن.

## باشی و تایبەتمەندییەکانی

"برایر" دەتوانێت بە شێوەیەکی دڵنیابەخش کار بکات بۆ هاوبەشیکردنی پەیامە گرنگەکان لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە متمانەت پێیان هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ڕێگاتان پێ دەدات تاوەکو هاوبەشی بە داتا و زانیارییەکانت لەگەڵ لیستی بەردەنگەکان (کانتێکت)تەکانتدا بە شێوەیەکی پارێزراوبکەیت. هەڵبەت پێویستتان بەوە دەبێت، کە کەسی وەرگر لە سنووری بلوتوس، یان لەسەر تۆڕی وای فای هاوبەش دا بێت.

جگە لە تواناکانی گفتوگۆکردنی سەرتاسەری، تایبەتی و گروپی، "برایر" ئەو توانایی و دەرفەتەش بە ئێوە دەدات، تاوەکوژووری گفتوگۆ و بلاگ دروست بکەن، کە دروستکردنی پەیوەندیتان لەگەڵ چەندین گروپی جۆراوجۆر و جیاوازدا بۆ مەیسەر دەکات، تەنات لە کاتی بڕینی ئینتەرێنتیشدا توانایی هاوبەشیکردن و نوێکردنەوە و ئابدەیتی هەیە.

ژوورەکانی گفتوگۆ، گفتوگۆی تایبەت نین، بە پێچەوانەی گروپە تایبەتەکانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەشدارییان تیادا بکات و دەتوانێت بەردەنگەکانی خۆی بانگهێشتی ژوورەکە بکات. هاوکات بلاگەکان دەرفەتی پۆستکردن و هاوبەشیکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئابدەیتەکان بۆ هەموو بەردەنگەکانت فەراهەم دەکەن.

"برایر" هەروەها بە ئەپڵیکەیشنی "دوگمەی هۆشدار" Ripple تەیار کراوە، کە دەتوانێت برایر بشارێتەوە، یان لە کاتێکدا، کە نیگەرانی ئەوە بیت، کە ئەژمارەکەت لە ژێر چاودێریدایە، کە ئەژمارەکە و مێژووی پەیامەکان بسڕێتەوە. یان دەستی بەسەردا گیراوە، دەتوانێت خۆی بە شێوەیەک پۆلێنبەندی بکات، کە ئەژمارەکە و مێژووی پەیامەکان بسڕێتەوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەڵبەت ئەم ئەپڵیکەیشنە هەندێک کێشەشی هەیە. هەندێک ڕاپۆرت لەبارەی کێشەی دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی بلوتوسەوە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا بە دەستمان گەیشتوە، بەڵام گروپی "برایر" سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەن.

لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا، ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت کارایی هەبێت، کە بەکارهێنەرانی لە سنووری بلوتوس و وای فای یەکتردا بن.

کێشەیەکی دیکەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەوەیە، کە تاوەکو ژمارەیەکی زۆر لە کەسکان دەست بە بەکارهێنانی "برایر" نەکەن، ناتوانێت لە کاتی بڕینی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دا هەموو تواناییەکانی خۆی بخاتەکار و کاریگەر بێت. بۆ ئەوەی "برایر" بتوانێت ببێت بە ئەپڵیکەیشنێکی ناردن و گەیاندنی بەهێزی پەیامەکان و بکرێتە شوێنگرەوەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی پەیام، دەبێت ژمارەیەکی بەرفراوان لە بەکارهێنەران کاری پێ بکەن.

## بەرنامەکانی تێپەڕاندنی فیلتەر - چاوەڕێی خاوبوونەوەی خێرایی بکەن

لە کاتی خاوبوونەوەی ئینتەرنێت دا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەن، کە بەرنامەکانی تێپەڕاندنی و ڤی پی ئێن-ەکان ئێوە لە دۆخی ئاسایی خاوتر دەکاەوە. ئەگەر دەتەوێت دەستت بە ناوەرۆکی فیلتەرکراوەکان ڕابگات، پێویستە ڤی پی ئێن-ێک بەکار بهێنن، بەڵام تەنها دەبێت زیاتر چاوەڕێ بکەن بەهۆی خابوونەوەوە.

تەنانەت ئەگەر ڤی پی ئێن-ێکی متمانەپێکراو، کە ئێمە لێرەدا دەیناسێنین لەم بارودۆخەدا خابوونەوە، خۆتان تووشی ڕاڕایی نەکەن و ڤی پی ئێن-ێکی خۆڕایی نەناسراو تاقی مەکەنەوە. هەموو ڤی پی ئێن-ەکان پارێزراو نین و ئەگەر هۆشیار و لەسەر خۆ نەبن ئەگەری ئەوە هەیە تووشی بەرنامە خراپەکان، یا چاودێری و گوێ لێگرتنی ئۆرگانەکان و دام و دەزگاکان و کۆمپانیاکان ببەن.

ئەگەر هیچ یەک لەم بەرنامانەی خوارەوە بە باشی کاریان نەکرد و ویستتان ڤی پی ئێن-ێکی دیکە تاقی بکەنەوە، تکایە سەردانی ماڵپەڕی پس کوچە بکەن تاوەکو لیستی کامڵ و تەواوی ڤی پی ئێن-ەکان و بەرنامەکان متمانەپێکراوەکانی تێپەڕاندن لەوێدا بدۆزنەوە.

# Psiphon

Android | iOS | Windows | Android direct source

"سایفۆن" بەرنامەیەکە بۆ تێپەڕاندنی فلیتەر، کە لە تەکنەلۆژیای ڤی پی ئێن، ئێس ئێس ئێچ و ئێچ تی تی پی سوودی وەرگرتووە تاوەکو دەستڕاگەیشتنی بەبێ سانسۆر بە ناوەرۆکی ئینتەرنێت بۆ ئێوە دەستەبەر بکات. ئەم ئەپڵیکەیشنە بە شێوەی ئۆتۆماتیک خاڵ و شوێنی دەستڕاگەیشتنی نوێ دەدۆزێتەوە تاوەکو توانایی تێپەڕاندنی فلیتەرەکان بۆ ئێوە زیاتر بکات.

## بەکارهێنانی ئاسان

کارکردن بە "سایفۆن" زۆر ئاسانە. تەنها پێویست دەکات، بەرنامەکە لە ڕێگەی یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە لە ئامێرەکەی خۆت دا دانلۆد و دواتریش بەرنامەکە بخەیتە کار. دوای خستنەکاری بەرنامەکە، ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە و لە "connect" دەدەیت تاوەکو "سایفۆن" لەسەر ئامێرەکەتان چالاک بێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"سایفۆن" پێشینەیەکی درێژی لە تێپەڕاندنی سانسۆری ئینتەرنێت لە ئێران دا هەیە و هەر لەو پێناوەدا توانا و کارایی خۆی بۆ تێپەڕاندنی فلیتەر پاراستوە.

هەر چەند لە کاتی ڕوودانی کێشە لە ئینتەرنێت دا، یان لە کاتی بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت دا لە توانایەکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام بەشێکی کەم لە بەرکاهێنەرانی "سایفۆن" ڕاپۆرتیان داوە، کە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت لە گەلاڕێزانی ۱۳۹۸ دا دەستیان بە ناوەرۆکی ئینتەرنێتی جیهانی گەیشتووە. بەپێی توێژینەوە وردەکانی خودی "سایفۆن"یش زانیاریی ئەو ڕاپۆرتانە پشتڕاستکراونەتەوە.

لە ڤێرژنی ۵۰ و بەرەوژوورتری ئەندرۆید بەرنامەی تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەر لەلایەن سایفۆنەوە، بژاردەی ناچالاککردنی ئەو بەرنامانەی بۆ فەراهەم کردوون، کە نەتانەوێت بە تونێلی سایفۆن دا تێپەڕن.

بەمشێوەیە دەتوانن ئەم فیلتەر شکێنە هۆشمەندانەتر و دیاریکراوانەتر بەکاربهێنن و ڕێگریش لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتی زیادە بکەن و بەوەش دەست بە ئینتەرنێتەکەتانەوە بگرن.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئەگەر دەتانەوێت دەستتان بە زانیاریی هەستیار بگات و بڵاویان بکەنەوە، نابێت تەنها پشت بەم ئەپڵیکەیشنە ببەستن.

هەر چەند بەبەکارهێنانی "سایفۆن"، ISP ی ئێوە توانایی بینینی ئەو ناوەرۆکەی نابێت، کە ئاڵۆگۆڕی پێدەکرێت، بەڵام ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕێگری لەوە ناکات، کە مێژووی براوزەر و کوکییەکان لەسەر ئامێرەکەی ئێوە نەمێنن.

دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، "سایفۆن" بەشێک لە زانیارییەکان لە پەیوەند بە ناوچە، وڵات و چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەسەر براوزەرەکەی ئێوە و کات و مێژووەکەیان تۆمار دەکات. بەرنامەدانەرانی "سایفۆن" ئەو داتایانە کۆدەکەنەوە و شیکاریان دەکەن و دواتر دەیانسڕنەوە. شێوازی کاری "سایفۆن" لە پەیوەند لەگەڵ پاراستنی سنووری تایبەتی ئێوە بە زمانی فارسی لێرەدا لە بەردەستە، کە لەبارەی کۆکردنەوەی داتاکان و شێوەی هاوبەشپێکردنیان لەگەڵ لایەنی سێیەم دا زانیاری و ڕوونکردنەوەی تیادا خراوەتەڕوو.

# Lantern

Android| iOS | Windows | GitHub

"لێنتێرن" ئەپڵیکەیشنێکە بۆ تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەر، کە چەندین شێوازی جۆراوجۆر بۆ تێپەڕاندنی فیلتەر و سانسۆر بەکار دەهێنێت و ئەوەش پەیوەندیی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە، کە سانسۆرچی لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکە ئەنجامیان دەدات. ئەم بەرنامەیە هەست بە فیلتەرکراوبوون، یان فیلتەرنەکراوبوونی ماڵپەڕێک دەکات و تەنها لەکاتێکدا ماڵپەڕەکە لەبەردەستدا نەبێت دەست بە کارکردن بە شێوازەکانی خۆی دەکات بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکە. ئەوە بەو واتایەیە، کە دەتوانێت خێراتر خۆی بە ماڵپەڕە فیلتەر نەکراوەکانەوە کۆنێکت بکات.

هەرچەند زۆرجار خێراییەکی زۆر پێشکەش دەکات و ئاڵوگۆڕی داتاکانی ئێوە لە ماڵپەڕە فیلتەرکراوەکاندا دەکات بە کۆد، بەڵام بانگەشەی ئەوە ناکات، کە ناسنامەی بەکارهێنەرانی دەپارێزێت و ئەو توانایەی نییە، کە بەکارهێنەرەکانی لە بەرامبەر چاودێریکردن و گوێگرتن دا بپارێزێت، یان بۆ نموونە وەک ئەپڵیکەیشنەکانی تری وەک "تۆر" Tor بتانپارێزێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

کار بە "لێنتێرن" تا ڕادەیەکی زۆر سادە و ئاسانە. تەنها پێویست دەکات بە بەکارهێنانی یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە بەرنامەکە لە ئامێرەکەی خۆتدا دانلۆد بکەیت و بیخەیتە کار. دوای خستنەکار، ئەپڵیکەیشنەکە بکەرەوە و لە connect بدە تاوەکو چالاک بێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

تایبەتمەندیی سەرەکیی "لێنتێرن" ئەوەیە، کە دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕە فیلتەرکراوەکان بە خێرایی زۆرەوە فەراهەم دەکات. ئەو ئەپڵیکەیشنە لە دۆخی ئێران دا زۆربەی کاتەکان سەلماندویەتی، کە لە تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەرەکانی حکومەتەدا بە شێوەیەکی کاریگەرانە کاریکردووە.

لەبەر ئەوەش بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی ئاسایی و تێپەڕاندنی فیلتەرەکانی دەوڵەتی ئێران، گونجاوترین بەرنامەیە، بەڵام بۆ بەکارهێنان لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانەوە، کە ئاشکرانەبوونی ناسنامە و شوناسیان دەبێت لە پلەی یەکەم دا بێت، بەرنامەیەکی گونجاو نییە. ئەگەر پاراستنی تەواوەتیی سنووری تایبەتی و ناسنامە، بۆ ئێوە بابەتێکی گرنگە، دەبێت بە دوای ڤی پی ئێن دا بگەڕێن، کە بە تایبەتی بۆ ئەو کارە و پاراستنی شوناس و ناسنامەی ئێوە دروستکراوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

لە گەڵاڕێزانی ١٣٩٨ دا، کە ئینتەرنێت لە ئێران بڕابوو، "لێنتێرن" وەک ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرا، کاریگەرانە کاری نەکرد و هیچ ڕاپۆرتێکی بڕواپێکراو لەسەر ئەوە بە دەست نەگەیشتووە، کە بەکارهێنەرانی "لێنتێرن" لە دوای بڕینی ئینتەرنێت توانیبێتیان خۆیان بە ئینتەرنێتی جیهانییەوە کۆنێکت بکەن. لەبەر ئەوەش ئێمە کارکردن بەم ئەپڵیکەیشنە تەنها بۆ دۆخی "ئاسایی" پێشنیاز دەکەین.

هەر وەک ئەوەی باسکرا، "لێنتێرن" هیچ بانگەشەیەکی بۆ ئەوە نەکردووە، کە ناسنامەی ئێوە دەپارێزێت. هەر جۆرە پەیوەندییەک، کە لە ڕێگەی "لێنتێرن"ەوە دروستکرابێت، دەکرێت بە کۆد، بەڵام ئەم بەرنامەیە ناتوانێت هیچ کارێک لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەکارهێنەرانی لە بەرامبەر ئەو ماڵپەڕانەدا بکات، کە بەکارهێنەرەکانی خۆیان چاودێریی دەکەن، یان لە بەرامبەر چاودێری و گوێگرتنی حکومەتەدا بەکارهێنەرەکانی بپارێزێت.

"لێنتێرن" زانیارییە تایبەتەکانی پەیوەندیدار بە ناوچە، وڵات و چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەسەر براوزەرەکەی ئێوەدا و کات و مێژووەکەیان تۆمار دەکات. ئەو داتایانە پێش ئەوەی لەلایەن بەرنامەداڕێژانی ئەو بەرنامەیەوە شیکاری بکرێت، بە شێوەی aggregate کۆدەکرێنەوە و تەنها لە کاتێکدا لەگەڵ لایەنی سێیەم هاوبەشیی پێدەکرێت، کە بە تەواوەتی aggregate زانیاریی کەسی و شوێن و کات و مێژووەکەی ونکرابێت. زانیاریی زیاتر لە بەشی "شێوازێک لەبواری سنووری تایبەتی دا" لە لێنتێرن لێرەدا بە زمانی ئینگلیزی لەبەردەستدایە.

# Proton VPN

Android | iOS | Windows | Linux

"پرۆتۆن ڤی پی ئێن" بەرنامەیەکی خزمەتگوزاریی ناردن و گەیاندنە لە ناو دونیای ئینتەرنێتدا، کە بە پاڵپشتیی دارایی بەکۆمەڵ پشتیوانیی لێدەکرێت، لەلایەن دامەزرێنەرانییەوە خزمەتگوزاریی ئاسایشیی ئیمەیڵی "پرۆتۆن مایڵ" پێشکەش دەکات. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا پارێزگاری لە ئاسایش و سنووری تایبەتی بەکارهێنەرانی دەستەبەر کردووە.
خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە، کە "پرۆتۆن ڤی پی ئێن" ڤێرژنی خۆڕایی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بە بێ هیچ سنووردارکردن و لەمپەرێک لە ترافیکی داتاکاندا بۆ بەکارهێنەرانی خۆی پێشکەش و دابین کردووە.
ئەو ڤی پی ئینە ١٧٠٠ سێرڤەری لە ٦٠ وڵاتی جیهاندا هەیە و بە ئاستی توانایی گواستنەوەی ٦٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا خێراییەکی زۆر باشی هەیە، بەڵام ناکرێت دڵنیایی لەوە بدرێت، کە ڤێرژنی خۆڕاییش هەمان ئەو خێراییەی هەبێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

ڕەوتی خۆ تۆمارکردن کارێکی ئاسانە. ئەگەر ڤی پی ئێن-ێکی دیکە بەکار دەهێنێت، برۆ بۆ ماڵپەڕی "پرۆتۆن ڤی پی ئێن" و بە ئیمەیڵەکەی خۆت ئەژمارێک (ئەکاونتێک) بۆ خۆت دروست بکە. پاشان ناوی بەکارهێنان و پاسوەردەکەتان هەڵبژێرن. دوای ئەوە ئیدی دەتوانن ڤێرژنی گونجاو بۆ ئامێرەکەی خۆتان دانلۆد بکەن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

شێوازی کاری "پرۆتۆن ڤی پی ئێن" بەرمەبنای ئەوەیە، کە هیچ داتایەک تۆمار ناکات، ڕێبازێکی نووسراوی زۆر ورد و ڕوونی هەیە، کە دەتوانیت لێرەدا بە زمانی ئینگلیزی بیخوێنیتەوە. ئەم ئەپڵیکەیشنە بە جۆرێک دروستکراوە، کە تونێلێکی ڕەمز و کۆدکراو لە نێوان ئێوە و سێرڤەرەکەی خۆتاندا دروست دەکات و بەو کارەش ئێوە لە چاودێری و گوێگرتنی دوژمنان دەپارێزێت و مێژووی کار و چالاکیەکانی ئێوە لە ئای ئێس پی دا دەشارێتەوە.
ئەپڵیکەیشنەکانی "پرۆتۆنی ڤی پی ئێن" لەسەر هەموو پلاتفۆرمەکاندا بە تەواوی دەق کراوەن و ئاسایشی ئەوان بە شێوەی سەربەخۆ بە وردی وردبینیی بۆ کراوە. ئەم ڤی پی ئێن-ە توانایی پچڕانی لە ناکاو (kill switch) هەیە، کە لە ئەگەری بڕینی ڤی پی ئێن دا ڕێگری لە ترافیکی ئینتەرنێت لەسەر ئامێرەکەی ئێوە دەکات. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە بە ڕێککەوتیش ئێوە بەبێ پارێزگاری نەمێننەوە.
سێرڤەرەکانی "پرۆتۆن ڤی پی ئێن" لە وڵاتی سویسرا دایە، لە وڵاتێکدایە، کە یاسای توند و سەختی لە بواری پارێزگاری لە سنووری تایبەتی کەسەکان هەیە و بەپێی پێشینە و ئەوەی لە ڕابردوو هەبووە، بەشداری لە بەرنامەکانی هاوبەشیپێکردنی زانیاری و سیخوڕیی نێونەتەوەیی دا ناکات.
لەسەر بنەمای ئەو یاسا و تایبەتمەندییە، دەکرێت بوترێت، کە "پرۆتۆنی ڤی پی ئێن" کارنامەیەکی بەهێزی لە بواری سنوری تایبەتیی کەسەکان، ئاسایش و بە کۆدکردندا هەیە و ئەگەر بە دوای دەستکەوتنی ڤی پی ئێنێکی خۆڕاییەوەن، دەکرێت ئەمە هەڵبژاردنێکی باش بێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

بۆ سوودوەرگرتن لە "پرۆتۆن ڤی پی ئێن" پێویستە خۆت لە بەرنامەکەیدا تۆمار بکەیت، ڕەنگە ئەوەش هەندێک گرفت لە کاتی دروستبوونی کێشە لە ئینتەرنێت، یان کاتێک ماڵپەڕ، یان ئەپڵیکەیشنەکە فیلتەر کراوە، دروست بکات. ڕێنمایمان ئەوەیە، کە بۆ خۆ تۆمارکردن ئیمەیڵێک جگە لە ئیمەیڵە هەمیشەییەکەی خۆتان بەکاربهێنن.
هەر وەک ڤی پی ئێن-ە بازرگانییەکانی تر، بە ئەگەری زۆر پاکێجی خۆڕایی "پرۆتۆن ڤی پی ئێن" بە بەراورد لەگەڵ ڤێرژنی کڕدراودا، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر خێرایی ئینتەرنێتەکەتان دەبێت. هەر چەند ئەم ئەپڵیکەیشنە بەرنامەیەکی زۆر گرنگ و کارامەیە بۆ پاراستنی ناسنامە و شوناسی ئێوە و تێپەڕاندنی فیلتەرەکان، بەڵام ئەم بابەتە بە بەهای خاوبوونەوەی خێرایی ئینتەرنێتەکەتان تەواو دەبێت.

# TunnelBear

Android | iOS | Windows

"تونێل بێر" خزمەتگوزارییەکی ڤی پی ئێنە، کە دەتوانیت بۆ گەڕان و سێرچکردن لە ئینتەرنێتدا بە شێوەیەکی نهێنی و پارێزراو بەکاری بهێنێت. ڤی پی ئێنی دڵنیابەخشی "تونێل بێر" سنووری تایبەتی ئۆنلاینی ئێوە دەپارێزێت و لە ڕێگەی بکارهێنانی تۆڕێکی تایبەتی ئۆنلاینی ((Virtual Private Network – VPN شوێن و لۆکەیشنی ئێوە دەشارێتەوە. لەم شێوازەدا داتا و زانیارییەکان بە شیوەی کۆدکراو بۆ سێرڤەری ڤی پی ئێن دەگوێزرێنەوە و لەوێیەوە دەگاتە ئەو ماڵپەڕە، کە بەکارهێنەرەکە دەیەوێت. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە، کە "تونێل بێر" پاکێجێکی خۆڕایی بۆ بەکارهێنەرانی ئێرانی هەیە. ئەم پاکێجە بریتییە لە ۱۰ گێگابایت خزمەتگوزاریی خۆڕایی لە مانگێکدا بۆ بەکارهێنەران لە ناوخۆی ئێران. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە چەند تاقیکردنەوەیەکی ئاسایشیی سەربەرزانە دەرچووە، کەواتە دەبێت بتوانێت لە پاراستنی ئاسایش و سنووری تایبەتی ئێوەدا لە دونیای ئۆنلاین دا کاریگەر بێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

دەتوانیت ئەپڵیکەیشنی "تونێل بێر" بە سوودوەرگردن لە یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە، کە بە گونجاوی دەزانیت بۆ ئامێرەکەت دانلۆد بکەیت.

دوای ئەوەی ئەپڵیکەیشنەکەت کردەوە، پێویستە بە ئیمەیڵەکەی خۆت ئەژمارێک دروست بکەیت (ڕێنمایی ئێمە ئەوەیە، کە ئیمەیڵە هەمیشەیەکەی خۆت بەکار نەهێنێت)، دوای ئەوە دەتوانیت بە ڤی پی ئێن-ەکەوە کۆنکێت بیت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"تونێل بێر" لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتە کار دەکات، کە هیچ داتا و زانیارییەک تۆمار نەکرێت، واتە داتا و زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە ناونیشانی IP ەکەی ئێوە، یان ئەو ماڵپەڕانەی، کە سەردانیان دەکەیت، تۆمار ناکات. دەتوانن ڕێبازی پەیوەندیدار بە سنووری تایبەتی ئەم ئەپڵیکەیشنە لێرەدا بە زمانی ئینگلیزی بخوێننەوە، کە وردەکاریی تەواوی لەبارەی شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بە شێوەیەکی سنووردار و بەبێ ئاشکراکردنی ناسنامەی کەسەکانی تیادا خراوەتەڕوو.

هەر وەک ئاماژەی پێکرا، ئەم ئەپڵیکەیشنە لە چەندین تاقیکردنەوەی ئاسایشیی سەربەرزانە دەرچووە و لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین، بەرنامەیەکی متمانەپێکراوە و تواناییەکانی لە بواری پاراستنی ناسنامە و سنووری تایبەتی و هەروەها تێپەڕاندنی فیلتەرەکاندا سەلماندووە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

"تونێل بێر" لە ئێستادا پاکێجی خۆڕایی خۆی تاوەکو ۵۰۰ مێگابایت لە مانگدا سنووردار کردووە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە نابێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆکی قورسی وەک ژمارەیەکی زۆر وێنە و فیلم پشت بەم ئەپڵیکەیشنە ببەستن.

هەروەها ئەم خزمەتگوزارییە داوا لە ئێوە دەکات تاوەکو بە ئیمەیڵەکەی خۆتان، خۆتان تۆمار بکەن، کە ئەوەش دەتوانێت لە کاتی کێشە و بڕین لە ئینتەرنێت یان فیلتەرکردندا کێشە دروست بکات. جگە لەوەش ڕێنمایمان بۆ ئێوە ئەوەیە، کە ئیمەیڵە هەمیشەیەکەی خۆتان بۆ خۆ تۆمارکردن بەکارنەهێنن.

# Windscribe VPN

[Android](#) | [iOS](#) | [Windows](#) | [Linux](#)

"ویندسکرایب" خزمەتگوزارییەکی بازرگانیی ڤی پی ئێن-ە، کە دەتوانیت بۆ گەڕان و سێرچی ئازادانە و پارێزراو لە ئینتەرنێتدا سوودی لێوەربگریت. ئەویش لە سنووری تایبەتی ئێوە پارێزگاری دەکات و هاوکاریتان دەکات، تاوەکو فیلتەرەکانی سەر ئینتەرنێت تێپەڕنن.

پاکێجی خۆڕایی "ویندسکرایب" لە هەموو مانگێکدا ١٠ گێگابت ترافیکی داتا و زانیاری پێشکەش دەکات، کە ئەوەش زۆر دەست و دڵکراوانەیە. هەروەها فایروالی "ویندسکرایب" لەسەر ئەو پاکێجەدا هەیە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو پەیوەندییەکان لە دەرەوەی تونێلەکەی خۆی دادەخات تاوەکو هیچ داتا و زانیارییەک لە پەیوەندییەکەی ئێوەدا دزە نەکاتە دەرەوە.

## سهولت استفاده

ئەم ئەپڵیکەیشنە لە یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە دانلۆد بکەن. کاتێک بۆ یەکەمجار ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە، داواتان لێدەکات تاوەکو ئەژمارێک دروست بکەن. بۆ ئەوەش دەبێت ئیمەیڵێک و پاسوەردێک هەڵبژێرێت (تا ئەو شوێنەی دەکرێت ئیمەیڵی سەرەکیی خۆتان بەکار نەهێنن)، ئێستا ئەو دەرفەتتان هەیە تا ١٠ گێگابایت ترافیکی مانگانەی خۆڕایی داوا بکەن.

دوای ئەوەی ئەم کارەتان ئەنجامدا، دەتوانیت ڤی پی ئێن-ەکە لەسەر ئامێرەکەی خۆت چالاک بکەیت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

هەر چەند ئەگەری ئەوە هەیە خێرایی ئەم ئەپڵیکەیشنە هەموو کات بە باشیی ڤی پی ئێن-ەکانی تر نەبێت، بەڵام ئەوەی سەلماندووە، لە دروستکردنی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەرانی ئێرانی بە ناوەڕۆک و زانیارییە فیلتەرکراوەکان زۆر کاریگەرانە کاریکردووە.

فایروالی ناو ئەم ئەپڵیکەیشنە دیوارێکی پارێزگاریی تر بە سنووری تایبەتی ئێوە زیاد دەکات تاوەکو ڕێگری لە مەترسیی دزەکردنی زانیاری لە تونێلی ڤی پی ئێن-ەکەی ئێوەدا بکات.

ئەم ئەپڵیکەیشنە توانایی دابەشکردنی تونێلی هەیە، کە ئەوەش ئەو دەرفەتە بە ئێوە دەدات، کە بە شێوەیەکی تایبەت ئەوە هەڵبژێرن، کە کام بەرنامەیە لە ڤی پی ئێن-ەکەدا بەکار بهێنیت. ئەوەش بە مانای دەستپێوەگرتنە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتەکەتاندا.

یەکێکی دیکە لە باشییەکانی ئەم ڤی پی ئێن-ە توانایی هەڵبژاردنە لە نێوان چوار پرۆتۆکۆڵی OpenVPN UDP/TCP, IKEv2, Stealth دا، کە ئەوەش هاوکاریتان دەکات لە خێرایی و گەڕان و سێرچەکانتان دا.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەر وەک ڤی پی ئێن-ە بازرگانییەکانی تر، ئەگەری زۆر ئەوەیە، کە "ویندسکرایب"یش لە کاتی بڕینی بەردەوامی ئینتەرنێتدا، یان کێشە لە ئێنتەرنێتدا، یان کەمکردنەوەی خێرایی ئینتەرنێت دا، زۆر باش کار نەکات.

هەر چەند بەرنامەیەکی زۆر باشە بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکان، بەڵام دەبێت سەرنجتان لەسەر ئەوە بێت، کە بەئەندازەی بەرنامەکانی تێپەڕاندنی وەرگیراو لە Tor ، لە پاراستنی ناسنامەی ئێوەدا کاریگەرانە کار ناکات.

# 1.1.1.1 + WARP

Android | iOS | Windows | LINUX

ئەپڵکەیشتنی ۱.۱.۱.۱ ی کۆمپانیای Cloudflareبۆ تێپەڕاندنی دی ئێن ئێس-ە، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ڤی پی ئێن کار دەکات. ترافیکی ئینتەرنێتی ئێوە بە تونێلێکی دڵنیابەخشەوە تێدەپەڕێنێت، کۆدی بۆ دادەنێت و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە داتا و زانیارییەکانی براوزەرەکەی ئێوە بە لایەنی سێیەم نیشان نادات.

هەر چەند ئەگەری ئەوە هەیە رێگری لە چاودێریکردنی ISP لەسەر ئێوە بکات، کە چ ماڵپەڕێک دەکەنەوە، بەڵام نابێتە هۆی ئەوە پەیوەندیی ئێوە بە ماڵپەڕەکانەوە بەبێ ئاشکراکردنی ناسنامەی ئێوە ڕووبدات، هەروەها توانایی ئەوەی نییە، کە سانسۆڕەکان بە باشیی ڤی پی ئێن تێپەڕێنێت. هەڵبەتە دەتوانێت لە ئاستی سەرەتایی دا ئاسایشی ئۆنلاینی ئێوە دەستەبەر بکات و لە هەمان کاتدا خێراییەکی باشی هەبێت، بەڵام ئەم ئەپڵیکەیشنە بە ئەندازەی ڤی پی ئێن-ەکان، کە تایبەتن بە ئاسایشی سنووری تایبەتی، کاریگەر نابێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئێوە دەتوانن 1.1.1.1 + WARP لە گۆگڵ پلەی و ئاپ ستۆر، یان پس کوچە دا دانلۆد بکەن. کاتێک ئەم ئەپڵیکەیشنەتان دابەزاند و کردتانەوە، هەنگاو بە هەنگاو ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن و دوگمەی سلایدەر بۆ پەیوەندی و کۆنێکتکردن دابگیرسێنن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

ئەم ئەپڵیکەیشنە خۆڕاییە و کارکردن پێی زۆر سادەیە، ڤێرژنی پارەشی هەیە، کە خێرایی پەیوەندی و کۆنێکت بە ڕێژەی ۳۰% بەرز دەکاتەوە.

ئەم ئەپڵیکەیشنە لەلایەن کۆمپانیای Cloudflare دروستکراوە، ناوێکی متمانەپێکراوە لە بواری ئاسایشی ماڵپەڕ و ئەپڵیکەیشن دا، کە پێشینە و کارنامەیەکی درەوشاوەی لە پاراستنی ئاسایشی داتا و زانیاریی بەکارهێنەرەکانیدا هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە سیاسەتی شێوازی "تۆمار نەکردنی داتا و زانیارییەکان"ی هەیە و هیچجۆرە زانیارییەکی کەسی، کە توانایی ناسینەوەی پەیوەندیدار بە کەسی بەکارهێنەرەوە هەبێت لەم ئەپڵیکەیشنەدا کۆناکرێتەوە و هەڵناگیرێت.

هەروەها بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە دەبێتە هۆی ئەوە سێرڤسی دابینکەری ئینتەرنێتەکەتان نەتوانێت داتا و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە شێوەی چالاکی و کاری ئێوە لە ئینتەرنێتدا بۆ فرۆشتن بەوانەی ریکلام دەکەن، کۆبکاتەوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئەم ئەپڵیکەیشنە وەک بەرنامەیەک بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکان دروستنەکراوە، کەواتە نابێت چاوەڕوانی بکرێت، لە هەموو بارودۆخێکدا دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕە سانسۆکراوەکان فەراهەم بکات. بەشێک لەبەکارهێنەران ڕاپۆرتی ئەوەیان داوە، کە بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ کردنەوەی بەشێک لە ماڵپەڕەکان و ئەپڵیکەیشنەکانی وەک یوتیوب و گۆگڵ پلەی ستۆر کێشە و گرفتی هەیە.

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها ئاستێکی سنووردار لە ئاسایشی سنووری تایبەتی دەستەبەر دەکات. هەر چەند چالاکییەکانی ئێوە لە ISP دەشارێتەوە، بەڵام IPای ئێوە لەو ماڵپەڕانە ناشارێتەوە، کە ئێوە سەردانیان دەکەن.

# Outline

Android | iOS | Windows | Linux

ئۆتلاین پرۆسەی دروستکردنی ڤی پی ئێنی (VPN)ی ئاسانتر و کەم تێچووتر دەکات و ڕێگا بە ئێوە دەدات، کە خۆتان بەڕێوەی ببەن و بەکارهێنەران بە سێرڤەرەکەی خۆتان زیاد بکەن. ئێوە دەتوانن سێرڤەر لەسەر ئامازۆن، گۆگڵ، یان هەر کۆمپانیایەکی پێشکەشکەری خزمەتگوازیی هەوریی تر (ئای کلۆد) دابنێن. یەکێک لەو ڕێگایانە، کە حکومەتەکان سێرڤەرەکانی ڤی پی ئێن دادەخەن، لە ڕێگەی هەستکردن و دەستنیشانکردنی قەبارەیەکی زۆرە لە بەکارهێنانیان.

کەواتە بەپشتبەستن بەوەی، کە ئێوە لە ڕێگەی ئۆتلاین-ەوە تەنها ڤی پی ئێنێکی تایبەت بۆ خۆتان و گرووپێکی سنووردار بەکار بهێنن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە، کە ناسینەوەی ڤی پی ئێنەکە زۆر سەخت و دژوار بێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەرنامەی ئۆتلاین مەنیجەڕی گونجاو بۆ ئامێرەکەتان دابەزێنن و لایەنی دابینکەری خزمەتگوزاریی سێرڤسی هەوریی (ئای کلۆد) خۆتان هەڵبژێرن. لە دوای هەڵبژاردنی، ئاشنا دەبن بە ڕەوتە تایبەتەکەیان بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکە بۆ خستنەکار. ئێوە دەتوانن سێرڤەرەکەتان لە ڕێگەی ئۆتلاین مەنیجەڕەکەتانەوە بەڕێوەببەن.

لە دوای ڕێکخستنی سێرڤەرەکەتان و ئامادەکردنی، دەتوانیت کلیدی دەستڕاگەیشتنی یەکدانەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەرنامەی دیسکتۆپ مەنیجەڕدا دروست بکەیت. مەنیجەڕ ئەو توانایە بە ئێوە دەدات تاوەکو بانگهێشتنامە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی پەیوەندیی دڵخوازتانەوە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ سێرڤەرەکەتان بنێرن. کلید و دوگمەکانی دەستڕاگەیشتن، واتە چۆناچۆن و بە چ شێوەیەک ئامێرەکەتان بە ئۆتلاین مەنیجەڕەوە ببەستنەوە و بە بەکارهێنانی سێرڤەرەکەتان پارێزگارییان لێ بکەن. هەر دوگمەیەکی دەستڕاگەیشتن تایبەت و تاقانەیە و دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەسەر سێرڤەرەکە ڕێکبخرێت، یان بسڕێتەوە. سنووردارکردنی داتا و زانیارییەکان ئەو توانایە بە ئێوە دەدات تاوەکو ئاستی پانیی باندی ڕێگەپێدرا بۆ هەر یەک لە دوگمەکان کۆنترۆڵ بکەیت.

دوای ئەوە، ئەپی ئۆتلاین کلاینت دانلۆد بکەن و بە بەکارهێنانی دوگمەی دەستڕاگەیشتنی تایبەت بە خۆتان، خۆتان کۆنێکت بکەن. ئەپی کلاینت ڤێرژنی بۆ دیسکتۆپ و ئامێرەکانی وەک مۆبایل و ئایپاد و... هتد هەیە، کەواتە دەتوانیت لە هەموو شوێنێکدا لە ڕێگەی هەموو ئامێرەکانتانەوە دەستتان بە ئینتەرنێتی ئازاد بگات و بە شێوەی تایبەت لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی دروست بکەن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

بەهۆی ئەوەی، ئەو ڤی پی ئێن-ە، کە ئێوە لەسەر سێرڤەرەکەتان دایدەبەزێنن تەنها لە ڕێگەی ئێوە و گرووپێکی دیاریکراوەوە بەکار دەهێنرێت، دۆزینەوەی زۆر دژوارتر دەبێت و دەشبێت کارکردنیش پێی زۆر هەرزانتر بێت. هەروەها ئۆتلاین دەڵێت، لە یەک "پرۆتۆکۆڵی بێ دەستدانەوە، کە هاوشێوەی هیچ شتێک نییە و دۆزینەوەی قورس بێت" کەڵکی وەرگرتووە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کاری پیاوەکانی حکومەت لە دەستنیشانکردن و داخستنیدا قورستر بێت.

ئەگەر کاتێک سێرڤەرەکەی ئێوە دابخرێت، دەبێت بە ئاسانی بتوانیت سێرڤەرێکی تر بە کەڵک وەرگرتن لە هەمان ئەم شێوەیە، سەرلەنوێ دروست بکەیت و کاری پێ بکەیت.

ئەم بەرنامەیە زانیاریی کەسی بەکارهێنەران و زانیاریی ئەو ماڵپەڕانە، کە بەکارهێنەرەکە سەردانی کردوون و پەیوەندیی لەگەڵ بەستوون، کۆناکاتەوە. زانیارییەک، کە ئەم بەرنامەیە کۆی دەکاتەوە دەتوانێت لێرەدا بە تێروتەسەلی بیخوێنیتەوە. ئۆتلاین دەق کراوەیە و لە دوو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی ئاسایشی سەربەخۆدا دەرچووە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات


هەر ڤی پی ئێن-ێکی پارێزراو بۆ دەستڕاگەیشتن بە سێرڤەرە نێونەتەوەییەکان پشتبەستووە بە خزمەتگوزارییە هەورییەکان (ئای کلۆد)ەکان، کەواتە لە ئەگەری پچڕانی تەواوەتیی ئینتەرنێت دا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڤی پی ئێنی تایبەتی ئێوە کەم تا فرەیەک لە کار دەکەوێت، ڕێک وەک هەر ڤی پی ئێنێکی دیکەی بازرگانی کە لە بازاڕدایە.

## به شێوەی نادیار ئینتەرنێت بەکاربهێنن - بەڵام چاوەڕێی کەمبوونەوەی خێرایی هێڵەکەتان بن

هەر وەک ڤی پی ئێن-ەکان، ئەپڵیکەیشنە کاراکراوەکان لەلایەن "تۆر"یشەوە لە ئەگەر داخستنی پانتایی باندی ئینتەرنێت دا درێژە بە کاری خۆیان دەدەن، بەوەش خێرایی کەم دیسانەوە دەکەوێتە بەر مەترسیی خاوبوونەوەی زیاتر. تەنانەت لەم حاڵەتەدا پێشنیازی ئێمە ئەوەیە، کە بەردەوام بن لەسەر کارکردن بە "تۆر" تاوەکو پەیوەندیی خۆتان بە شێوەی نادیار ڕابگرن، بە تایبەت ئەگەر کار بە زانیاریی هەستیار دەکەن.

لە کاتێکدا، کە پەیوەندی لە ڕێگەی "تۆر"ەوە فیلتەر بکرێت، یان داخستنی پانتایی باند ڕوو بدات، دەتوانیت کەڵک لە " Tor bridge" وەربگریت و بیکەیتە جێگرەوەی. ئەم پردانە، ڕلە (دوگمە و بازنەی ئیلکتریکی) Tor ن، کە لە لیستی سەرەکیی "تۆر" دا تۆمار نەکراون. لەوێڕا، کە لیستێکی کامڵیان بۆ هەموان لە بەردەستدا نییە، تەنانەت ئەگەر ISP ی ئێوە پەیوەندیی ئێوە بە هەموو ڕلە ناسراوەکانی "تۆر"ەوە فیلتەر بکات، هێشتا ناتوانێت هەموو پردەکان دابخات.

هاوڕێیانمان لە پس کوچە دا "ناساندنێکی" زۆر باشیان لەبارەی کارکردن بە "تۆر" ئامادە کردووە، کە بریتییە لە پێشینازەکان لەبارەی پەیوەندی دروستکردن بە ئینتەرنێتەوە لە ڕێگەی پردەکانی "تۆر"ەوە.



# Tor Browser

Android | MacOS | Windows | LINUX

براوزەری "تۆر" براوزەرێکی دەق کراوەیە، کە بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە سنووری تایبەتی ئێوە لە دونیای ئۆنلاین و هەروەها تێپەڕاندنی فلیتەرەکان دروستکراوە. شێوازی کارەکەی بەو شێوەیەیە، کە ترافیکی ئێوە پێش گەیشتن بە شوێنی دیاریکراو، بەلانیکەمەوە لە نێوان سێ گرێی پەیوەندیدا (سێرڤەرە خۆبەخشەکان)دا دەسوڕێنێت و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکات.

## بەکارهێنانی ئاسان

براوزەری "تۆر" لەسەر سیستەمەکانی ویندۆز و MacOS و هەروەها موبایلەکانی ئەندرۆیدا هەیە، بەڵام هێشتا لەسەر ئامێرەکانی iOS دا نییە. لە ڕێگەی لینکەکانی سەرەوە دەتوانیت دانلۆدی بکەیت.

دابەزاندنی براوزەری "تۆر" تاوەکو ڕادەیەک لەو ئامێرانەی تر ئاڵۆزترن، کە لێرەدا ناساندومانن. ماڵپەڕی پس کوچە شێوازی دابەزاندن و کارکردن بەم ئەپڵیکەیشنە بە شێوەی ورد و بە وردەکارییەکانەوە ئامادە کردووە، کە هاوکاریی ئێوە دەکات تاوەکو دۆخی ئاسایشی و ئەو تۆڕە ڕێکبخەیت، کە خۆت لە ئێران بەکاری دەهێنێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"تۆر" ئێوە نادیار ڕادەگرێت و دڵنیایی دەدات، کە داتا و زانیارییەکانی ئێوە لە چاوی دەزگاکانی کەرتی تایبەت و دەوڵەت، کە بیانەوێت چاودێری بکەن، بە شێوەی شاراوە و نادیار ڕادەگرێت. "تۆر" تەکنەلۆژیایەکە، کە لە تاقیکردنەوە و خۆسەلماندندا لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە و هەروەها لە بواری تێپەڕاندنی فیلتەرەکاندا کاریگەرانە کاری کردووە.

هەروەها بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیەیشنە دەبێتە هۆی ئەوە، کە لایەنی دابینکەری سێرڤس و خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەکەی ئێوە نەتوانێت داتا و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە شێوەی چالاکی و کارەکانی ئێوە لە ئینتەرنێت دا بۆ فرۆشتن بەوانەی، کە کاری ریکلام دەکەن، کۆ بکاتەوە.

لە ڤێرژنی 11.5 بە دواوە، لەم ئەپڵیکەیشنەدا ڕێوشوێنی گونجاوتر و ئاسانتر بۆ تێپەڕاندنی فیلتەر و سانسۆر ڕەچاو کراوە. ئەم ڤێرژنە بە شێوەی ئۆتۆماتیک و بەرمەبنای پێگە و دۆخی لۆکاڵیی ئێوە، گونجاوترین پرد بۆ تێپەڕاندنی فیلتەرەکان هەڵدەبژێرێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئێران هەوڵێکی زۆری بۆ فیلتەرکردنی "تۆر" داوە و بووەتە هۆی ئەوە، کە بەستنەوە و کۆنێکتکردنی بە ئینتەرنێتەوە لە ئێران، بەراورد بە وڵاتانی دیکە کێشە و گرفتی زۆرتری هەبێت. هەروەها دەبێت سەرنجتان لەسەر ئەوە بێت، کە لە کاتی بەکارهێنانی "تۆر" ڕووبەڕووی دابەزینی خێرایی ئینتەرنێت دەبنەوە. گەرچی ئەم ئەپڵیکەیشنە لە پاراستنی ئاسایشی ئێوەدا بێ هاوتایە، بەڵام ئەمەش بە بەهای خاوبونەوەی خێرایی ئێوە تەواو دەبێت.

ناوەرۆکی ترافیکی ئێوە لە ڕێگەی "تۆر"ەوە پارێزگاریی لێدەکرێت، بەڵام ئەوە بۆ پیاوەکانی حکومەت زۆر قورس نییە، کە بزانن ئێوە "تۆر" بەکار دەهێنن. دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، کە ئەم بابەتە بۆ خۆی دەتوانێت گومان لەسەر کار و چالاکییەکانی ئێوە دروست بکات.

# OrBot

Android| iOS| F-Droid

"ئۆربات" ئەپڵیکەیشنێکی پرۆکسیی خۆڕاییە، کە هاوکاریتان دەکات ئەپڵیکەیشنەکانی تر بە شێوەی پارێزراوتر لە ئینتەرنێتدا بەکاربهێنن. "ئۆربات" کەڵک لە "تۆر" وەردەگرێت تاوەکو ترافیکی ئینتەرنێتی ئێوە بکات بە کۆد و دواتر ڕەوانەی بکات بۆ چەندین کۆمپیوتەری جۆراجۆر لە سەرتاسەری جیهان و لەو ڕێگەیەوە داتا و زانیارییەکانی ترافیکی ئێوە نادیار و پارێزراو دەبێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

دەتوانیت ڤێرژنی ئەندرۆیدی ئەم ئەپڵیکەیشنە لە لینکەکانی سەرەوەدا دانلۆد بکەیت. بۆ بەشێک لە مۆبایلەکانی گالاکسیی سامسۆنگ، چەند قۆناغی زیاتر هەیە، کە دەبێت ئەنجامی بدەت تاوەکو ئەم ئەپڵیکەیشنە چالاک ببێت. ئەم قۆناغانە لەم ڤیدیۆیەدا ڕوونکراونەتەوە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

بەکارهێنانی "تۆر" دەتوانێت ئێوە لە بەرامبەر چاودێری و گۆێلێگرتنی ڕۆژانەدا بپارێزێت، کاتێک "ئۆربات" بەکاردەهێنن، ترافیکی ئێوە هاکات لەگەڵ تێپەڕاندن لە ڕایەڵەی "تۆر" بە سێ قۆناغ بەبەهێزی پشتیوانیی لێدەکرێت و کۆدی بۆ دادەنرێت و لەم ڕێگەیەوە یەکێک لە بەهێزترین شێوازەکانی گونجاو و بەردەست بۆ پارێزگاریکردن و نادیارهێشتنەوەی ئێوە لە دونیای ئۆنلاین دا فەراهەم دەکات.

تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە، کە ئێوە دەتوانن لە ناو ئەم ئەپڵیکەیشنەدا، ئەو ئەپڵیکەیشنانە هەڵبژێرێن، کە لەلایەن "تۆر"ەوە پارێزگاری و پشتیوانییان لێدەکرێت. ئەم کارە بەو مانایە دێت، کە خێرایی ئەپڵیکەیشنەکان و چالاکیی نا هەستیار، بەبێ هۆی دانابەزێت، چونکا هەر خۆی خاوبوونەوەی یەکێک لەو کێشە لاوەکیانەیە، کە لەکاتی کارکردن بە "تۆر" دروست دەبێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، پێویستە لە بەشێک لە مۆدێلەکانی مۆبایل دا چالاککردنی ئەو ئەپڵیکەیشنە بە چەند بەربەستێکی تەکنیکیی زیادە دا تێپەڕن. هەر وەک ئەو بەرنامانەی، کە ڕێگەی "تۆر"ەوە پارێزگارییان لێدەکرێت، ئەم ئەپڵیکەیشنەش خێرایی پەیوەندیی ئێوە کەم دەکاتەوە.

ناوەڕۆکی ترافیکی ئێوە لە ڕێگەی "تۆر"ەوە پارێزگاریی لێدەکرێت، بەڵام ئەوە بۆ پیاوەکانی ئاسایش کارێکی ئەوەندە قورس نییە، کە بەوە بزانن ئێوە "تۆر" بەکار دەهێنن. دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، هەر خودی ئەم بابەتە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوە گومان لەسەر کار و چالاکییەکانی ئێوە دروست بکرێت.

## بڵاوکردنەوەی گشتیی داتا و زانیارییەکان –
## بڵاوکردنەوە بە سەتەلایت، جێگرەوەی زۆر باشن

ئەگەر دروستکردنی پەیوەندییەکی پارێزراو بە ئینتەرنێت کێشەی تێدەکەوێت و لەوە نیگەرانن، کە دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لە دەست بدەن، ڕەنگە کاتێکی باش بێت بۆ ئەوەی پەنا ببەنە بەر خزمەتگوزاریی سەتەلایت (مانگە دەستکردەکان). پێش ئەوەی کێشە دروست بێت دەبێت خزمەتگوزاریی مانگی دەستکردنی "توشە" دانلۆد بکەن و ئامادەی بکەن بۆ کار.
"توشە" لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای بڵاوکردنەوەی گشتیی داتا و زانیارییەکان لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە کار دەکات، ئێوە دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سەتەلایت و لەسەر تەلەفزیۆنەکەی خۆتانەوە دەستتان بە هەواڵ، فایلە ڤیدیۆی و دەنگییەکان و ناوەرۆکی ئینتەرنێت بگات. خستنەکاری هەندێک کاتی دەوێت، بەڵام ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەن لە ئەگەری ڕوودانی کێشە لە ئینتەرنێت دا، یان بڕینی دا، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیتان بە شێوەی کامڵ و تەواو لەگەڵ دونیای دەرەوە لە دەست نادەن.



# Tooshe

Android | Windows | Linux

تەکنەلۆژیای بەکارهاتو لە توشە ئەو توانایيە دەستەبەر دەکات، کە داتا و زانیارییە نا ڤیدیۆییەکان بکات بە پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی. داتاکان پۆلێنبەندی دەکرێن، لەسەر سێرڤەرێکدا دادەنرێن، لەلایەن مانگە دەستکردەکەی بەردەستتانەوە بڵاودەکرێتەوە و دواتر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە تۆمار دەکرێن و کۆدەکانی دەکرێتەوە و دەبینرێت. ئەو کارە ڕێگا بە بەکارهێنەران دەدات تاوەکو لە کاتی بڕینی کاتی، یان تەواوەتیی ئینتەرنێت دا، دەستیان بە هەواڵەکان، زانیاری و ئەو سەرچاوانە ڕابگات، کە لە دەرەوەی وڵات دەنێردرێن.

## بەکارهێنانی ئاسان

"فلاشێکی یو ئێس بی درایڤ"ی سادە، کە دەخرێتە سەر دەزگای ریسیڤەرەکەتان، زانیارییەکان تۆمار دەکات، دواتر بەکارهێنەر فلاش درایڤەکە بە مۆبایل یان کۆمپیوتەرەوە دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی بەرنامەی کردنەوەی کۆدەکان و سەیرکردنی فایلەکانی "توشە"وە ناوەرۆکەکەی وەک خۆی دەبینێت.

ئەپڵیکەیشنی توشە لە گەلاوێژی ١٤٠١ەوە لەسەر سیستمی لینۆکس-یشدا خراوەتە کار.

دەتوانیت ڕێنمایی دابەزاندن و کارپێکردنی ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ کردنەوەی کۆدەکان و بینینی فایلەکان لە ماڵپەڕی "توشە" دا بدۆزیتەوە، کە لەسەرەوە لینکەکەی دانراوە.

هەروەها دەتوانیت داتا و زانیارییەکانی توشە لە ڕێگەی مانگی دەستکردی، یاه سات | فریکۆینسی ١١٧٦٦ | سیمبول ڕایتی: ٢٧٥٠٠ | پۆلاریزاسیۆن: ئەستونی، وەربگرن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

هەر کاتێک لە ئێران کێشەیەک لە ئینتەرنێت دا دروست ببێت، "توشە" پاکێج و بەستەیەکی ڕۆژانە پێشکەش دەکات، کە بریتییە لە بەرنامەکانی "پرۆکسی"، ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندنی باو (لەگەڵ ئابدەیتکراوەکەیدا)، ڕاهێنانی ئاسایشی دیجیتاڵ، ئەپڵیکەیشنەکانی هاوبەشیپێکردنی فایلەکان، بەرنامەکانی سنووری تایبەتی و پاکێج و بەستەکانی تایبەت بە خۆپیشاندانەکان.


تەکنەلۆژیای بڵاوکردەنەوە لە ڕێگەی سەتەلایەتەوە بۆ داتا و زانیارییەکانی "توشە" توانایی ئەوەی هەیە، کە زانیارییەکان نەک تەنها بە شێوەی ڤیدیۆ، بەڵکو لە فۆرمات و چوارچێوە جۆراجۆرەکاندا بڵاوبکاتەوە. پی دی ئێف، جەی پەگ، ئێچ تی ام ئێڵ، ئێم پی سری، یان هەر فۆرمات و چوارچێوەیەکی دیکەدا بڵاوبکاتەوە، کاتێک بەکارهێنەر تۆرێکی سەتەلایەت تۆمار دەکات، ئەوانە کۆدەکرێنەوە.

تەکنەلۆژیای "توشە" بە شێوەی دروستکردنی پەیوەندیی یەکلایەنە و بەشێوەیەکی پارێزراو و بەبێ بڵاوکردنەوە، یان ئاشکراکردنی ناو و ناسنامەی کەسەکان کار دەکات. لەوێڕا، کە زانیارییەکان بەهەمان شێوەی تەلەفزیۆنە سەتەلایتییەکان بڵاودەکرێنەوە و لەلایەن وەرگرەوە وەردەگیرێت، ئەو ناوەرۆکەی، کە بەکارهێنەران مەبەستیانە، چاودێری ناکرێت و زانیاریی کەسیی بەکارهێنەرەکان هەرگیز کۆناکرێتەوە، یان هاوبەشیی پێناکرێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ناتوانیت "توشە" بەپێی خواستی خۆت بۆ گەڕان بە ناو ئینتەرنێت دا بەکار بهێنیت، تەنها ڕێگای ئەوەتان پێ دەدرێت، ئەوناوەڕۆکە، کە توشە کۆیکردوەتەوە و پەخشی دەکات، دانلۆد بکەن.

لەوێڕا، کە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی یەکلایەنە ئەنجام دەدرێت، ناتوانیت توشە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، یان ناردنی فایل بۆ دەرەوەی وڵات بەکار بهێنێت. بەکارهێنانی توشە بە زۆری بۆ دەستڕاگەیشتنە بە زانیارییە بنەڕەتی و گرنگەکان لە کاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا.



# پاکێجی بەرنامەی بڕینی ئینتەرنێت

نارەزایەتییەکانی گەلاڕێزانی ١٣٩٨ بڕینی درێژخایەنی ئینتەرنێتی لێکەوتەوە، کە ئێرانی بۆ ماوەی دە رۆژ بردە ناو کوژانەوەی تەواوەتیی زانیارییەکان.
ئەو ماوەیە بۆ بەشێک لە پارێزگاکانی وەک سیستان و بەلوچستان و خوزستان درێژتریش بوو. لەو ماوەیەدا دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵە، دۆستان و هاوکاران لە ڕێگەی بەرنامە ئینتەرنێتییەکان و یان دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕەکان و هاوبەشیکردن و بڵاوکردنەوەی فایلەکان، بە نزیکەیی ئەستەم ببوو.
بڕینی بەمجۆرە بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەڕێژیيان بۆ دەکرێت تاوەکو هەواڵی دەستگیرکردنەکان، سەرکوتەکان و پیشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بشارنەوە. جگە لە پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی ئێرانییەکان، ئەو ڕووداوانە زیانی گەورەش بە ئابووری و بژێویی خەڵکیش دەگەیەنێت.
بڕینی ئینتەرنێت زۆر قەیران خولقێن و پڕ کێشمەکێشە، سەرباری ئەوەش دەکرێت هەندێک هەنگاوی پێشوەختە بگیردرێتە بەر تاوەکو خۆت بۆ ڕوودانی ئامادە بکەیت و لەو ڕێگەیەوە کاتێک دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت نامێنێت تۆ بتوانیت لەگەڵ بەردەنگەکان و هاوبەشە سەرەکییەکانی خۆتدا پەیوەندی دروست بکەیت و دەستت بە زانیارییەکانی دەرەوەی وڵات ڕابگات.
پاکێجی بەرنامەی تایبەتی بڕینی ئینتەرنێتمان ئامادە کردووە و بریتییە لە ڕێنماییەکان لەبارەی ئەو هەنگاوانەوە، کە دەتوانیت بیانگریتەبەر و خۆت ئامادە بکەیت بۆ بڕینی ئینتەرنێت – هاوشێوەی ئەوەی لە گەلاڕێزانی ١٣٩٨دا ڕوویدا –.

# دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان

دەکرێت لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان چارەنووسساز و ژیانی بێت. ئەوە ڕاستە، کە میدیاکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بەرنامەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە و ئێوە لە ڕووداوەکان و پێشهاتەکان ئاگادار بکەنەوە، بەڵام لە هەندێک دۆخ دا ئەگەری ئەوە هەیە ئێوە بتانەوێت دەستتان بە سەرچاوەیەکی پسپۆڕیی تایبەت ڕابگات، یان هەندێک فایل بەکاربهێنن، کە پێش بڕینی ئینتەرنێت دانلۆدتان نەکردووە. بۆ ئەو بارودۆخە دوو بژارەتان لە بەردەستدایە: خزمەتگوزاریی وەک توشە، ناوەرۆکێکی دەستەبژێرکراوی ئینتەرنێتی بە شێوەی پاکێچی ڕۆژانە بۆ ئێوە دەنێرێت، یان بەرنامەکانی وەک براوزەری هاوتا بۆ هاوتا(peer-to-peer) CENO ، کە لە قۆناغی تاقیکاریدان و لە درێژەدا دەتوانیت زانیاریی زیاتر لەبارەی هەر یەکێکیانەوە بە دەست بهێنیت.

## ناردنی داتا و زانیارییەکان لە ڕێگەی مانگی دەستکرد – ڕێگایەکی متمانەپێکراو بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری

بڕینی ئینتەرنێت دەتوانێت ئەزموونێکی بێزارکەر بێت، نەک تەنها قسەکردن لەگەڵ دۆستان و بنەماڵە، بە نزیکەی ئەستەم دەکرێت، بەڵکو لە ناوکاو دەستڕانەگەیشتن بە زانیاریی متمانە پێکراو و دروست لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە، کە لە سەرتاسەری جیهان دا ڕوودەدەن، قورستر دەبێت.
ئێرە کاتێکە، کە بەرنامەی "توشە" کەڵکی دەبێت. توشە ڕێگا بە ئێوە دەدات، تا لە ڕێگەی دیشی مانگە دەستکردەکانەوە، کە بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆنی سەتەلایەت بەکاری دەهێنن، دەستتان بە هەواڵ، زانیاری و سەرچاوەکانی دەرەوەی وڵات ڕابگات. لە کاتی بڕینی ئینتەرنێتدا، توشە متمانەپێکراوترین ڕێگای گونجاوە بۆ ئاگادار بوون لە ڕووداوەکان و وەرگرتنی پێشنیاز و ڕێنماییەکان لە بواری پاراستنی ئاسایش لە کاتی قەیران دا.
ئەو بەرنامەیە کاتێکی کەمی دەوێت بۆ دابەزاندن و خستنەکار، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگەی توشە بە هیچ شێوەیەک نادۆزرێتەوە و ئاشکرا نابێت، چونکا حکومەت وەک سەیرکردنی تەلەفزیۆنی سەتەلایت لێکیدەداتەوە و لەبەر ئەوەش یەکێک لە پارێزراوترین ڕێگاکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سانسۆر نەکراو.

# Tooshe

Android | Windows | Linux

تەکنەلۆژیای بەکارهاتو لە توشە ئەو توانایيە دەستەبەر دەكات، کە داتا و زانیارییە نا ڤیدیۆییەکان بکات بە پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی. داتاکان پۆلێنبەندی دەکرێن، لەسەر سێرڤەرێکدا دادەنرێن، لەلایەن مانگە دەستکردەکەی بەردەستتانەوە بڵاودەکرێتەوە و دواتر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە تۆمار دەکرێن و کۆدەکانی دەکرێتەوە و دەبینرێت. ئەو کارە ڕێگا بە بەکارهێنەران دەدات تاوەکو لە کاتی برینی کاتی، یان تەواوەتیی ئینتەرنێت دا، دەستیان بە هەواڵەکان، زانیاری و ئەو سەرچاوانە ڕابگات، کە لە دەرەوەی وڵات دەنێردرێن.

## بەکارهێنانی ئاسان

"فلاشێکی یو ئێس بی درایڤ"ی سادە، کە دەخرێتە سەر دەزگای ریسیڤەرەکەتان، زانیارییەکان تۆمار دەكات، دواتر بەکارهێنەر فلاش درایڤەکە بە مۆبایل یان کۆمپیوتەرەوە دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی بەرنامەی کردنەوەی کۆدەکان و سەیرکردنی فایلەکانی "توشە"وە ناوەڕۆکەکەی وەک خۆی دەبینێت.

ئەپڵیکەیشنی توشە لە گەلاوێژی ١٤٠١ەوە لەسەر سیستمی لینۆکس-یشدا خراوەتە کار.

دەتوانیت ڕێنمایی دابەزاندن و کارپێکردنی ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ کردنەوەی کۆدەکان و بینینی فایلەکان لە ماڵپەڕی "توشە" دا بدۆزیتەوە، کە لەسەرەوە لینکەکەی دانراوە.

هەروەها دەتوانیت داتا و زانیارییەکانی توشە لە ڕێگەی مانگی دەستکردی، یاه سات | فریکۆینسی ١١٧٦٦ | سیمبول ڕایتی: ٢٧٥٠٠ | پۆلاریزاسیۆن: ئەستونی، وەربگرن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

هەر کاتێک لە ئێران کێشەیەک لە ئینتەرنێت دا دروست ببێت، "توشە" پاکێج و بەستەیەکی ڕۆژانە پێشکەش دەكات، کە بریتییە لە بەرنامەکانی "پرۆکسی"، ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندنی باو (لەگەڵ ئابدەیتکراوەکەیدا)، ڕاهێنانی ئاسایشی دیجیتاڵ، ئەپڵیکەیشنەکانی هاوبەشیپێکردنی فایلەکان، بەرنامەکانی سنووری تایبەتی و پاکێج و بەستەکانی تایبەت بە خۆپیشاندانەکان.

تەکنەلۆژیای بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی سەتەلایتەوە بۆ داتا و زانیارییەکانی "توشە" توانایی ئەوەی هەیە، کە زانیارییەکان نەک تەنها بە شێوەی ڤیدیۆ، بەڵکو لە فۆرمات و چوارچێوە جۆراجۆرەکاندا بڵاوبکاتەوە. پی دی ئێف، جەی پەگ، ئێچ تی ام ئێڵ، ئێم پی سری، یان هەر فۆرمات و چوارچێوەیەکی دیکەدا بڵاوبکاتەوە، کاتێک بەکارهێنەر تۆرێکی سەتەلایت تۆمار دەكات، ئەوانە کۆدەکرێنەوە.

تەکنەلۆژیای "توشە" بە شێوەی دروستکردنی پەیوەندیی یەکلایەنە و بەشێوەیەکی پارێزراو و بەبێ بڵاوکردنەوە، یان ئاشکراکردنی ناو و ناسنامەی کەسەکان کار دەكات. لەوێڕا، کە زانیارییەکان بەهەمان شێوەی تەلەفزیۆنە سەتەلایتییەکان بڵاودەکرێنەوە و لەلایەن وەرگرەوە وەردەگیرێت، ئەو ناوەڕۆکەی، کە بەکارهێنەران مەبەستییانە، چاودێری ناکرێت و زانیاریی کەسیی بەکارهێنەرەکان هەرگیز کۆناکرێتەوە، یان هاوبەشیی پێناکرێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ناتوانیت "توشە" بەپێی خواستی خۆت بۆ گەڕان بە ناو ئینتەرنێت دا بەکار بهێنیت، تەنها ڕێگای ئەوەتان پێ دەدرێت، ئەوناوەڕۆکە، کە توشە کۆیکردووەتەوە و پەخشی دەكات، دانلۆد بکەن.

لەوێڕا، کە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی یەکلایەنە ئەنجام دەدرێت، ناتوانیت توشە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، یان ناردنی فایل بۆ دەرەوەی وڵات بەکار بهێنێت. بەکارهێنانی توشە بە زۆری بۆ دەستڕاگەیشتنە بە زانیارییە بنەڕەتی و گرنگەکان لە کاتی ڕووداني قەیرانەکاندا.

## بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕێگەی peer-to-peer

تەلەفزیۆنی سەتەلایەتی و بەرنامەکانی وەک توشە دەتوانن هاوکاریی ئێوە بکەن تاوەکو لەکاتی بڕینی ئینتەرنێت دا لە دونیای دەرەوە هەواڵ وەربگرن و دەستتان بە زانیارییە سەرەکی و بنەڕەتییەکان ڕابگات، بەڵام ئەم شێوازانە ڕێگا گونجاوەکان بۆ دەستگەیشت بە ئینتەرنێتی جیهانی نین.

ئەو بەرنامانەی، کە لە قۆناغی گەشەپێداندان و بەرەوپێشبردندان و بۆ دەستڕاگەیشتنی زیاتر بە زانیارییەکان بەکار دەهێنرێن، زۆربەیان لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان تاوەکو هەڵە و باشییەکانی دەربکەوێت، سەرباری ئەوەش ئەو بەرنامانە ڕێگاچارەی سەرنجڕاکێشیش پێشکەش دەکەن. گەشەپێدراوترینی ئەو بەرنامانە لە ئێستادا براوزەری CENO یە، کە لەسەر بنەمای هاوتا بۆ هاوتا لەسەر براوزەری ئۆنلاین دا کار دەکات.

ئەم ئەپە ئەو توانایە بە بەکارهێنەرەکانی دەدات تاوەکو داتا و زانیاریی زۆر بینراو لەسەر تۆڕێکی دابەشکراودا "کۆبکەنەوە و هەڵیبگرن". لە کاتێکدا، کە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی پچڕێنرا، بەکارهێنەران دەتوانن ئەو داتا و زانیارییە کۆکراوانەیان بە دەست بگات، لە ڕاستیدا ڤێرژنە کۆکراوەکانی ماڵپەڕەکانی تر، لە بەکارهێنەرانی تری براوزەری CENO بە شێوەی "تۆرێنت" وەردەگریت. ئەوەش بەو مانایە دێت، کە براوزەری CENO – وەک بەرنامەیەک بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا – تاوەکو بەکارهێنەری زیاتر بێت، تواناییەکانی زیاتر دەبن.

# CENO Browser

Android | GitHub

براوزەری سینۆ (کورتکراوەی "نا بۆ سانسۆر!") دروستکراوی کۆمپانیای eQualitie یە. براوزەرێکی وێبە بۆ ئەندرۆید، هاوکاریی بەکارهێنەرەکانی دەکات تاوەکو لە ڕێگەی هەندێک پەیوەندی بە نێوانگیریی پرۆکسی، یان لە ڕێگەی ناوەرۆکی بەردەوام و سەرەکیی بەکارهێنەرانی ترەوە، کە لە تۆڕی براوزەرەکەدا کۆکراوەتەوە، سانسۆری ئینتەرنێت تێپەڕێنن. ئەم براوزەر لە ڕاستیدا ڤێرژنێکی گونجێنراوە لەگەڵ براوزەری فایەرفۆکس دا، کە براوزەرێکە لایەنگرێکی زۆری هەیە.

کاتێک بەکارهێنەرێک بە سوودوەرگرتن لەم براوزەرە دەستی بە پەیج و پەڕەی ئینتەرنێت ڕادەگات، براوزەرەکە داتا و زانیارییەکان لەسەر تۆڕەکەدا کۆدەکاتەوە و ڕێگا بە بەکارهێنەرانی تر دەدات تاوەکو لە ڕێگەی پەیوەندیی هاوتا بۆ هاوتا دەستیان پێی بگات. بەمشێوەیە هەر ناوەرۆکێک، کە لایەنگری زۆری هەبێت تەنانەت لەکاتی فیلتەرکردنی چڕ و قورس دا، خاوبوونەوەی ئینتەرنێت و یان تەنانەت بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێتیشدا، دەتوانێت لە براوزەرەکەدا لە بەردەستی بەکارهێنەرەکاندا بمێنێتەوە.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئێوە دەتوانن ئەم بەرنامەیە دابەزێنن و وەک براوزەرێکی سادەی ئینتەرنێت بەکاری بهێنن، چونکا لەسەر ڤێرژنی گونجێنراو لەگەڵ براوزەری فایەر فۆکس دا بۆ ئەندرۆید دروستکراوە.

کاتێک هەوڵ دەدەیت بە سوودوەرگرتن لە براوزەری سینۆ بابەت لەسەر پەڕەیەک دابنێیت، ئەم ئەپە سەرەتا هەوڵ دەدات تاوەکو ڕاستەوخۆ، یان بە نێوانگیریی پرۆکسیەک ئەو پەڕەیە بخاتە بەردەستتان، بەڵام ئەگەر نەیتوانی لەم ڕێگەیەوە دەستی بە پەڕەی خواستراو ڕابگات، بە "عەمباری هاوبەش" دا دەگەڕێت و تاوەکو بزانێت ئاخۆ بەکارهێنەرێکی دیکە پێشتر دەستی بەو لاپەڕەیە گەیشتووە و هەڵیگرتووە. ئەگەر بەو شێوەیە بێت، لە داتا و زانیارییە هەڵگیراو و کۆکراوەکان سوود وەردەگرێت تاوەکو بابەت لە پەڕەکە دابنێت – ڕەوتێک، کە دەکرێت هاوشێوەی "تۆرێنت کردن" چەند پەیج و لاپەڕەیەکی وێب لە بەکارهێنەرانی تری براوزەری سینۆ بخاتە بەردەست.

ئەگەر ئەو داتا و زانیارییانە لە تۆڕەکەدا نەبن، دیسانەوە ڕێگای دیکە بۆ دەستڕاگەیشتن پێیان لە ڕێگەی "ئینژکتۆرەکانەوە" لە بەردەستتاندایە، کە هاوشێوەی نێوانگیرەکان، یان پرۆکسیەکان کار دەکات و دەتوانن داتا و زانیارییەکان بۆ ناو تۆڕەکەی ئێوە بگوێزنەوە.

جگە لەوەش، براوزەری سینۆ دوو شێوە بۆ گەڕان لە وێب دەخاتە بەردەستتان: گشتی و تایبەت. لە "حاڵەتی گشتی" دا براوزەرەکەتان هەوڵ دەدات تاوەکو دەستی بە ناوەرۆکی کۆکراوەی ناو تۆڕەکە ڕابگات و بیدۆزێتەوە، لە کاتێکدا کە لە "دۆخی تایبەت"دا ئێوە هەرگیز ناتوانن سوود لە داتا و زانیارییە کۆکراوەکان وەربگرن و تەنها براوزەری سینۆ وەک پرۆکسییەک، یان نێوانگیرێک کار دەکات.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا، یان قۆناغێک لە کێشەی بەردەوام، بەرکاهێنانی براوزەری سینۆ توانایی دەستڕاگەیشتن بە هەموو ناوەرۆکە گرنگەکان، یان ئەو ناوەرۆکانە، کە لایەنگری زۆریان هەیە و لەلایەن بەکارهێنەرانی سینۆوە کۆکراونەتەوە، دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەرەکانی خۆی. ئەو براوزەرە لەم ڕووەوە بێ هاوتایە، کە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا توانایی لەو شێوەیە پێشکەش دەکات. هەر جۆرە ناوەرۆکێک، کە لایەنگری زۆری هەبێت لەسەر تۆڕەکە کۆدەکرێتەوە و ناتوانرێت و ناکرێت بە زۆر بسڕدرێتەوە.
کاتێک ژمارەیەکی پێویست لە بەکارهێنەران ئەو داتا و زانیارییانە کۆبکەنەوە، ئەو سیستمە دەتوانێت خێرایی دەستپێڕاگەیشتن زیاتر بکات. لەوێڕا هاوبەشەکەی ئێوە دەتوانێت، چەند بەشێکی جیاجیا لە ناوەرۆکێک لە یەک کاتدا لە هاوبەشە جیاجیاکانەوە وەربگرێت، دانانی ناوەرۆکی پێشکەشکراو لە نێوان تۆڕەکان و دەزگا جۆراوجۆرەکاندا دابەش دەکرێت. دیسانەوە دووبارەی دەکەینەوە: دەتوانێت پێوەرێکی باش و گونجاو بێت، کە ئەم ڕەوتە وەک وەرگرتنی بەش بەشی ئەو پەیجە ئینتەرنێتییانە، کە لایەنگران زۆرە، بە شێوەی "تۆرێنت" بۆ کاربەرەکانی تری سینۆ وێنا بکەیت.
براوزەری سینۆ دەتوانێت توانایی گەڕانی هەرزانتریش دەستەبەر بکات. داتا و زانیارییە کۆکراوەکان لەسەر ئەو تۆڕەدا لە بریی ئینتەرنێتی نێونەتەویی و لە ڕێگەی پەیوەندیی خۆجییەوە دەخرێتە بەردەست، واتە ئێوە دەتوانن بۆ دەستڕاگەیشتن بە ناوەرۆکی "خۆجێیی" تێچوویەکی کەمتر بۆ داتا و زانیارییەکان بدەن، تەنانەت کاتێک ئەو ناوەرۆکە لە بنەڕەتدا لە ئینتەرنێتی جیهانیشەوە وەرگیرابێت.
دوایین ڤێرژنی ئەو براوزەرە بریتییە لە گۆڕانکاری بۆ دەستڕاگەیشتنی باشتر بە ماڵپەڕەکان و هەروەها توانایی پێ زیادکردنی سێرڤەرەکانی بوت ستراپ "بیت تۆرێنێت" لە ناو ڕێکخستن و سیتینگ بۆ بیرخستنەوە لە خستنەکاری دووبارە تیایاندا ڕەچاو کراوە و بۆ دیاریکردنی گۆڕانکاری لە پەیوەندی و خستنەکاری دووبارەی "وی نێت" بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە تازەکەیدا سوود لە توانایی ڤێرژنی 1.6.1 ، کە لە پووشپەڕی ١٤٠١ دا پێشکەشکرا وەردەگیرێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

ئەم ئەپە بە تەواوەتیش بێ مەترسی نییە. گەرچی زانیارییە کەسیەکانی ئێوە پارێزراو دەبن، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەر کەسێک، کە ئاشنایی تەواوی لەگەڵ شێوەی کاری کوئینت دا هەبێت دەتوانێت بەرنامەکە گەشە پێ بدات تاوەکو نیشانی بدات، کە ناوەرۆکێکی تایبەت لە چ ناونیشان و ئادرەسی ئای پی-یەکەوە هاوبەشیی پێکراوە، یان بڵاوکراوەتەوە. سەرباری ئەوەش ئەو توانایە لە گۆڕێ دا نابێت، کە ناونیشانی ئای پیی بەکارهێنەرێکی دیاریکراو بکرێتە ئامانج و لیستێک لە تەواوی ناوەرۆکە تۆمارکراوەکانی بە دەستەوە بدات. سەرەڕای ئەوانەش، ڕەنگە ئەم ئەپە بۆ ئەو بەکارهێنەرانە، کە چالاکییە ئۆنلاینەکانیان پێویستی بە نادیاربوون و بێ ناویی تەواو هەیە، گونجاو نەبێت.
بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر ماڵپەڕێکی تایبەت (بۆ نمونە ماڵپەڕێکی دەوڵەت) داوا لە ئێوە دەکات تاوەکو وەک کەسێک، کە بناسرێنەوە پەیوەندییان پێوە بکەیت، لە ناوچەیەکی کەسی، یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتی نیشتمانی، تیمی دروستکەری براوزەری سینۆ ئەو پێشنیاز و ڕێنماییە بۆ ئێوە هەیە، کە لەم حاڵەتەدا ئێوە براوزەرەرێکی ئاسایی بەکاربهێنن.
هەروەها تاوەکو کاتێک بەکارهێنەرانی زیاتر براوزەری سینۆ دانەبەزێنن و بەکاری نەهێنن، ڕەنگە تا ڕادەیەک بڕێکی سنووردار لە داتا و زانیارییە کۆکراوەکان لە تۆڕەکەدا هەبێت. ڕێک هەر وەک تەکنەلۆژیای هاوتا بۆ هاوتا، براوزەری سینۆش کاتێک توانایی و کارایی زیاتر دەبێت، کە کەسانێکی زیاتر بەکاری بهێنن. تاوەکو کاتێک ژێرخانی بەکارهێنانی بە ڕێژەیەک گەشە نەکات، ئەگەری ئەوە هەیە نەتوانیت بە تەواوی پشت بەو ڕێگایە بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ببەستیت.

## ئەپڵیکەیشتنەکانی گەیاندن و ناردن – دروستکردنی پەیوەندی لە کوژاوەیدا

کاتێک دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی داخرابێت، بەشێکی زۆر لە ئەپڵیکەیشتنەکانی ناردن و گەیاندنی پەیامەکان، کە هەموو رۆژێک بەکاریان دەهێنیت ئیتدی کار ناکەن. ئەپڵیکەیشتنەکانی وەک "سیگناڵ"، "تلگرام" یان واتسئاپ پێویستییان بە دەستڕاگەیشتن بە سێرڤەرەکانی ناو ئینتەرنێتی جیهانی هەیە، کەواتە لەکاتی بڕینی ئینتەرنێت دا بە هیچ شێوەیەک کاریگەرانە کار ناکەن.

دەبێت سەرنج بدەینە ئەو بابەتە، کە هەموو بەرنامەکانی دروستکردنی پەیوەندیی دیجیتاڵ تاوەکو ڕادەیەک هەندێک مەترسییان هەیە، و هیچ کات نابێت کاتی ناردنی زانیاریی هەستیار بۆ دۆستەکانت، بنەماڵە و بەردەنگەکانت گوێ بە پارێزراوی و ئاسایشی دیجیتاڵ نەدەیت – بە تایبەتی لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا، کە گرژییەکی زۆر لە گۆڕێدایە.

گەرچی ڕەنگە ئەپڵیکەیشنەکانی خوارەوە لە کاتی بڕینی ئینتەرێنت دا هاکاری و یارمەتیدەری ئێوە بن، بەشێکیشیان هەندێک لاوازییان هەیە، کە دەبێت ئاگات لێیان بێت.

خاڵێکی گرنگ: تەنانەت ئەگەر ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندنی پەیامی ناوخۆیی لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا لە بەردەستدا نەبن، هەرگیز نابێت بەکاریان بهێنیت. زۆرێک لەو ئەپڵیکەیشنە ناوخۆییان لەسەر تۆڕی نیشتمانیی زانیارییەکان کار دەکەن و بەو هۆیەشەوە دەتوانن لەکاتی بڕینی ئینتەرنێت دا درێژە بەکاری خۆیان بدەن. هەر چۆنێک بێت بەشێک زۆر لەوانە هەندێک لاوازیی ئاسایشییان هەیە و هیچجۆرە پاریزرابوونێکی مانادار بۆ داتا و زانیاریی بەکارهێنەران پێشکەش ناکەن. هەر داتا و زانیارییەکی هەستیار، کە بە ئەپڵیکەیشنەکانی ناوخۆ هاوبەشییان پێکراوە، یان بڵاوکراونەتەوە، بە ئاسانی شوێنپێیان هەڵدەگیرێت و دەخرێنە ژێر چاودێری.

کەواتە بژارەی چی لە بەردەستدایە؟

## بژارەی تاقی نەکراوە – ئایا دەتوانیت لە تۆڕی نیشتمانیی زانیاری سوود وەرگریت؟

ئەپڵیکەیشنی ناردن و گەیاندنی "جەیمی" یەکێکی دیکەیە لە ئەپڵیکەیشنەکانی هاوتا بۆ هاوتا و سەرلەبەری کۆکراوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا کاریگەر بێت. هەرچەند وەک "برایر" توانایی بلوتوسی نییە، بەڵام ڕێگا بە ئێوە دەدات تاوەکو لە ڕێگەی تۆڕە ناوخۆیی و خۆجێیەکانەوە پێوەی کۆنێکت ببیت.

ڕوون نییە، کە "جەیمی" چۆن دەتوانێت لەگەڵ تۆڕی نیشتمانیی زانیاری (ئینتەرنێتی نیشتمانی)دا کار دەکات – ئەگەری ئەوە هەیە (نەسەلێنراوە) دروستککردنی پەیەندیی لە نێوان بەکارهێنەرانی "جەیمی" بە سوودوەرگرتن لە پەیوەندیی تۆڕی نیشتمانیی زانیارییەکانەوە بێت.

سەرەڕای یەکلاکەرەوە نەبوونیش ئەم بابەتە زیاتر دەبێت، کە ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ دەستپێکردن پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بە سێرڤەر bootstrapهەیە، کە ئەم سێرڤەرە کار بۆ ڕاگرتن و بەردەوامیی پەیوەندییەکە دەکات. ئەم سێرڤەرانەی bootstrap بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر ئینتەرنێتی جیهانیدا جێگیر کراون، کەواتە دەکرێت چاوەڕوانیی ئەوە بکرێت، کە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت و دەستڕانەگەیشتن بە یەک bootstrap.، "جەیمی" بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندیی ڕووبەڕووی کێشەی دەبێتەوە.

هەڵبەتە ئەم ئەپڵیکەیشنە بە پیت وتویەتی، کە بەکارهێنەرانی تر دەتوانن وەک bootstrap کار بکەن (گەرچی دڵنیایی لەوە بابەتە ڕوون نییە). بە کورتی، ئەگەری ئەوە هەیە "جەیمی" سەرکەوتوانە کار بکات، بەڵام هێشتا پرسیارگەلێکی بێ وەڵام لە گۆڕێدان.

# Jami

Android | iOS | Windows | Linux

"جەیمی" پلاتفۆرمێکی خۆڕاییە بۆ پەیوەندی و پەیام گۆڕینەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات ناسنامە و شوناس و سنووری تایبەتیی بەکارهێنەرەکانی دەپارێزێت. "جەیمی" سیستمی کۆدانانی سەرتاسەریی هەیە و بە شێوەی هاوتا بۆ هاوتا کار دەکات، کەواتە پێویستی بە سێرڤەرێکی ناوەندی بۆ گواستنەوەی زانیاری و پەیام لە نێوان بەکارهێنەردا نییە.

لەبەر ئەوەش ئەو بەکارهێنەرانە، کە لەسەر تۆڕی لۆکاڵ و خۆجێی دان (بۆ نمونە، تۆڕێکی وای فای گشتی بە بێ دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت)، دەبێت بتوانن لە ڕێگەی "جەیمی"یەوە پەیوەندی لەگەڵ یەک دا ببەستن، تەنانەت ئەگەر بە ئینتەرنێتیشەوە کۆنێکت نەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

ئەم ئەپڵیکەیشنە لە ئەندرۆید دا لە گۆگڵ پلەی، و بۆ iOS لە ئەپڵ ستۆردا دانلۆد دەکرێت. دەشتوانن ڤێرژنی تایبەت بە دیسکتۆپیش (ماک، ویندۆز و لینۆکس) لە خودی ماڵپەڕی "جەیمی" دا دانلۆد بکەن. بۆ دروستکردنی ئەژمار و ئەکاونتی جەیمی پێویستی بە نووسینی هیچ یەک لە زانیاری و تایبەتمەندییە کەسیەکانتان، یان ژمارەی تەلەفونەکەتان نییە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

جگە لە دروستکردنی پەیوەندیی پارێزراو، "جەیمی" پەیوەندیی ڤیدیۆیی و کۆنفرانس بە کوالیتیی ئێچ دی پێشکەش دەکات، بەڵام کوالیتیی ئەو پەیوەندییانە پەیوەندییان بە کوالیتیی ئەو ئینتەرنێتەوە هەیە، کە ئێوە بەکاری دەهێنن.

بەهۆی توانایی ناردنی پەیام لە ڕێگەی تۆڕەکانی وای فای-یەوە دەتوانن لە کاتی بڕینی کاتیی ئینتەرنێت (و تەنانەت بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت) دا بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کانتێکتدانەدا (بەردەنگ و هاوبەش)ەکانتان، کە لە نزیک ئێوەدان، کاریگەر و کارا کار بکات. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە "جەیمی" بتوانێت لە کاتی سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی دا بە شێوەیەکی دڵنیاکەرەوە کار بکات، بەڵام تەنها بەو مەرجەی ئینتەرنێتی نیشتمانی لە بەردەست و لە کاردا بێت.

دەبێت لەوە ئاگادار بن، کە توێژەرەوەکانی ئێمە ناتوانن بە شێوەی سەربەخۆ ئەو زانیارییانە پشتڕاست بکەنەوە، کەواتە ناتوانن لەبارەی توانایی و کارایی ئەو ئەپڵیکەیشنەوە لەو بارودۆخانەدا بە شێوەی دڵنیاکەرەوە بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو. تاقیکردنەوەکان و بینینی نمونەی زیاتر بۆ ئەم کارە پێویستە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

بە پێچەوانەی بەشێک لە ئەپڵیکەیشنەکان، کە لەسەر بنەمای تۆڕی ڕایەڵەیی **meshnet-based** بەرنامەڕێژییان بۆ کراوە، "جەیمی" توانایی بەکارهێنانی بلوتوسی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئامێرەکانی تردا نییە. دروستکردنی پەیوەندیی ئۆفلاین لەگەڵ کانتێکتەکاندا، پێویستیی بە کۆنێکتی هەر دوو لایەنەوە هەیە بە تۆڕێکی ئینتەرنێتی هاوبەشی لۆکاڵی و خۆجێیەوە.

هەروەها ئەندازیارانی ئەو ئەپڵیکەیشنە ڕێگایەکیان بۆ داوای لە ناوبردنی تەواوەتیی زانیارییەکان لە بەرچاو نەگرتووە.

# دروستکردنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ - ئەپڵیەیشنی هاوتا بۆ هاتا peer-to-peer

ڕێگا چارەیەکی جێگرەوە ئەوەیە، کە بەرنامەکانی هاوتا بە هاوتا و تەکنەلۆژیای ڕایەڵەیی تۆڕی بەکار بهێنن. بەشێک لەم ئەپڵیکەیشنانە دەتوانن لە ڕێگەی تۆڕە خۆجێیەکانی وای فا، بلوتوس و یان تەنانەت خودی تۆڕی نیشتمانیی زانیارییەوە پەیامەکانتان بگوێزنەوە.
یەکێک لەو بەرنامانە، کە دروستکردنی پەیوندیی لەو شێوەیە دەستەبەر دەکات "برایر"ە. ئەم بەرنامەیە لە تەکنەلۆژیایی هاوتا بۆ هاوتا کەڵک وەردەرێت تاوەکو پەیامەکانی ئێوە لە ڕێگەی بلوتوس، یان وای فاوە بگونجێنێت بۆ بڵاوکردنەوە.



# Briar

Android | F-Droid app

"برایر" ئەپڵیکەیشنێکە بۆ ناردن و گەیاندنی پەیامەکان، کە بۆ بەکارهێنانی چالاکوانان، ڕۆژنامەنووسان و هەموو کەسێکی دیکە، کە پێویستییان بە دروستکردنی پەیوەندی لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا هەبێت، بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە. بە پێچەوانەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی باو، "برایر" پشتبەستووە نییە بە سێرڤەرێکی ناوەندییەوە، پەیامەکان بە سوودوەرگرتن لە تۆڕێکی ڕایەڵەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئامێرەکانی بەکارهێنەران دا هاوکات کراو، یان هەمان synchronized دەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەکارهێنەران دەتوانن "برایر" بۆ ئەندرۆید لە پلەی ستۆر گۆگڵ، F-Droid، یان، لە ماڵپەڕی برایر-ەوە دانلۆد بکەن.

## باشی و تایبەتمەندییەکانی

"برایر" دەتوانێت بە شێوەیەکی دڵنیابەخش کار بکات بۆ هاوبەشیکردنی پەیامە گرنگەکان لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە متمانەت پێیان هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ڕێگاتان پێ دەدات تاوەکو هاوبەشی بە داتا و زانیارییەکانت لەگەڵ لیستی بەردەنگەکان (کانتێکت)تەکانتدا بە شێوەیەکی پارێزراوبکەیت. هەڵبەت پێویستتان بەوە دەبێت، کە کەسی وەرگر لە سنووری بلوتوس، یان لەسەر تۆڕی وای فای هاوبەش دا بێت.

جگە لە تواناکانی گفتوگۆکردنی سەرتاسەری، تایبەتی و گرووپی، "برایر" ئەو توانایی و دەرفەتەش بە ئێوە دەدات، تاوەکوژووری گفتوگۆ و بلاگ دروست بکەن، کە دروستکردنی پەیوەندیتان لەگەڵ چەندین گرووپی جۆراوجۆر و جیاوازدا بۆ مەیسەر دەکات، تەنات لە کاتی بڕینی ئینتەرنێتیشدا توانایی هاوبەشیکردن و نوێکردنەوە و ئابدەیتی هەیە.

ژوورەکانی گفتوگۆ، گفتوگۆی تایبەت نین، بە پێچەوانەی گرووپە تایبەتەکانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەشدارییان تیادا بکات و دەتوانێت بەردەنگەکانی خۆی بانگهێشتی ژوورەکە بکات. هاوکات بلاگەکان دەرفەتی پۆستکردن و هاوبەشیکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئابدەیتەکان بۆ هەموو بەردەنگەکانت فەراهەم دەکەن.

"برایر" هەروەها بە ئەپڵیکەیشنی "دوگمەی هۆشدار" Ripple تەیار کراوە، کە دەتوانێت برایر بشارێتەوە، یان لە کاتێکدا، کە نیگەرانی ئەوە بیت، کە ئەژمارەکەت لە ژێر چاودێریدایە، کە دەستی بەسەردا گیراوە، یان دەتوانێت خۆی بە شێوەیەک پۆلێنبەندی بکات، کە ئەژمارەکە و مێژووی پەیامەکان بسڕێتەوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەڵبەت ئەم ئەپڵیکەیشنە هەندێک کێشەشی هەیە. هەندێک ڕاپۆرت لەبارەی کێشەی دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی بلوتوسەوە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا بە دەستمان گەیشتوە، بەڵام گرووپی "برایر" سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەن.

لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا، ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت کارایی هەبێت، کە بەکارهێنەرانی لە سنووری بلوتوس و وای فای یەکتردا بن.

کێشەیەکی دیکەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەوەیە، کە تاوەکو ژمارەیەکی زۆر لە کەسکان دەست بە بەکارهێنانی "برایر" نەکەن، ناتوانێت لە کاتی بڕینی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دا هەموو تواناییەکانی خۆی بخاتەکار و کاریگەر بێت. بۆ ئەوەی "برایر" بتوانێت ببێت بە ئەپڵیکەیشنێکی ناردن و گەیاندنی بەهێزی پەیامەکان و بکرێتە شوێنگرەوەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی پەیام، دەبێت ژمارەیەکی بەرفراوان لە بەکارهێنەران کاری پێ بکەن.

# ڕاگەیاندراوێک لەبارەی ئەپڵیکەیشنی "بریجفای"یەوە

لە ڤێرژنی پێشووی ئێران لە خامۆشی دا، ئەپڵیکەیشنی ناردن و گەیاندنی "بریجفای"، کە لە تەکنەلۆژیای بلوتوس کەڵک وەردەگرێت، بە ئێوەمان ناساندبوو. بە سەرنجدانە زیانە ئاسایشییەکانی ئەم ئەپڵیکەیشنە، بڕیارماندا لە پاکێجی بەرنامەکانی ئێران لە خامۆشی دا بیسڕینەوە. لە ئێستادا پێشنیازی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی "بریجفای' وەک ئەپڵیکەیشنێکی ناردن و گەیاندنی پەیامەکان ناکەین.


ئەم ئەپڵیکەیشنە لە بنەڕەتدا بۆ یارمەتیدان بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی پەیوەندیی لە نیوان کەسەکان لە شوێنەکانی وەک کۆنسێرتەکان، یان ڕووداوە گشتییەکانی تردا بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە لەو شوێنانەدا ئینتەرنێت کێشەی تێبکەوێت، بەڵام بەشێک لە خۆپیشاندەرانیش ئەم ئەپەیان بەکارهێناوە، بۆ نمونە لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ۲۰۱۹ – ۲۰۲۰ لە هۆنگ کۆنگ و لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت لە میانمار (بۆرما).

بەڵام ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆبەکارهێنان لە خۆپیشاندانەکاندا دروست نەکراوە و بەکارهێنانی لەم ڕووداوانەدا دەتوانێت مەترسیی جدیی بە دوادا بێت. لە ساڵی ۲۰۲۰ گروپێک لە توێژەران لە وتارێک دا لە ماڵپەڕی هەواڵی تەکنەلۆژیایی Ars Technica ڕەخنەیان لە بەشێک لە درزە ئاسایشییەکانی ئەو ئەپڵیکەیشنە گرت. هەرچەند لە ئۆکتۆبەری ۲۰۲۰دا "بریجفای" ڤێرژنێکی نوێی بڵاوکردەوە، بەڵام هێشتا هەڵسەنگاندنی ئاسایشیی سەربەخۆ لەبارەی نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئەو درزە ئاسایشییە پشتڕاست نەکردووەتەوە.

تا ئەو کاتەی "بریجفای" لە هەڵسەنگاندنێکی سەرکەوتوانەی ئاسایشیی سەربەخۆی دەردەچێت، پێشنیاز ناکەین لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ئەم ئەپڵیکەیشنە بەکاربهێنن و بە جدی خۆتان لەبەکارهێنانی بە دور بگرن، چونکا لە ئەگەری بەکارهێنانیدا سنوری تایبەتی و ئاسایشی خۆتان دەخەنە مەترسییەوە.

# ئایا دەکرێت سوود لە تۆڕی ئیمەیل وەربگیردرێت؟

جگە لە جەیمی، ئەپی ناردن و گەیاندنی دێلتاچات دەتوانێت ڕێگایەکی دیکە بێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پارێزراوتر لەسەر تۆڕی زانیاریی نیشتمانی. ئەم ئەپە کۆدکراوە، تۆڕەکانی سێرڤەری ئیمەیل بۆ گەیاندنی پەیامەکان بۆ بەکارهێنەرانی تری دێلتا چات بەکار دەهێنێت.
لە ئەنجامدا ئەگەر ئێوە خزمەتگوازیی ئیمەیلی ناوخۆی ئێران بەکار بهێنن، کە لە ڕێگەی تۆڕی نیشتمانیی زانیارییەوە کار دەکات، ئەو شانسەتان هەیە، کە بتوانن لە ئەگەری سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێتی جیهانی، بەردەوام بیت لەگەڵ بەکارهێنەرانی تری دێلتا چات و پەیام و نامەکانتان بگۆڕنەوە.
سەرباری ئەوەش، زۆرێک لەو بەرنامانە، کە بەڵێن دەدەن لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا کار دەکەن، هەندێک کێشەیان هەیە - چ لە ڕوی ئاسایشی و چ لە ڕوی بەکارهێنانەوە.
ئەگەر دێلتا چات ڕێگایەک بۆ ناردنی ئیمەیڵی بە کۆدکراو لەسەر تۆڕی نیشتمانیی زانیاری بۆ ئێوە دەستەبەر دەکات تاوەکو بەردەوام بن لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە پەیوەندیتان لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام شێوازی بە کۆدکردنەکەی چەند خاڵێکی لاوازیی ناسراوی هەیە، سێرڤەری دابینکەری ئینتەرنێت، یان ئیمەیڵی پەیجۆر دەتوانێت دەستی بە داتا و زانیاریی پەیوەندیدار بە شوناس و ناسنامەی ئەو کەسانە ڕابگات، کە پەیوەندیت لەگەڵیاندا هەیە و – تەنانەت لە حاڵەتی تایبەت دا – ئەگەری ئەوە هەیە شوناس و ناسنامەی ئەو کەسەی، کە پەیوەندیتان لەگەڵی هەیە ساختە بکات و گوێ لە پەیوەندیەکانتان بگرێت.
بە دڵنیاییەوە ئەو ئەپە دەتوانێت لە دۆخی گونجاودا کارامە بێت، بەڵام تکایە پێش بەکارهێنانی لەوە دڵنیا بن، کلە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی ئاگادارن.



# Delta Chat

Android | F-Droid | iOS | Windows | Linux | macOS

دێلتا چات پلاتفۆرمێکی خۆڕایی و دەق کراوەیە بۆ ئاڵوگۆڕی نامە و پەیامەکانتان. دێلتا چات لە تۆڕەکانی سێرڤەری ئیمەیڵ کەڵک وەردەگرێت تاوەکو پەیامە بە کۆدکراوە سەرتاسەرییەکان بە بەکارهێنەرانی دێلتا چات پێشکەش بکات. دێلتا چات بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بە کۆدکراوی سەرتاسەری لەگەڵ بەکارهێنەرانی تری دێلتا چات دا، لە پڕۆتۆکۆڵی بە کۆدکردنی ئۆتۆماتیک و ئەپەکانی تری ئیمەیڵی گونجاو لەگەڵ کۆکردنی ئۆتۆماتیک دا کەڵک وەردەگرێت.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەکارهێنەران دەتوانن ڤێرژی ئەندرۆیدی ئەم بەرنامەیە لە گۆگڵ پلەی و ڤێرژنی iOS لە ئەپ ستۆری ئەپڵ دا دانلۆد بکەن. ڤێرژنی دیسکتۆپ (مەک، ویندۆز و لینۆکس)یش لەسەر ماڵپەڕی دێلتا چات لە بەردەستدایە.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

دەبێت دێلتا چات ئەو توانایيەی هەبێت، کە دروستکردنی پەیوەندیی بە کۆدکراو لەسەر تۆڕی نیشتمانیی زانیاریی ئێران فەراهەم بکات. لەوێڕا، کە دێلتا چات لە تۆڕەکانی سێرڤەری ئیمەیڵ کەڵک وەردەگرێت، لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت بە شێوەی سنوردار، بەکارهێنەرەکانی دەتوانن لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی ئیمەیڵی ناوخۆی وڵات بۆ ناردنی پەیامی بە کۆدکراو کەڵک وەربگرن.

هەروەها دێلتا چات پشتیوانی لە سڕینەوەی پەیامەکان دەکات و بەکارهێنەران دەتوانن دەنگ، ڤیدیۆ و فایلی کەمتر لە ٢٥ مێگابایت بۆ یەکتر بنێرن.

هەروەها ئەم بەرنامەیە لە ڤێرژنی 1.3 بە دواوە بە پشتیوانی لە ئەپەکانی webxdc هاوبەشیکردن و بڵاوکردنەوەی فایلەکانی HTML5 ی بە تواناییەکانی خۆی زیاد کردووە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

پەیامەکان بە شێوەی ئۆتۆماتیک ناکرێن بە کۆد تا ئەو کاتەی، کە وەرگری پەیامەکەتان دێلتا چات بەکار نەهێنێت، بەڵام تەنانەت لەو کاتەشدا، پڕۆتۆکۆڵی بە کۆدکردن پشتبەستوو بە کۆدکردنی ئۆتۆماتیک دەکرێت پەیامەکانی ئێوە لەلایەن کۆمپانیای دابینکەری خزمەتگوزاریی ئیمەیڵ، یان ئینتەرنێتەکەتانەوە چاودێری بکرێت، یان گوێی لێ بگیرێت.


دەبێت لەوە ئاگادار بن، کە بەکارهێنانی ئیمەیڵە کۆدکراوەکان لەلایەن دابینکەری خزمەتگوازیی ئیمەیڵی نیشتمانییەوە بۆ ئەو کۆمپانیایانە بەسە تاوەکو بەکارهێنەرەکانی بە تۆمەتی چالاکیی گوماناوی بدۆزێتەوە و دیاریی بکات. ئەگەر چی بەکارهێنانی ئیمەیڵی کۆدکراو لەلایەن چین و توێژێکی زۆرەوە لە بەکارهێنەران، دەستنیشانکردنی بەکارهێنەری گومان لێکراو بۆ ئەو کۆمپانیایانە، یان دابینکەری خزمەتگوازییەکە قورستر دەکات، بەڵام ناکرێت لە ئێستادا چاوپۆشی لەو مەترسییە بکرێت.

لە ڕووی تیۆرییەوە، شیکارکردنی ناونیشانی پەیامەکان بۆ کۆمپانیاکانی دابینکەری خزمەتگوزارییەکان کارێکی سادەیە، بۆیە دەتوانن ترافیک و ناونیشانە بە کۆدکراوەکان کەم بکەنەوە، یان دایان بخەن. بەڵام سەرباری ئەوەش تا ئێستا هیچ نمونەیەکی سەلمێنەر لەبارەی ڕووداوی لەو شێوەیە لە بەردەستدا نییە.

زۆرێک لە کۆمپانیاکانی دابینکەری ئیمەیڵی ئێرانی، بۆ دروستکردنی ئەژمار و ئەکاونتی بەکارهێنەر پێویستیان بە پشتڕاستکردنەوەی زیاتری شوناسی کەسەکان هەیە و بۆ ئەوەش داوای ژمارە تەلەفون دەکەن، بۆیە ئەگەر ئێوە بتانەوێت ئەکاونتێک بۆ بەکارهێنانی ئیمەیڵ "بۆ یەکجار" و بە شێوەی نادیار، لە ناو خزمەتگوزارییەکانی ئیمەیڵی خۆجێی دا بۆ خۆتان دروست بکەن، ئەوە لەگەڵ خۆیدا هەندێک کێشە دروست دەکات. سەرباری ئەوەش ئەو بەکارهێنەرانە، کەخزمەتگوزاریی ئیمەیڵی ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، دەتوانن ئاسانتر دێلتا چات بۆ ناردنی پەیامە بە کۆدکراوەکان لە سیستمی سەرتاسەری دا بە شێوەی پارێزراو بۆ دۆستان و ئاشناکانیان بەکار بهێنن.

# بەرنامەکانی تێپەڕاندن – بژاردەی سنووردار

لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا زۆربەی ڤی پی ئێنەکان و بەرنامەکانی تێپەڕاندن بێسوود دەبن. ڤی پی ئێنەکان بە شێوەی ئاسایی ئێوە لە ڕێگەی تۆڕە هەمیشەییەکانەوە بە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی جیهانیەوە کۆنکێت دەکەن. ئەوەش بەو واتایەیە، کە کاتێک پەیوەندیی لەگەڵ ئەو تۆڕانەدا ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە، پەیوەندیکردنی و کۆنێکتکردنی ڤی پی ئێنەکانیش تووشی کێشە دەبن.
لەوێڕا، کە ڤی پی ئێنەکان پێویستییان بە دەستڕاگەیشتن بە سێرڤەرە جیهانییەکان هەیە، ناتوانن هاوکارییەکی ئەوتۆی ئێوە بکەن، تەنانەت ئەگەر تۆڕی نیشتمانیی زانیارییش هەر لە کاردا بێت و ئۆنلانیش بێت.
تەنها بەرنامەیەکی تێپەڕاندن، کە بانگەشەی دەکرد لە گەلاڕێزانی ١٣٩٨ دا پەیوەندیی ئێرانییەکانی بە ئینتەرنێتی جیهانییەوە ڕاگرتووە، ئەپڵیکەیشنی "سایفۆن"ە. سایفۆن لە ڕێکار و ڕێوشوێنی جۆراوجۆر و جیاواز و خۆگونجێن کەڵک وەردەگرێت تاوەکو فیلتەرەکان تێپەڕێنێت. بەپێی ڕاپۆرتەکان توانیویەتیی لە درز و کەلێنەکانی ناو پرۆژەی جێبەجێکردنی بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران کەڵک وەربگرێت و پەیوەندیی بەشێک لە بەکارهێنەران لەگەڵ ئینتەرنێتی جیهانیدا ڕابگرێت.
هەڵبەت لەو حاڵەتەدا پەیوەندییەکە خێرایی کەمی هەبووە و نەدەکرا پشتی پێ ببەسترێت. هەروەها نابێت ئەوە لە بیر بکرێت، کە "سایفۆن" نادیارهێشتنەوەی و ونکردنی ناوی بەکارهێنەران و ئاشکرانەکردنی شوناس و ناسنامەیان دەستەبەر ناکات، کەواتە کاتێک دەتەوێت دەستت بە زانیاریی هەستیار ڕابگات، دەبێت بە خۆپارێزی و وریاییەوە ئەو ئەپڵیکەیشنە بەکاربهێنیت.



# Psiphon

Android | iOS | Windows | Android direct source

"سایفۆن" بەرنامەیەکە بۆ تێپەڕاندنی فلیتەر، کە لە تەکنەلۆژیای ڤی پی ئێن، ئێس ئێس ئێچ و ئێچ تی تی پی سوودی وەرگرتووە تاوەکو دەستڕاگەیشتنی بەبێ سانسۆر بە ناوەڕۆکی ئینتەرنێت بۆ ئێوە دەستەبەر بکات. ئەم ئەپڵیکەیشنە بە شێوەی ئۆتۆماتیک خاڵ و شوێنی دەستڕاگەیشتنی نوێ دەدۆزێتەوە تاوەکو توانایی تێپەڕاندنی فلیتەرەکان بۆ ئێوە زیاتر بکات.

## بەکارهێنانی ئاسان

کارکردن بە "سایفۆن" زۆر ئاسانە. تەنها پێویست دەکات، بەرنامەکە لە رێگەی یەکێک لە لینکەکانی سەرەوە لە ئامێرەکەی خۆت دا دانلۆد و دواتریش بەرنامەکە بخەیتە کار. دوای خستنەکاری بەرنامەکە، ئەپڵیکەیشنەکە دەکەیتەوە و لە "connect" دەدەیت تاوەکو "سایفۆن" لەسەر ئامێرەکەتان چالاک بێت.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

"سایفۆن" پێشینەیەکی درێژی لە تێپەڕاندنی سانسۆری ئینتەرنێت لە ئێران دا هەیە و هەر لەو پێناوەدا توانا و کارایی خۆی بۆ تێپەڕاندنی فلیتەر پاراستوە.

هەر چەند لە کاتی ڕوودانی کێشە لە ئینتەرنێت دا، یان لە کاتی بڕینی تەواوەتیی ئینتەرنێت دا لە توانایەکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام بەشێکی کەم لە بەرکاهێنەرانی "سایفۆن" ڕاپۆرتیان داوە، کە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت لە گەلاڕێزانی ١٣٩٨ دا دەستیان بە ناوەڕۆکی ئینتەرنێتی جیهانی گەیشتووە. بەپێی توێژینەوە وردەکانی خودی "سایفۆن"یش زانیاریی ئەو ڕاپۆرتانە پشتڕاستکراونەتەوە.

لە ڤێرژنی ٥٠ و بەرەوژوورتری ئەندرۆید بەرنامەی تێپەڕاندن و شکاندنی فیلتەر لەلایەن سایفۆنەوە، بژاردەی ناچالاککردنی ئەو بەرنامانەی بۆ فەراهەم کردوون، کە نەتانەوێت بە تونێلی سایفۆن دا تێپەڕن.


بەمشێوەیە دەتوانن ئەم فیلتەر شکێنە هۆشمەندانەتر و دیاریکراوانەتر بەکاربهێنن و ڕێگریش لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتی زیادە بکەن و بەوەش دەست بە ئینتەرنێتەکەتانەوە بگرن.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ئەگەر دەتانەوێت دەستتان بە زانیاریی هەستیار بگات و بڵاویان بکەنەوە، نابێت تەنها پشت بەم ئەپڵیکەیشنە ببەستن.

هەر چەند بەبەکارهێنانی "سایفۆن"، ISP ی ئێوە توانایی بینینی ئەو ناوەڕۆکەی نابێت، کە ئاڵۆگۆڕی پێدەکرێت، بەڵام ئەم ئەپڵیکەیشنە ڕێگری لەوە ناکات، کە مێژووی براوزەر و کوکییەکان لەسەر ئامێرەکەی ئێوە نەمێنن.

دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، "سایفۆن" بەشێک لە زانیارییەکان لە پەیوەند بە ناوچە، وڵات و چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەسەر براوزەرەکەی ئێوە و کات و مێژووەکەیان تۆمار دەکات. بەرنامەدانەرانی "سایفۆن" ئەو داتایانە کۆدەکەنەوە و شیکاریان دەکەن و دواتر دەیانسڕنەوە. شێوازی کاری "سایفۆن" لە پەیوەند لەگەڵ پاراستنی سنووری تایبەتی ئێوە بە زمانی فارسی لێرەدا لە بەردەستە، کە لەبارەی کۆکردنەوەی داتاکان و شێوەی هاوبەشیپێکردنیان لەگەڵ لایەنی سێیەم دا زانیاری و ڕوونکردنەوەی تیادا خراوەتەڕوو.



# پاکێجی بەرنامەکانی خامۆشی و کوژانەوەی تەواو

بڕینی ئینتەرنێت لە گەڵاڕێزانی ١٣٩٨ دا کارەسات بوو، بەڵام بۆ ڕووداوەکانی هاوشێوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا ڕروووبدات، ئەگەری ئەوە هەیە بە پەیوەندی و کۆنێکت لەگەڵ تۆڕی نیشتمانیی زانیاری دا بژاردەیەکی سنووردار بۆ دروستکردنی پەیوەندی بمێنێتەوە و دەرفەت و شانسێکی کەم بۆ بەرنامەکانی تێپەڕاندن دەڕەخسێنێت تاوەکو بکرێت دەستت بە ئینتەرنێتی جیهانی ڕابگات.
بەڵام کاتێک هەموو شتێک بە تەواوی دادەخرێت چ بژاردەیەکمان دەبێت؟
هەڵبژاردنەکان سنووردارن، بەڵام چەند بژاردەیەک هەیە. پاکێجی بەرنامەکانی خامۆشیی تەواو، پیاداچوونەوەیە بە چەند بەرنامەیەک دا، کە دەتوانن لە بڕینی پەیوەندیی تەواوەتی ئێوە لە کاتێکدا بکەن، کە هەم ئینتەرنێتی جیهانی و هەم ئینتەرنێتی نیشتمانی کوژاونەتەوە.

## وەرگرتنی یەکلایەنەی داتا و زانیارییەکان لە ڕێگەی سەتەلایەتەوە - پەیوەندییەکی زۆر گرنگ بە دونیای دەرەوە

ڕێنمایی و پێشنیازمان لێرەدا هاوشێوەی ڕێنمایەکانمانە لە بەشی پاکێجی بەرنامەی بڕینی ئینتەرنێت دا: خزمەتگوزاریی پەخشی سەتەلایتی "توشە" بە ئەگەرێکی زۆر باشترین دەرفەتە بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە فیلتەرنەکراوەکان، کە بە بەردەوامی ئابدەیتبوونتان بە دونیای دەرەوە دەستەبەر دەکات تاوەکو ئاگاداری هەواڵەکان بن و لە کاتی قەیرانیشدا ئاسایشی خۆتان بپارێزن.
لە کاتی کوژانەوەی تەواوەتی دا "توشە" جگە لە بەستەی ناوەرۆکی ئاسایی خۆی، ناوەرۆکێکی زیادکراویش بڵاودەکاتەوە، کە ئەو ناوەرۆکە بریتییە لە نوێکردنەوە و ئابدەیتکردن لەبارەی دۆخی ئینتەرنێتەوە، هەروەها هەموو جۆرەکانی ڕێنمایی لەبارەی ئەوەی، کە چۆن لە کاتی قەیراندا بە شێوەیەکی پارێزراو دەستتان بە زانیارییەکان بگات و لەگەڵ کەسانی تردا لە پەیوەندیدا بن، بۆ ئێوەی دەستەبەر کردووە.
ئەگەر لە کوژانەوە و خامۆشییەکی تەواو نیگەرانیت، دەبێت بە شێوەیەکی جدی گرنگی بە دابەزاندنی توشە بدەیت، چونکا کاتێک خامۆشیی تەواو ڕوودبات ئیتر درەنگ دەبێت.

# Tooshe

Android | Windows | Linux

تەکنەلۆژیای بەکارهاتو لە توشە ئەو توانایيە دەستەبەر دەکات، کە داتا و زانیارییە نا ڤیدیۆییەکان بکات بە پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی. داتاکان پۆلێنبەندی دەکرێن، لەسەر سێرڤەرێکدا دادەنرێن، لەلایەن مانگە دەستکردەکەی بەردەستتانەوە بڵاودەکرێتەوە و دواتر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە تۆمار دەکرێن و کۆدەکانی دەکرێتەوە و دەبینرێت. ئەو کارە ڕێگا بە بەکارهێنەران دەدات تاوەکو لە کاتی بڕینی کاتی، یان تەواوەتیی ئینتەرنێت دا، دەستیان بە هەواڵەکان، زانیاری و ئەو سەرچاوانە ڕابگات، کە لە دەرەوەی وڵات دەنێردرێن.

## بەکارهێنانی ئاسان

"فلاشێکی یو ئێس بی درایڤ"ی سادە، کە دەخرێتە سەر دەزگای ریسیڤەرەکەتان، زانیارییەکان تۆمار دەکات، دواتر بەکارهێنەر فلاش درایڤەکە بە مۆبایل یان کۆمپیوتەرەوە دەبەستێتەوە و لە ڕێگەی بەرنامەی کردنەوەی کۆدەکان و سەیرکردنی فایلەکانی "توشە"وە ناوەرۆکەکەی وەک خۆی دەبینێت.

ئەپڵیکەیشنی توشە لە گەلاوێژی ١٤٠١ەوە لەسەر سیستمی لینۆکس-یشدا خراوەتە کار.

دەتوانیت ڕێنمایی دابەزاندن و کارپێکردنی ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ کردنەوەی کۆدەکان و بینینی فایلەکان لە ماڵپەڕی "توشە" دا بدۆزیتەوە، کە لەسەرەوە لینکەکەی دانراوە.

هەروەها دەتوانیت داتا و زانیارییەکانی توشە لە ڕێگەی مانگی دەستکردی، یاه سات | فریکوێنسی ١١٧٦٦ | سیمبول ڕایتی: ٢٧٥٠٠ | پۆلاریزاسیۆن: ئەستونی، وەربگرن.

## باشییەکان و تایبەتمەندییەکان

هەر کاتێک لە ئێران کێشەیەک لە ئینتەرنێت دا دروست ببێت، "توشە" پاکێج و بەستەیەکی ڕۆژانە پێشکەش دەکات، کە بریتییە لە بەرنامەکانی "پرۆکسی"، ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندنی باو (لەگەڵ ئابدەیتکراوەکەیدا)، ڕاهێنانی ئاسایشی دیجیتاڵ، ئەپڵیکەیشنەکانی هاوبەشیپێکردنی فایلەکان، بەرنامەکانی سنووری تایبەتی و پاکێج و بەستەکانی تایبەت بە خۆپیشاندانەکان.

تەکنەلۆژیای بڵاوکردەنەوە لە ڕێگەی سەتەلایتەوە بۆ داتا و زانیارییەکانی "توشە" توانایی ئەوەی هەیە، کە زانیارییەکان نەک تەنها بە شێوەی ڤیدیۆ، بەڵکو لە فۆرمات و چوارچێوە جۆراجۆرەکاندا بڵاوبکاتەوە. پی دی ئێف، جەی پەگ، ئێچ تی ام ئێڵ، ئێم پی سری، یان هەر فۆرمات و چوارچێوەیەکی دیکەدا بڵاوبکاتەوە، کاتێک بەکارهێنەر تۆڕێکی سەتەلایەت تۆمار دەکات، ئەوانە کۆدەکرێنەوە.

تەکنەلۆژیای "توشە" بە شێوەی دروستکردنی پەیوەندیی یەکلایەنە و بەشێوەیەکی پارێزراو و بەبێ بڵاوکردنەوە، یان ئاشکراکردنی ناو و ناسنامەی کەسەکان کار دەکات. لەوێڕا، کە زانیارییەکان بەهەمان شێوەی تەلەفزیۆنە سەتەلایتییەکان بڵاودەکرێنەوە و لەلایەن وەرگرەوە وەردەگیرێت، ئەو ناوەرۆکەی، کە بەکارهێنەران مەبەستیيانە، چاودێری ناکرێت و زانیاریی کەسیی بەکارهێنەرەکان هەرگیز کۆناکرێتەوە، یان هاوبەشیی پێناکرێت.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

ناتوانیت "توشە" بەپێی خواستی خۆت بۆ گەڕان بە ناو ئینتەرنێت دا بەکار بهێنیت، تەنها ڕێگای ئەوەتان پێ دەدرێت، ئەوناوەرۆکە، کە توشە کۆیکردووەتەوە و پەخشی دەکات، دانلۆد بکەن.


لەوێڕا، کە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی یەکلایەنە ئەنجام دەدرێت، ناتوانیت توشە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، یان ناردنی فایل بۆ دەرەوەی وڵات بەکار بهێنیت. بەکارهێنانی توشە بە زۆری بۆ دەستڕاگەیشتنە بە زانیارییە بنەڕەتی و گرنگەکان لە کاتی ڕووداني قەیرانەکاندا.

# ئەپڵیکەیشنەکانی ناردن و گەیاندن – دروستکردنی پەیوەندی لە کاتی کوژانەوە و خامۆشی دا

ئەگەر تۆڕی نیشتمانیی زانیارییەکان لە کار بکەوێت، ئیدی هەموو جۆرە بژاردەکانی وەک "جەیمی"، کە دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی تۆری نیشتمانییەوە فەراهەم دەکات، کاراییان نامێنێت.

لەو بارودۆخەدا باشترین بژاردە، کە بتوانیت سوود لە تۆڕە خۆجێیەکانی وای فای وەربگریت کارکردنە بە "برایر" – هەڵبەتە بۆ ئەو مەبەستە ئێوە و ئەو کەسەی، کە دەتانەوێت پەیوەندیی لەگەڵ دروست بکەن، دەبێت هەردوکتان لەسەر تۆڕێکی هاوبەش دا بن. ئەم شێوازە دەتوانێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی فایلە دەنگی و ڤیدیۆییەکان لە نێوان دوو ئامێردا بەکار بهێنرێت، بەڵام بە ئەگەری زۆر، ئەو کەسە، کە بەو ڕادەیە لە ئێوە نزیک بێت، ئەوا دەتوانن ڕاستەوخۆ خۆی ببینن.

ئەم بەرنامەیە دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی بلوتوس-یشەوە دەستەبەر دەکات، بەڵام مەترسی و کەلێنی ئەمنی لە دروستکردنی پەیوەندیی لە ڕێگەی بلوتوسەوە هەیە، ئەم بەرنامەیە بۆ کاتێکە، کە ئێوە لە نێو ئاپۆرای خەڵکدان و بەڕاستی پێویستتان بەوەیە، کە لەگەڵ دۆستان و هاوڕێیانی نزیکتان لە پەیوەندیدا بن، ئەوە دەتوانێت سوودی بۆ ئێوە هەبێت. بلوتوسەکەتان چالاک نەکەن، تەنها کاتێک نەبێت، کە لەو بڕوایەدا بن ئەوە دەهێنێت ئەو مەترسییە بدەنە بەرخۆتان.



# Briar

Android | F-Droid app

"برایر" ئەپڵیکەیشنێکە بۆ ناردن و گەیاندنی پەیامەکان، کە بۆ بەکارهێنانی چالاکوانان، رۆژنامەنووسان و هەموو کەسێکی دیکە، کە پێویستییان بە دروستکردنی پەیوەندی لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا هەبێت، بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە. بە پێچەوانەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی باو، "برایر" پشتبەستووە نییە بە سێرڤەرێکی ناوەندییەوە، پەیامەکان بە سوودوەرگرتن لە تۆڕێکی ڕایەڵەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئامێرەکانی بەکارهێنەران دا هاوکات کراو، یان هەمان synchronized دەبن.

## بەکارهێنانی ئاسان

بەکارهێنەران دەتوانن "برایر" بۆ ئەندرۆید لە پلەی ستۆر گۆگڵ، F-Droid یان، لە ماڵپەڕی برایر-ەوە دانلۆد بکەن.

## باشی و تایبەتمەندییەکانی

"برایر" دەتوانێت بە شێوەیەکی دڵنیابەخش کار بکات بۆ هاوبەشیکردنی پەیامە گرنگەکان لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە متمانەت پێیان هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا ڕێگاتان پێ دەدات تاوەکو هاوبەشی بە داتا و زانیارییەکانت لەگەڵ لیستی بەردەنگەکان (کانتێکت)تەکانتدا بە شێوەیەکی پارێزراوبکەیت. هەڵبەت پێویستتان بەوە دەبێت، کە کەسی وەرگر لە سنووری بلوتوس، یان لەسەر تۆڕی وای فای هاوبەش دا بێت.

جگە لە تواناکانی گفتوگۆکردنی سەرتاسەری، تایبەتی و گرووپی، "برایر" ئەو توانایی و دەرفەتەش بە ئێوە دەدات، تاوەکوژووری گفتوگۆ و بلاگ دروست بکەن، کە دروستکردنی پەیوەندیتان لەگەڵ چەندین گرووپی جۆراوجۆر و جیاوازدا بۆ مەیسەر دەکات، تەنات لە کاتی بڕینی ئینتەرێنتیشدا توانایی هاوبەشیکردن و نوێکردنەوە و ئابدەیتی هەیە.

ژوورەکانی گفتوگۆ، گفتوگۆی تایبەت نین، بە پێچەوانەی گروپە تایبەتەکانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەشدارییان تیادا بکات و دەتوانێت بەردەنگەکانی خۆی بانگهێشتی ژوورەکە بکات. هاوکات بلاگەکان دەرفەتی پۆستکردن و هاوبەشیکردن و بلاوکردنەوەی هەواڵ و ئابدەیتەکان بۆ هەموو بەردەنگەکانت فەراهەم دەکەن.

"برایر" هەروەها بە ئەپڵیکەیشنی "دوگمەی هۆشدار" Ripple تەیار کراوە، کە دەتوانێت برایر بشارێتەوە، یان لە کاتێکدا، کە نیگەرانی ئەوە بیت، کە ئەژمارەکەت لە ژێر چاودێریدایە، یان دەستی بەسەردا گیراوە، دەتوانێت خۆی بە شێوەیەک پۆلێنبەندی بکات، کە ئەژمارەکە و مێژووی پەیامەکان بسڕێتەوە.

## مەترسییەکان و ئەوەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەنجامی نادات

هەڵبەت ئەم ئەپڵیکەیشنە هەندێک کێشەشی هەیە. هەندێک ڕاپۆرت لەبارەی کێشەی دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی بلوتوسەوە لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا بە دەستمان گەیشتوە، بەڵام گروپی "برایر" سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەن.

لە کاتی بڕینی ئینتەرنێت دا، ئەم ئەپڵیکەیشنە تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت کارایی هەبێت، کە بەکارهێنەرانی لە سنووری بلوتوس و وای فای یەکتردا بن.

کێشەیەکی دیکەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئەوەیە، کە تاوەکو ژمارەیەکی زۆر لە کەسکان دەست بە بەکارهێنانی "برایر" نەکەن، ناتوانێت لە کاتی بڕینی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دا هەموو تواناییەکانی خۆی بخاتەکار و کاریگەر بێت. بۆ ئەوەی "برایر" بتوانێت ببێت بە ئەپڵیکەیشنێکی ناردن و گەیاندنی بەهێزی پەیامەکان و بکرێتە شوێنگرەوەی ئەپڵیکەیشنەکانی تری ناردن و گەیاندنی پەیام، دەبێت ژمارەیەکی بەرفراوان لە بەکارهێنەران کاری پێ بکەن.

## بەرنامەی تێپەڕاندن – بنبەستێک

ئەگەر تۆڕی نیشتمانیی زانیارییەکان بە شێوەیەکی تەواو بپچڕێت، زۆر قورسە، کە بەرنامەکانی تێپەڕاندنی وەک "سایفۆن" بتوانن ڕێگایەک بۆ پەیوەندیکردن بە ئینتەرنێتی جیهانییەوە بدۆزنەوە، کەواتە نابێت بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی ئەوە لەم ئەپڵیکەیشنانە بکەن، کە لە کاتی پچڕان و کواژنەوەی تەواودا کار بکەن.

لە بەرامبەردا پێشنیاز دەکەین، کە لە "توشە" (کە لەسەرەوە ڕوونمان کردوەتەوە) وەک دواین ڕێگا چارە بەکار بهێنن تاوەکو لە کاتی خامۆشیی تەواودا دەستتان بە زانیارییەکانی دەرەوەی وڵات ڕابگات.



filterbaan

filter.watch

به هاوبەشیکردن و بڵاوکردنەوەی شێوەی
کارکردن و توانایی ئەم بەرنامانە بۆ کاتی
خامۆشی و پچڕانی ئینتەرنێت، ببنە هاوکار و
یارمەتیدەری ئێمە لە گەیاندن و دەستڕاگەیشتنی
بەکارهێنەرانی دیکەی ئێران بەم زانیارییانە



Filter_Watch

www.Irandarkhamooshi.net

ایران در خاموشی